WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20 31ی نەورۆزی 2715 (750) دینار

## 1600 دۆنم زەوی دەدرێتەوە
## بە شێخ جەعفەری کۆنە پارێزگار



**ڕووداو- سلێمانی**

دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بەگەڕاندنەوەی زیاتر لە 1600 دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە نزیک ناوچەی تاسڵوجە بۆ شێخ جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی، پارێزگاری سلێمانی لە سەردەمی ڕژێمی بەعس.

بەگوێرەی بڕیارەکەی دادگا، ڕووبەرێکی فراوانی زەوی بۆ شێخ جەعفەر ء براکانی دەگەڕێتەوە کە پێنج گوندی ناوچەکە لەخۆدەگرن: (تەپەڕەش، کانی جنەی سەروو ء خواروو، کەنەکەوە ء ئیسکان). بەڵام ئەو زەویانە ئێستا بە دەست 200 جوتیارەوەن کە بە گرێبەست لە وەزارەتی کشتوکاڵیان وەرگرتووە.

شێخ جەعفەر لە ساڵانی هەشتاکاندا پارێزگاری سلێمانی بووە و تۆمەتبارە بە گوللەبارانکردن و بێسەروشوێنکردنی دەیان گەنجی سلێمانی و دەوروبەری، لەگەڵ ڕاپەڕینی بەهاری 1991 چووە بەغدا و ساڵی 2003 کە ڕژێمی عێراق ڕووخا، ڕووی لە شوێنێکی نادیاری دەرەوەی وڵات کرد و تائێستاش نازانرێ لەکوێیە.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان گەڕانەوەی ئەو زەوییانە بە "خیانەت و سووکایەتیکردن بەخوێنی شەهیدان" ناودەبات.

2 «

"بەرپرسێکی یەبەشە لە سلێمانی سزای لە سێدارەدانی لەسەرە"

4



دڵشاد گەرمیانی:

عەلی باپیر بەدیلی نییە

9

یەکێتی پرۆژە دەستوورێکی نیمچە سەرۆکایەتی و پەرلەمانی ئامادە دەکات


3

نەوشیروان مستەفا ڕازی بووە

# یەکێتی و گۆڕان نەخشەڕێگای یەکگرتنەوە دادەنێن

3 «





پۆستی کاسۆلیکی

22

(ڕووداو) زانیاری لەبارەی 60 کوردی کوژراوی نێو داعش بڵاودەکاتەوە

7



ژنان داوای هاوسەرۆکایەتی دەکەن

14

رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20





### بەرکەوتەیەکی دیکەی چەکی کیمیایی گیانی لەدەستدا

**رووداو- هەڵەبجە**

ئاراس عابید جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2015/4/19 حاجی مەحموود محەممەد کە بەرکەوتەیەکی چەکی کیمیایی بوو گیانی لەدەستدا. ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو هاووڵاتییە چەند ساڵێک لەمەوبەریش چاوەکانی لەدەستداء تووشی نەخۆشی سنگیش ببوو. بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لە ساڵی 2003وە تاوەکو ئێستا 84 بەرکەوتەی چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستداوە و 251 بەرکەوتەی دیکەی چەکی کیمیایی لە کوردستان هەن.

# لەسلێمانی 1600 دۆنم زەوی دەدرێتەوە بە شێخ جەعفەری کۆنە پارێزگار

## پەرلەمانتارێک: ئەوە خیانەت و سووکایەتیە بەخوێنی شەهیدان

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بەگەڕاندنەوەی زیاتر لە 1600 دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە نزیک ناوچەی تاسلۆجە بۆ شێخ جەعفەرعەبدولکەریم بەرزنجی، پارێزگاری سلێمانی لە سەردەمی رژێمی بەعسدا. پەرلەمانتارێکیش ئەوە بە "خیانەت" وەسف دەکات.

بەگوێرەی بڕیارەکەی دادگای تەمیز، رووبەرێکی فراوانی زەوی بۆ شێخ جەعفەر و براکانی دەگەڕێتەوە کە پێنج گوندی ناوچەکە لەخۆدەگرن: (تەپەڕەش، کانی جنەی سەروو و خواروو، کەنەکەوە و ئیسکان). بەڵام ئەو زەویانە ئێستا بە دەست 200 جوتیارەوەن کە بە گرێبەست لە وەزارەتی کشتوکاڵیان وەرگرتووە.

شێخ جەعفەر بەرزنجی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پارێزگاری سلێمانی بووە و تۆمەتبارە بە گوللەبارانکردن و بێسەروشوێنکردنی دەیان گەنجی سلێمانی و دەوروبەری، بۆیە لەگەڵ راپەڕینی بەهاری 1991 چووە بەغدا و ساڵی 2003 کە رژێمی عێراق رووخا، رووی لە شوێنێکی نادیاری دەرەوەی وڵات کرد و تائێستاش نازانرێ لەکوێیە.

### چۆن دراون بە شێخ جەعفەر؟

لەسەردەمی رژێمی بەعسدا شێخ جەعفەر و پێنج برای، خاوەنی موڵکێکی زۆر بوون لە ناوچەی قادرکەرەمی سەر بە پارێزگای کەرکووک. حکومەتی عێراق پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە 276ی ساڵی 1973 کە پێیدەگوترێ بڕیاری (گۆڕینەوەی زەوی)، لەبری زەوییەکانیان لەناوچەی قادر کەرەم، زیاتر لە 1600 دۆنمی لە گوندەکانی نزیک ناوچەی تاسلۆجە کە موڵکی وەزارەتی دارایی بوون، پێداونەتەوە، بەڵام هەر بەپێی ئەو بڕیارە، پێویستە 2 مەرج بۆ گۆڕینەوەکە هەبێت: یەکەم، لەسەر داوای فەرمانگەیەکی حکومی. دووەم، بۆ بەرژەوەندیی گشتی بێت، بەڵام بەگوتەی فریاد خدر، لێپرسراوی بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی "هیچ یەکێک لەو مەرجانە لە گۆڕینەوەی ئەو کاتەی زەوییەکاندا نەبووە و زیاتر بەهۆی پێگەی سیاسییەوە بۆ شێخ جەعفەر و براکانی کراوە".

### بڕیاری گۆڕینەوەکە راگیراوە

بەپێی دوو بەڵگەنامە کە دەست (رووداو) کەوتوون، یەکەمیان بە ژمارە (10-2655 لە 1992/11/15) کە لەلایەن قادر عەزیز، وەزیری ئەوکاتی کشتوکاڵ و ئاودێری دەرچووە و، دووەمیان کۆسرەت رەسوڵ سەرۆکی ئەوکاتی حکومەت بە ژمارە (140 لە 19ی ئاداری 1996) دەریکردووە، بڕیاریانداوە بەهەڵوەشانەوەی ئەو گۆڕینەوەیە و گەڕانەوەی زەوییەکانی قادر کەرەم بۆ شێخ جەعفەر و براکانی، بەڵام وەک فریاد خدر ئاماژەی پێدا "هەر بڕیارێک کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێ پێویستە لە وەقایعی رەسمیدا بڵاوبکرێتە وە، بەڵام ئەو کاتە وەقایع نەبووە، بۆیە هەڵوەشانەوەی هەردوو بڕیارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی گۆڕینەوەی زەوییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سلێمانی و کشتوکاڵی سلێمانی جێبەجێکراوە و بەگرێبەستی کشتوکاڵی دراوەتەوە بە جوتیارەکان".

### دادگا لە بەرژەوەندیی شێخ جەعفەر بڕیار دەدات

ساڵی 2012، براکانی شێخ جەعفەر لە رێگەی دادگای بەرایی سلێمانی (تانە)یان داوە لە بڕیارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داوای زەوییەکانی نزیک تاسلۆجەیان کردووەتەوە، بەڵام داواکەیان لەلایەن دادگای بەرایی و دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی رەتکراوەتەوە. دووبارە تانەیان لە بڕیارەکە داوەتەوە و دواجار ساڵی رابردوو دادگای تەمیز بڕیارەکەی لە بەرژەوەندی شێخ جەعفەر و براکانی دەرکردووە.

فریاد خدر گوتی "ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سلێمانی ئەو زەوییانە بەنێوی شێخ جەعفەر و براکانیەتی، بەڵام ئەو زەوییانە بەپێی یاسا بەشێوەی گرێبەست جوتیارەکان کاری لەسەر دەکەن". گوتیشی "دادپەروەریی لەگەڕانەوەی ئەو زەوییانە بۆ ماڵی شێخ جەعفەر نابینم، پێویستە ئەوانیش قەرەبووی ئەو جوتیارانە بکەنەوە کە باخ و خانوو و بیریان تێدا دروستکردووە".

### "ئەوە خیانەتە"

پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 بە بڕیاری ژمارە 7 و ساڵی 2004یش بە بڕیاری ژمارە 55 رێگەی داوە بەو بەعسییانەی دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا گیرابوو، وەریبگرنەوە، بەڵام لەم خولەی پەرلەماندا و بە بڕیاری (ژمارە 16) کە لە 17ی تەمموزی 2014 دەرچووە، کارکردن بەو دوو بڕیارەی پێشتر راگیراوە.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە گرفتێکی بڕیارەکەی خولی چوارەم ئەوەیە ئەسەری رەجعی نییە، واتە لە رۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێ، ئەگەر وا نەبووایە نەدەتوانرا ئەو زەوییانە بۆ شێخ جەعفەر بگەڕێندرێتەوە.





هەڵەدنی کە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووشە، لەڕووی سیاسییەوە گەڕانەوەی ئەو زەوییانە بۆ شێخ جەعفەر بە خیانەت ناودەبات "ئەوە سووکایەتیکردن و خیانەتێکی گەورەیە بەخوێنی شەهیدان، بەتایبەتیش کەسێکی وەکو شێخ جەعفەر کە دەستی سوورە بەخوێنی رۆڵەکانمان".

### جوتیارەکان: چۆڵی ناکەین

جوتیاران و ئەنجوومەنی ئەو گوندانەی زەوییەکانیان دراونەتەوە بەشێخ جەعفەر، بێئاگایی خۆیان لەو بڕیارەی دادگا دەربڕی و جەختیشیان کردەوە کە ئامادەنین بەهیچ شێوەیەک شوێنەکانیان چۆڵ بکەن.

سابیر حەمەئەمین دانیشتوویەکی گوندی تەپەڕەشە کە 20 دۆنم زەوی هەیە، گوتی ئامادە نین ئەو زەوییانە بگێڕنەوە "ئێمە ماڵی ئەوانمان داگیر نەکردووە، بەڵکو ئەوان زەوی ئێمەیان داگیر کردووە و چۆڵی ناکەین".

هەروەها کامیل عەلی ئەنجوومەنی گوندی (کانی جنەی خواروو) گوتی، هیچ جوتیارێک ئامادە نییە ئەو زەوییانە چۆڵ بکات، چونکە بژێویی ژیانیان لەسەر ئەو زەوییانەیە، کامیل گوتی "ئەو زەوییانە بەگرێبەستی کشتوکاڵی دراوە بەجوتیاران و ساڵانەش پارە دەدەین، بۆیە دڵنیایان دەکەینەوە کە بەهیچ شێوەیەک زەوی چۆڵ ناکرێ و بەدڵنیاییشەوە کێشەی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە".

## کامێرای چاودێری و تۆماری نمرەی قوتابخانەیەکی ئاینی دەدزرێن



**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- قەڵادزێ**

لە خوێندنگای ئاینیی پشدەر لە قەڵادزێ لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تۆماری نمرەی خوێندکارانی خوێندنگاکە و ئەو کامێرا چاودێرییەی کە لەبەر بێ پاسەوانی بۆ خوێندنگاکە دانرابوو، دزران. پۆلیس دۆسیەی بۆ ئەو رووداوە کردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس دەستگیر نەکراوە.

دزەکە تەنیا نامەیەکی لە دوای خۆی جێهێشتووە و داوای لە مامۆستاکان کردووە، قوتابخانەکە چۆڵ بکەن، پێشتریش لەسەر دیواری قوتابخانەکە جنێو بۆ مامۆستاکان نووسرابوو.

غەریب ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەوقافی راپەڕین لەبارەی دزینی کەلوپەلەکانی ئەم خوێندنگایە بە (رووداو)ی گوت "سەرەوی خۆمان لە رووداوەکە ئاگادار کردەوە و ئەوانیش رایانسپاردین کە لە دادگا سکاڵا تۆمار بکەین و ئێستا سکاڵامان تۆمار کردووە و چاوەڕوانی تەواوبوونی لێکۆڵینەوەین بۆ ئەوەی دزەکان بدۆزرێنەوە و دەستگیر بکرێن".

دەگوترێت ئەو کەسەی کەلوپەلەکانی ئەو خوێندنگایەی بردووە نامەیەکی لەسەر مێزی ئیدارەی خوێندنگاکە جێهێشتووە و پەیامێکی بۆ ئەو مامۆستا ئەکادیمیانە تێدا نووسیوە کە لەو ناوەندەی خوێندن وانە دەڵێنەوە و داوای چۆڵکردنی خوێندنگاکەی لێکردوون. هەروەها پێشتریش لەسەر دیواری خوێندنگاکە جنێو بۆ ئەو مامۆستایانە نووسرابوو. جگە لەوەش بە نامەی مۆبایل هەڕەشە لە مامۆستاکان کراوە.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو) لەو خوێندنگایە لە نێوان مامۆستایانی ئەکادیمی و مەلاکان ناکۆکی هەیە، بەڵام بەڕێوەبەری ئەوقافی راپەڕین دەڵێت "ئەگەر لە نێوان مامۆستاکان ناکۆکیش هەبێت، ئەمە نابێتە هۆکاری ئەوەی دزی لەو خوێندنگایە بکرێت و ناکۆکییەکان تێکەڵ بە کاروباری کارگێڕیی خوێندنگاکە بکرێ".

مستەفا محەممەد گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین لەبارەی ئەو رووداوە تەنیا گوتی "لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەم دزییە دەکرێت و کەس دەستگیر نەکراوە. لە خوێندنگاکە کامێرای چاودێری و تۆماری نمرەی خوێندکاران لە ساڵی 1995 تاوەکو 2014 دزراون".

ناوەندەکانی خوێندنی ئاینی لە باشووری کوردستان سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بوون، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا سەرجەمیان بخرێنە سەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا. هەرچەندە ئەم هەواڵە بە دڵی بەشێکی زۆری قوتابیانە، بەڵام بەشێکی زۆری مامۆستایان گواستنەوەیان بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە رەتدەکەنەوە.

(رووداو) هەوڵی دا لەسەر دزینی ئەو کەلوپەلانە و ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی بۆ مامۆستاکان جێهێشتراوە گوتەی مامۆستاکانی خوێندنگاکە وەربگرێت، بەڵام بەڕێوەبەری خوێندنگاکە سەرجەم مامۆستاکانی ئاگادار کردووەتەوە کە نابێ قسە لەسەر ئەو رووداوە بکەن".

زێڕەکە دەدزرێت

## لە ئاکرێ زێڕ لە ژێر زەوی دەدۆزرێتەوە

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

لە گوندێکی ئاکرێ، چەند کەسێک بڕێک زێڕ لە گردێک دەدۆزنەوە و دەیبەن، پۆلیسیش هەشت کەس لەسەر ئەو زێڕە دەستگیر دەکات و لە دادگا دۆسیەیان بۆ دەکاتەوە.

مزگین فەرەج، موختاری گوندی عومەر خۆشانی سەر بە ناحیەی گردەسێن لە نزیک ئاکرێ بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی هەینی رابردوو چەند گەنجێکی گوندەکەیان بە پاچ و خاکەناس سەرقاڵی هەڵکۆڵینی گردێکی شوێنەواری بوون بەناوی گرکێ قاسۆ، بڕێک زێڕ و چەند شوێنەوارێکیان دەرهێنابوو، بەڵام دواتر لە لایەن ئاسایشەوە دەستگیرکران".

هیوا شیمال، بەرپرسی بنکەی شوێنەواری ئاکرێ هەواڵی دۆزینەوە و دزینی زێڕەکەی پشتڕاستکردەوە و بە (رووداو)ی گوت "شەش پارچە زێڕ کە بریتی بوون لە (خەزێم، ملوانکە و گوارە) و چەند مسقاڵێک دەبوون، لەژێر ئەو گردە دۆزرابوونەوە و بردرابوون، بەڵام ئێمە ئاسایشمان ئاگادارکردەوە و ئاسایشیش دەستگیریان کردن".

جگە لەو برە زێڕە، بەرپرسی بنکەی شوێنەواری ئاکرێ ئاشکرای کرد کە چەندین ئێسک و پروسکی مرۆڤ و چەند پارچە شوێنەوارێکی دیکەشیان لە ژێر گردەکە دەرهێنابوو، بە مەزەندەی ئێمە پارچە شوێنەوارەکان و ئێسکەکانیش هی جولەکەکانن، چونکە هەندێک لە جولەکەکان لە کاتی مردنیان زێڕ و کەلوپەلیان لەگەڵ شاردراوەتەوە. مێژووی ئەو گۆڕانەش بۆ 1000 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

بەپێی ماددەی 55 لە یاسای پاراستنی شوێنەواری ساڵی 2002، هەر کەسێک شوێنەوار تێکبدات یان بیبات، بەپێی ئەو زیانانەی بە ناوچەکەی گەیاندوون سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە 10 ساڵ زیاتر نەبێت.

بەرپرسی بنکەی شوێنەواری ئاکرێ دەڵێت "بڕیار بڕیاری دادگایە، بەڵام ئەو گەنجانە زیانێکی زۆریان بەو شوێنەوارە گەیاندووە".

پارچە زێڕەکان زۆر خاوێن دیارن. بەرپرسی بنکەی شوێنەواری ئاکرێ دەڵێت "دیارە لە نێو گۆزەدا بوون و پارێزراون بۆیە وا خاوێن دیارن".





رووداو
راپۆرت
ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20

## یەکێتی پێشنیازی زیادکردنی وەزیرێک دەکات

**رووداو- هەولێر**

عەتا سەراوی، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکەیان کە رۆژی 2015/4/19 بەڕێوەچوو، سەعدی ئەحمەد پیرە بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی باسی لەوە کردووە، کە حیزبەکەی پێشنیازی زیادکردنی وەزارەتێکی نوێی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەویش وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری دەرەوە "چونکە پەیوەندییەکانی حکومەت زۆر فراوان بووە و پێویستی بە وەزارەتێکە نەک فەرمانگەیەک". بەگوتەی عەتا سەراوی، پارتی ئەو پێشنیازەی لا پەسەند بووە.

### نەوشیروان مستەفا رازی بووە

# یەکێتی و گۆڕان نەخشەرێگای یەکگرتنەوەیان داناوە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:
## ئەگەر یەکێتی و گۆڕان یەکبگرنەوە ئەوە لەبەر پارتییە

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی:
## هاوکارییان دەکەین و ئەوە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە

گۆڕان:
## یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتی مومکینە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئاشکرای دەکات کە بۆ "یەکگرتنەوە"ی یەکێتی و گۆڕان "نەخشە رێگا دادەنرێ و کاک نەوشیروانیش لەسەر ئەمە رازی بووە". ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش دەڵێ ئەگەر حیزبەکەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان یەکبگرنەوە، ئەوە لەبەر پارتییە. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ یەکگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە مەترسی لەسەر پارتی نییە و بگرە هاوکارییان دەکەن بۆ یەکگرتنەوە.

### نەخشەرێگاکە چییە؟

بابەتی یەکگرتن و نزیکبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی هێندەی مەسەلەی دەستوور و ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەرمە، یەکێتیش بۆ ئەو مەبەستە لێژنەیەکی پێکهێناوە.

(رووداو) لە رێگەی چەند سەرچاوەیەکی نێو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە زانیویەتی کە لێژنەیەکی باڵا پێکهاتووە بۆ نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئاگاداری کاری لێژنەکەیە، ناوی ئەندامانی ئەو لێژنەیەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "هەر یەک لە کاک عیماد ئەحمەد، ئەرسەلان بایز، دلێری سەید مەجید ئەندامی لێژنەکەن".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەوەشیگوت کە "لێژنەکە بەتەنیا لەگەڵ هەر یەک لە نەوشیروان مستەفا و هێرۆخان کۆبوونەتەوە". ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی وەڵامی نەوشیروان مستەفای کرد بۆ لێژنەکە و گوتی "کاک نەوشیروان بە ئەندامانی لێژنەکەی گوتبوو، لەم بارودۆخەدا بەتایبەتی کە نێوخۆی یەکێتی جێگیر نییە، ناتوانین بەم دەمودەستە یەکبگرین، بەڵام دەکرێ نەخشەرێگایەک دابنێین بۆ یەکگرتنی هەردوولا".

دەربارەی هەنگاوەکانی یەکەمی ئەو نەخشەرێگایە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ "ئێستا هەوڵێک هەیە لە فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان و عێراقەوە دەستپێبکرێ، بەتایبەت هەردوولا یەک هەڵوێستیان هەبێ لە یەکلاکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە دەبێ لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ و هەردوولاش لەسەر ئەمە کۆکن".

### لەسەر حیسابی پارتی نییە

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی رەتیکردەوە یەکگرتنەوەیان لەسەر حیسابی پارتی بێت و گوتی "لەبەر ئەوەی یەکێتی کێشەی سەرکردەی هەیە، بۆیە ناچارین پەنا بۆ کاک نەوشیروان ببەین. کاک نەوشیروانیش گوتوویەتی لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی قسە دەکەم، بۆ ئەوەی ئەویش وێنەی هەنگاوەکانی لەبەرچاوبن و ئەم نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان لەسەر حیسابی پارتی نییە".

### نەوشیروان مستەفا مەرجی هەیە

نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی حیزبەکەی لەگەڵ یەکێتی یەکبگرێ مەرجی هەیە. (رووداو) لە سەرچاوەیەکی نزیک لە نەوشیروان مستەفاوە زانیویەتی کە مەرجەکانی ئەمانەن "نابێ هەندێ لە سەرکردەکانی یەکێتی لە سەرکردایەتی بمێنن، لەوانەش کۆسرەت رەسوڵ، حاکم قادر، عومەر فەتاح و مەلا بەختیار، چونکە کاتی خۆشی کە کاک نەوشیران لەنێو یەکێتیدا بوو دژی ئەمانە بوو، بەڵام بەردەوام مام جەلال بەرگری لەو کەسانە دەکرد".

ئەم مەرجانەی نەوشیروان مستەفا گەیشتوونەتەوە لای هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە ئێستا یەکێکە لەو سەرکردانەی بریار بە نێوی یەکێتییەوە دەدات.

نەوشیروان مستەفا لە 25/7/2009 بزووتنەوەی گۆڕانی دروستکرد و بەفەرمی جیابوونەوەی خۆی لە یەکێتی راگەیاند.

### "ئەگەر یەکبگرنەوە لەبەر پارتییە"

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی حەزی خۆی بۆ یەکگرتنی گۆڕان و یەکێتی ناشارێتەوە و بە (رووداو)ی گوت "خۆزگە دەخوازم یەکبگرن... ئەگەر گۆڕان و یەکێتی یەکبگرن ئەوا لەبەر پارتی یەکدەگرن". سەعدی پیرە هەروەها دەڵێ "پارتی هەندێ گومانی لا دروست بووە لەسەر مەسەلەی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان، بەڵام پێویست بە گومان ناکات".

### "مەترسی لەسەر پارتی نییە"

پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان هیچ مەترسییەکی بۆ سەر ئەوان نییە. عەلی عەونی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ "بە یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان کاری پارتی ئاسانتر دەبێ، لەجیاتی ئەوەی بۆ هەر شتێک قسە لەگەڵ دوو حیزب بکات، ئەوکات لەگەڵ یەک حیزب دەیکات".

عەلی عەونی ئەوەشیگوت "پارتی هاوکاریی گۆڕان و یەکێتی دەکات بۆ ئەوە، کاتی خۆی سەرۆک بارزانی زۆریشی هەوڵدا یەکێتی پەرت نەبێ و سەردانی سلێمانیشی کرد، بەڵام خۆیان بڕیاریاندا ببن بە دوو حیزب".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پەرلەمان 18 کورسی، بزووتنەوەی گۆڕان 24 کورسی، پارتیش بە تەنیا 38 کورسی هەیە. بەڵام یەکێتی و گۆڕان پێکەوە 42 کورسییان هەیە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی لەبارەی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان دەڵێ "ئێمە نابینین یەکگرتنی ئەو دوو حیزبە مەترسی بێ بۆ سەر پارتی، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئەگەر هەردوو حیزب پێکەوە دابەزن بە نێوی یەک حیزب، ژمارەی کورسییان کەمتر دەبێ و یەکگرتنیان لە بەرژەوەندیی پارتیدایە".

بزووتنەوەی گۆڕانیش یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتی رەتناکەنەوە. محەممەد حاجی، رێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "دەکرێ دوو لایەنی سیاسی یان سێ لایەنی سیاسی بۆچوونیان نزیک بێ، ئینجا یەکێتی و گۆڕان بن، یان لایەنەکانی دیکەشی لەگەڵ بن، ئەمە هەنگاوێکی باشە و کێشەکان کەمتردەبن". محەممەد حاجی ئەوەشیگوت کە "یەکگرتنی گۆڕان و یەکێتی مومکینە و لەکاری سیاسیدا هەموو شتێک دەبێ".

### هێرۆ ئیبراهیم و بەرهەم ساڵح ئاشتبوونەوە

یەکێتی پێش ئەوەی لە گۆڕان نزیکبێتەوە، ئێستا سەرقاڵی رێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆیەتی. ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ "لە چەند رۆژی رابردوودا باشترین پەیوەندی لەنێوان هێرۆخان و بەرهەم ساڵح هەبووە و هەردوولا ئاشتبوونەتەوە، تەنانەت دانیشتنی دوو قۆڵیش هەبووە و کاتێک شاندی پەرلەمانی کوردستان سەردانی یەکێتی کرد، هێرۆخان داوای لە بەرهەم ساڵح کرد بەشداری کۆبوونەوەکە ببێ و بەنێوی ئەویش قسە بکات".

سەعدی پیرە ئەو زانیاریانەی پشتڕاستکردنەوە و گوتی "ئێستا خاوبوونەوە لەنێو یەکێتیدا هەیە".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# یەکێتی پرۆژە دەستوورێکی نیمچە سەرۆکایەتی و پەرلەمانی ئامادە دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەمەبەستی هەموارکردنی دەستوور و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتی پرۆژەیەکی دەستووری ئامادە کردووە و دەستوورەکە دەدرێتە ئەندامانی یەکێتی لەنێو لیژنە 21 کەسییەکەی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ پرۆژەی دەستوور بڕیاری لێ دراوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە سەرپەرشتی ئامادەکردنی ئەو پرۆژە دەستوورەی کردووە دەڵێ "ئەگەر بمانەوێ سیستمی سیاسی بکەینە پەرلەمانی، دەبێ 7 ماددە لە دەستووری ئێستا هەموار بکرێن، بۆیە ئێمە ئەو 7 ماددەیەمان هەموار کردووە".

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی خولی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی یەکێتی کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانییان لەنێو باڵەخانەی پەرلەمان سازکرد و رایانگەیاند کە ئەوان پرۆژەیەکیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەموار بکرێ.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەبارەی ئەو دەستوورەی ئامادەیان کردووە قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "ئەو دەستوورەی ئێمە نیمچە ئامادە کراوە، هەموو ئەو خاڵانەمان دەستنیشان کردووە کە سیستمەکە لە سەرۆکایەتییەوە دەگۆڕێ بۆ پەرلەمانی". گوتیشی "ماددەی 60 و 61 و 65 و66 و 74 و92 و109 دەگرێتەوە بۆ هەمواركردن. ئەگەر بمانەوێ سیستمی سەرۆکایەتی بکەینە پەرلەمانی، دەبێ ئەو 7 ماددەیە هەموار بکەین".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، دەستووره ئامادەکراوەکەی یەکێتی لە 4 لاپەڕە پێکدێت و زۆربەی تێبینییەکان و ماددە هەموارکراوەکان پەیوەندییان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانییەوە هەیە. ئەسەسەرد دەڵێ "جگە لە ماددە هەموارکراوەکان، هەندێک ماددەمان خستووەتە سەر بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی دەستوور، پێموایە ئەوەی ئامادەمان کردووە لە لیژنە 21 کەسییەکە تێدەپەڕێ و کێشەی لەسەر نییە".

هەروەها لەبارەی ئەوەی کە ئایا پرۆژەکە چ شێوازێکی حوکمڕانی بۆ کوردستان هەڵبژاردووە؟ ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی دەتوانرێ ئەو سیستمەی ئێمە ناوبنرێ نیمچە سەرۆکایەتی و نیمچە پەرلەمانی، بەڵام دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پرۆتۆکۆلی دەبن".

گوتیشی "بەپێی دەستوورەکەی ئێمە، هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکیشەوە نابێتە هۆی زۆربوونی دەسەڵاتەکانی، چونکە سیستمەکە پەرلەمانییە و دەسەڵاتەکانی سەرۆک پرۆتۆکۆلین".

بارودۆخی هەرێمی کوردستان، خەریکە نزیک دەبێتەوە لە دۆخی 2011، کاتێک باسوخواسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەستوور و پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێشوو، بووبوونە مژاری رۆژ. ئێستا وادەردەکەوێ یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ لەبەرەیەکن و بێدەنگ مانەوەی پارتیش وای دەردەخات، ئەو حیزبە بەتەنیا لە بەرەیەکدا مابێتەوە.

تەنیا یەکێتی نییە کە دەیەوێ بە ئامادەکردنی پرۆژە و گەرمکردنی راگەیاندن قەرەبووی 30ی حوزەیرانی 2012 بکاتەوە و وەک رێبەری ئەو ئاراستەیە دەربکەوێ. بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکانیش لای خۆیانەوە ئەو دوو پرسە تاوتوێ دەکەن و پرۆژەی بۆ ئامادە دەکەن.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، رەتیدەکاتەوە بزووتنەوەکە پرۆژەیەکی نوێی نووسیبێتەوە بۆ هەموارکردنی دەستوور و دەڵێ "جارێ بزووتنەوەی گۆڕان سەرقاڵە بە دیاریکردنی ئەندامانی لیژنە 21 کەسییەکە، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وردەکارییەکان جێدەهێڵرێت بۆ دەستبەکاربوونی لیژنەکە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێ دەستوور بەشێوەیەک هەمواربکرێ کە پەرلەمان مەرجەعی کۆتایی بێت".

ئاسۆ مەحموود، باسی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێ 24 دەسەڵاتی هەیە، هیچ کەس و دەزگایەک ناتوانێ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات "گۆڕان پێشتر بە هاوبەشی لەگەڵ ئیسلامییەکان پاکێجی لەو بارەیەوە هەبووە و جارێ نازانم کە بزووتنەوەی گۆڕان پرۆژەی دیکە ئامادە دەکات یان نا، بەڵام لەم قۆناغە دەبێ 21 کەسەکە وەک لیژنەی ئامادەکاری دەستبەکار ببن".

دەبێ لیژنە 21 کەسییەکە لەماوەی یەک مانگدا پێکبهێنرێ و لەماوەی 3 مانگیشدا پرۆژەی دەستوور بە هەموارکراوی ئامادە بکەن و بیدەنەوە حیزبەکان و پەرلەمان، بۆ ئەوەی رای لەسەر بدرێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت حیزبەکەی پێشتر پرۆژەیەکی هەبووە لەسەر دەستوور و ئامادەکردنەوەی "دەبێ کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی ئەنجام بدەین و جارێکی دیکە ئەو پرۆژەیە بهێنینەوە بەرباس و هەڵیسەنگێنین".

دارا محەممەد ئەمین، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی گوتیشی "ئەوەی لەلامان روون بووەتەوە، ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، دەشزانین دەستوور دوادەکەوێ و فریای کۆتاییهاتنی وادەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناکەوێ".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، سیستمی نیمچە سەرۆکایەتی و نیمچە پەرلەمانی وادەبینێ بۆ ئەو قۆناغەی ئێستا گونجاو نەبێت "لەم قۆناغە سەرناگرێ". هەروەها گوتیشی "ئێستا هیچ لایەنێک پاڵێوراوی نییە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێ ئەو پرسە چارەسەر بکەین و نێوماڵی کورد ئاواژەی تێنەکەوێت".



رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20

## عادل نووری: کەوتنی مووسڵ بە بڕیاری سیاسی بووە



**رووداو- بەغدا**

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی نەزاهە لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند بەپێی ئەو زانیارییانەی پێی گەیشتووە ئەو لیژنەیەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە کەوتنی شاری مووسڵ، بەرپرسەکان راستی دیکەیان ئاشکرا کردووە و گوتی "هەرچەندە ئێستا قۆناغی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام ئەوەندە دەزانین کەوتنی شاری مووسڵ تەکتیکی سەربازی نەبووە و خەریکە دەگەینە ئەو بڕوایەی بڕیارێکی سیاسی لە پشتەوە بووبێ". ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە لە دوو هەفتەی داهاتوودا راستی گەورەتر ئاشکرا دەبن.

کارمەندێکی ئاسایشی یەکێتی کوشتووە

# "بەرپرسێکی یەبەشە لە سلێمانی سزای لە سێدارەدانی لەسەرە"

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بەرپرسێکی یەکینێن بەرخودانا شنگال (YBS) کە هێزێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە و ئێستا لە چیای شنگال جێگیرە، تاوانبارە بە کوشتنی کارمەندێکی ئاسایشی یەکێتی و لەلایەن دادگای تاوانەکانی سلێمانی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە.

سەرچاوەیەک لە شنگال بە (رووداو)ی راگەیاند "جێگری بەرپرسی یەبەشە تاوانبارە بە کوشتنی کارمەندێکی ئاسایشی یەکێتی لە سلێمانی، لە دادگاش سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام بە ئازادی کاری خۆی دەکات و سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات".

ئەو سەرچاوەیە زانیاری زیاتری ئاشکرا کرد و گوتی "بەرپرسەکەی یەبەشە ناوی باپیر خەلەف مرداد سەعدونە، لەناو یەبەشە بە هەڤاڵ زەردەشت ناسراوە و کوردێکی ئێزدییە و خەڵکی گوندی بورکەی سەر بە قەزای شنگالە".

دوای ئەوەی لە سێی ئابی ساڵی رابردوو چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و دەوروبەری، بە هەزاران کوردی ئێزدی لە ترسی داعش خۆیان گەیاندە سەر چیای شنگال.

پارتی کرێکارانی کوردستان کە پەیوەندییەکی ساردی هەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەی بە دەرفەت زانی و هەر زوو خۆی گەیاندە چیای شنگال و لەوێ هێزێکی لە ژێر ناوی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال دروستکرد.

ئەو هێزەی PKK کە لە رۆژئاوای کوردستانەوە خۆیان گەیاندە شنگال، لەگەڵ پێشمەرگەدا رۆڵیان هەبوو لە کردنەوەی رێگایەک بۆ ئەو ئێزدیانەی لەسەر چیای شنگال گیریان خواردبوو. ئەو هێزە هەرزوو لەوێ شوێنپێی خۆیان قایمکرد و تاوەکو ئێستاش لەوێ ماون.

دوای رزگارکردنی ئاوارەکان لە چیای شنگال، پەکەکە دوو هێزی بەناوەکانی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال و یەکینەکانی بەرخودانی ژنانی شنگال دروستکرد. ئێستا ئەو هێزانە لە چەند شوێنێکی ستراتیژیی چیاکە جێگیربوون.

بەرپرسێکی یەبەشە باسی چۆنیەتی دروستکردنی ئەو هێزە دەکات و دەڵێت "پێش رووداوەکانی شنگال، پەکەکە ژمارەیەک لە کوردی ئێزیدی لە رۆژئاوای کوردستان پەروەردە کردبوون، لەگەڵ رووداوەکاندا بە هاوکاریی پەکەکە ئێمە (یەبەشە)مان دروستکرد، لەوکاتەدا ئێمە بەڵێنمان بە کوردی ئێزیدی دا کە بەرگریان لێ بکەین، تاوەکو ئێستاش بەردەوامین".

راکان شنگالی، بەرپرسی میحوەری سنونێ لە یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە)، ئامادە نەبوو لەبارەی راستی و دروستیی ئەو سزایەی لەلایەن دادگای سلێمانی بۆ یەکێ لە گەورە بەرپرسەکانیان دەرچووە هیچ قسەیەک بکات. بەڵام لەبارەی ئامانجەکانی داهاتووی ئەو هێزە لە شنگال گوتی "ئێمە لە پێناوی شنگالدا ئەو هێزەمان دروستکردووە، رۆژ بە رۆژ خەڵکی شنگال زیاتر دێنە ناو ریزەکانی ئێمە، وەکو ئیدارە ئێمە ئەنجوومەنمان دروستکرد، ئەوان کاری ئیداری دەکەن و ئێمەش کاری سەربازی، بەڵێنەکانی خۆمان دەبەینە سەر و هەموو شنگال ئازاد دەکەین، ئێمە وەکوپارتی شنگالییەکان جێناهێڵین".

راکان شنگالی ئومێدێکی گەورەی بە خەڵکی شنگال هەیە کە پاش کۆنترۆڵکردنی شنگال، هەموویان لەگەڵ ئەواندا دەبن و دەڵێت "زۆربەی شەڕڤانەکانی ئێمە ئێزیدین، ئێمە قەرارگەی گەورەمان لە چیای شنگال هەیە کە لە چەند کەسێک پێکدێت، دوای ئازادکرنی شنگال خەڵک بڕیار دەدات کێ حوکمی شنگال بکات، ئێمە دڵنیاین خەڵک لەگەڵ ئێمەدا دەبێت و ئێمە دەبینە خاوەنی شنگال".

ئەو فەرماندەیەی یەبەشە دەڵێت "هەر لە سەرەتاوە شەڕی هەرە گەورە لە شنگال ئێمە دەیکەین، ئێستا لە ناو سەنتەری شنگالدا هێزەکانی ئێمە لە بەرەکانی پێشەوەن، تاوەکو ئێستا 125 شەهیدمان داوە جگە لەوەی چەندین شەڕڤانیشمان بریندار بوون، ئێمە ناوەستین هەتا هەموو شنگال رزگار نەکەین".

سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ هێزەکانی باشوور، راکان شنگالی دەڵێت " لە باشووری کوردستان پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ پارتە سیاسییەکان باشە، بەتایبەتی یەکێتی هاوکاری ئێمە دەکات".

راکان سەبارەت بە ژمارەی هێزەکانی یەبەشە زانیاری تەواوی نەدا و گوتی "ناتوانم ژمارەی تەواوی هێزەکانی خۆمان رابگەیەنم، بەڵام لە هەزار شەڕڤان زیاترن، لە ناوچەکانی شلو، سنونێ، خانەسۆر، کەرسێ، چلمێرا و سەنتەری شنگال هەن".

بەڵام بەرپرسێکی ئەمنی زانیاری ئەو بەرپرسەی یەبەشە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێستا بەهێزترین هێز لەشنگال هێزەکانی پێشمەرگەیە، ئێمە لە شنگال خاوەن قەرارین، راستە هێزی یەبەشە لە شنگال هەن، بەڵام ژمارەیان لە 300 کەس تێناپەڕێت".

قاسم سمۆ، بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال بە (رووداو)ی گوت "چۆن پێش رووداوەکانی شنگال پارتی دەسەڵاتداربوو لە شنگال، ئەوهاش هەر ئێمە خۆمان لە کوردانی ئێزیدی کردە خاوەن، ئێستا لە کوردستان هاوکارییان دەکەین، پاش ئازادکردنی شنگال هەر ئێمە دەسەڵاتدار دەبین".

هەر لەو چوارچێوەیەدا بەرپرسێکی یەکێتی لە شنگال نەیشاردەوە کە ئەوان پەیوەندی باشیان لەگەڵ هێزەکانی یەبەشە هەیە و گوتی "چۆن پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی و حیزبەکانی دیکەی کوردستان هەیە، ئەوهاش پەیوەندیمان لەگەڵ یەبەشە هەیە، چونکە ئەوانیش هاتوون بەرگری لە شنگال دەکەن".

خدر داود، کارگێڕی کومیتەی شنگال بە (رووداو)ی گوت "رێکخستنەکانی ئێمە دوای رووداوەکانی شنگال روویان لە زیادبوون کردووە، بۆیە بڕیاری کردنەوەی مەڵبەندی شنگال دراوە و ئێزدییەکیش دەبێتە بەرپرسی مەڵبەند".




### فەرماندەیەکی یەبەشە:
### یەکێتی هاوکاریمان دەکات

### یەکێتی:
### پەیوەندیمان لەگەڵ یەبەشە هەیە

یەکگرتووی ئیسلامی:

# داوای کۆبوونەوەی سەرکردەکانی پێنج لایەنەکەمان کردووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەڵێت لەم قۆناغەدا نابێت هیچ پرسێک شەڕی داعش و مەترسی ئەو گرووپە لە بیری حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بباتەوە و گوتی "وەک یەکگرتوو چەند جارێک داوای کۆبوونەوەی پێنج سەرکردەکەمان کردووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن نەک لە راگەیاندنەکان".

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی هەرچەندە دەڵێ هەست بە مەترسییەک ناکات لەسەر نێوخۆی کوردستان، بەڵام گوتی "چەند جارێک داوامان لە کەسی یەکەمی حیزبەکان کردووە کۆببنەوە".

گوتیشی پەیوەندیمان بە کاک نەوشیروان و یەکێتی و خودی کاک مەسعودیش کردووە "هیچ لایەک رەتیناکەنەوە و دەڵێن شتێکی باشە، بەڵام پێمان سەیرە بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی پێنج سەرکردەکە ناکرێ".

وا بڕیارە ئەمڕۆ (دووشەممە) سەرکردەی پێنج حیزبەکە: پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو کۆببنەوە.

رۆژی 16ی ئەم مانگە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و داوای لە سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان و داواکاری گشتی کردبوو، ئەرکی خۆیان راپەڕێنن و "رێوشوێنی گونجاو لە دژی ئەو رەوتە نانیشتمانی و مەترسیدارە بگرنەبەر و چارەسەرێکی یاسایی و رەسمی بۆ رێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەو بۆچوونانە بدۆزنەوە کە ژیانی خەڵک و یەکپارچەیی نیشتمان و ئاسوودەیی وڵات دەکەنە ئامانج".

بارزانی بەبێ ناوهێنان، باسی هەندێک کەس و لایەن دەکات کە "بە نووسین و لێدوان بانگەشە بۆ شەڕی نێوخۆیی دەکەن". لەدوای ئەو راگەیێندراوە، لێدوانە گرژەکان زۆرتر بوون.

کێشەی حیزبەکان وەک محەممەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ، ئەوەیە کە بەهۆی ناڕوونی پەیامەکەوە نازانن بارزانی مەبەستی لە کێیە "هەر حیزبە و بەجۆرێک خوێندنەوەی بۆ دەکات". محەممەد حەکیم لەگەڵ ئەوەیە چیدی ئەو پەیامە بە ناڕوونی نەمێنێتەوە "دەبێ لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببینەوە بۆ ئەوەی تێبگەین کە مەترسییەکان چین و بارزانی مەبەستی لە کێیە".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەدا نەبوو "ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەبوو لەجێی ئەو پەیامەی بڵاوی کردەوە، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆببێتەوە و را و سەرنجی خۆی بە ئەوان بڵێ".

هەردوو حیزبە ئیسلامییەکە، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی، رایانگەیاندووە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانین بۆ هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەو زانیارییانەی سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ (رووداو)ی باسکرد، پێش ئەوەی پرسی دەستوور و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بجوڵێنرێ، نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان رای سەرکردەی حیزبە ئیسلامییەکانی پرسیوە لەبارەی ئەوەی دەنگ بە کام جۆرە سیستمە دەدەن.

د.محەممەد ئەحمەد، جەخت لەسەر یەکڕیزیی لایەنەکان دەکاتەوە و دەڵێ ئەوان لایەنگری سازان و پێکەوە کارکردنی هەموو لایەنەکانن "داوا دەکەین لایەنەکان دەستوور نەکەنە وەرەقەی سیاسی و موزایەدە، بەڵکو کەشوهەوایەکی ئەرێنی لەسەری بێتە ئاراوە".

جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا یەکێتی و گۆڕان و هەردوو حیزبە ئیسلامییەکە هاوڕاییەکی تەواویان هەیە لە شێوازی هەمواکردنەوەی دەستوور و ئەو سیناریۆیانەی بۆ مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی دەیخەنە روو. ئەوان هەروەها هاوڕان لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە کاتێکدایە، باشووری کوردستان لە شەڕێکی چارەنووسساز و سەختدایە لەگەڵ چەکدارانی داعش لەلایەک و ئەو قەیرانە داراییەی بەغدا تووشی کردووە. ئەمە سەرەڕای گۆڕانی بەکاوەخۆی جەمسەرە سیاسییەکان و هاوپەیمانێتییەکانی ناوچەکە.


بەرپرسی یەکێک لە حیزبە سیاسییەکان دەڵێ لە دوای ئەو پەیامەوە قسەی لەگەڵ بارزانی کردووە "کاک مەسعود زۆر بە قسەکانی ئەو بەرپرسەی پەکەکە تووڕە بوو کاتێک گوتی سۆرانی و بادینی نابنە یەک نەتەوە و داوای ئیدارەی جیاوازی بۆ شارەکانی کوردستان کرد".

ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێ "لە ماوەی 22 ساڵی رابردوودا حکومەت و پەرلەمان هێندەی ئەم حکومەت و پەرلەمانەی ئێستا لاواز نەبوون، بەشداربووانی حکومەت بەڕاستی خۆیان بە هاوبەش و بەشداری حکومەت نازانن و پەرلەمانیش بووەتە شوێنی موزایەداتی سیاسی و ململانێ بە تەواوی دۆخەکەی داپۆشیوە".



## فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# رازیبوونی یەکێتی بەو پرۆژەیەی دەستوور هەڵەیەک بوو تێیکەوت



فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی وردەکارییەکانی کێشەی نێوان حیزبەکان دەکات لەسەر دەستوور و یاسای سەرۆکایەتی. ئەسەسەرد دەڵێ لە 2013ەوە یەکێتی یەکلایی بووەتەوە لەسەر هەڵبژاردنی سیستمی پەرلەمانی، کەچی کۆسرەت رەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان گوتی "کاتمان پێویستە".
فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "پێویست ناکات لە یەکێتی بپرسی لەگەڵ کام سیستمی، ئەوە لەناو یەکێتی یەکلایی بووەتەوە کە سیستمی پەرلەمانیمان دەوێ".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: پەیوەندی نێوان حیزبەکان گرژ و نائاسایی دەردەکەوێ، ئەوە پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟ دەستوور و یاسای سەرۆکایەتی؟ یان ئەو راگەیێندراوەی بەمدواییە لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە بیستمان؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** راگەیەندراوەکەم بینی، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشتم. نەمزانی چی داوا دەکات و مەبەستی چییە. نەمزانی چی داوە لە حیزبەکان و حکومەت و پەرلەمان. بەڕاستی نەمزانی ئەو راگەیەندراوە رووی لە کێیە. وەک یەکێتیش، ئێمە هیچ کاردانەوەیەکمان نەبوو بۆ پەیامەکە.

**ڕووداو: لەبەر ئەوەی لێی تێنەگەیشتن؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** بەڵێ. ئێستاش نازانین هۆیەکە چییە و ئاراستەی کێ کراوە.

**ڕووداو: شرۆڤەی نزیک ئەوەیە کە لێدوان و نووسینی توند هاتنە ئاراوە، ئینجا ڕووداوەکەی حەیدەر شەشۆ و هێزە تایبەتەکەی ئێزدییەکان. پاشان لێدوانەکەی کالکان، ئایا لەوەش تێناگەن؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە لێی تێنەگەیشتین، نازانین کاردانەوەی ئەو ڕووداوانەیە یان ڕووداوی دیکەیە. کە لە شتێک تێنەگەیت نازانی چۆن هەڵیبسەنگێنی و بڵێی چی.

**ڕووداو: دەگوترێ لێدوانەکەی دوران کالکان وایکرد بارزانی بگاتە ئەوپەڕی بێزاری و ئەم بەیاننامەیە دەربکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** پرسی باشووری کوردستان و هەر پرسێکی نێوخۆیی پەیوەندی بە حیزبەکانی باشووری کوردستانەوە هەیە و ئەوانیش یەکلایی دەکەنەوە. ئەگەر ئەو مەسەلەیەش بخەینە چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕینەوە، هەرکەس لەو بارەیەوە قسەیەکی هەیە با بیڵێ، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان باوە ئەوەیە کەس گوێ لەو جۆرە قسانە ناگرێ.

**ڕووداو: کاڵکان یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی پەکەکەیە، کاتێک دەڵێ سلێمانی و گەرمیان و کەرکووک و شنگال ئیدارەی سەربەخۆبن، ئەوە کاریگەریی لەسەر خەڵک دروستناکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد :** هەستم نەکردووە هیچ کاریگەری لەسەر خەڵک هەبێ.

**ڕووداو: تۆ واقسە دەکەیت کە پەیوەندی نێوان حیزبەکان لە باشووری کوردستان ئاسایی بێت؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** لەکاتی دەستگیرکردنی حەیدەر شەشۆ، جۆرێک گرژی و ئاڵۆزی دروست بوو، بەڵام خۆشبەختانە چارەسەر کرا و مەسەلەکە کۆتایی هات. ئەگەر مەبەستت مەسەلەی دەستوور و هەموارکردنی و پرسی سەرۆکایەتی بێت، بێگومان ئەوە هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێ ئەو پرسە بە سازان یەکلایی بکرێتەوە. جگە لە سازان رێگا و چارەسەری گونجاوی دیکە نییە. نابێت ئەوە تەشەنوج لە شەقامی سیاسی کوردستان دروست بکات.

**ڕووداو: ئەو وشەیە ئێستا زۆر بەکاردێت، مەبەست لە سازان چییە؟ ئینجا سازان لەسەر چ شێوازێک بۆ هەمواری دەستوور و یاسای سەرۆکایەتی؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** واتە دەبێ هەموو لایەنەکان رەزامەند بن لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو. پەرلەمان لیژنەیەکی 21 کەسی پێکهێناوە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی دەستوور، سازان بریتییە لە یەکگرتنی هەر 21 کەسەکە لەسەر شێوازێکی یەکگرتوو بۆ هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور.

**ڕووداو: ئێستا رای ئێوە وەک یەکێتی و حیزبەکانی دیکە روونە بۆ ئەو شێوازەی دەتانەوێ دەستووری لەسەر هەموار بکرێت؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** تاوەکو ئێستا بەرجەستە نەبووە، چونکە لیژنەکە دەستبەکار نەبووە.

**ڕووداو: بەڵام بۆچوونی ئێوە و گۆڕان زۆر لەیەک دەچێ لەو بارەیەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** بۆچوونمان زۆر لەیەکەوە نزیکە، هەردوولامان پێمانوایە سیستەمی سەرۆکایەتی بکرێتە پەرلەمانی و بەو جۆرەی لە دونیادا باوی هەیە و نزیکترین سیستمیش بۆ ئێمە عێراق و تورکیایە.

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ گۆڕان کە لە زۆربەی شتەکاندا ناکۆک بوون، چی وا نزیکی کردنەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ماددەی یەکەمی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نزیکی کردووینەتەوە، دەمانەوێ ئەو ماددەیە رەنگدانەوەی هەبێ لەسەر هەموو دەستوورەکە. بەجۆرێک پەیڕەو بکرێ گوزارشت لە هەموو دەستوورەکە بکرێ.

**ڕووداو: بەڵام هەندێک سەرکردەی پارتی پێیانوایە پۆستەکەی بارزانی، تاکە خاڵە ئێوە و گۆڕانی بەو شێوەیە لەیەک نزیک کردووەتەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** مەسەلەکە لاوازکردنی بارزانی نییە. ئێمە باسی پۆستێک دەکەین ئەمڕۆ بەدەست مەسعود بارزانییە، بەڵام روون نییە سبەی کێ دەچێتە ئەو شوێنە. باسی پۆستێک دەکەین کە موڵکی کەس نییە.

**ڕووداو: کات بەتەواوی لەو وادەیە نزیکبووەتەوە کە ولایەتی بارزانی کۆتایی دێ و دەستوور فریای هەموار ناکەوێ، کەواتە بژاردەی دووەم چییە؟ ئایا ڕێگای دووەمیشتان تاوتوێ کردووە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** تاوەکو ئێستا دوو بژارە هەن، ئەگەر سازان لە لیژنە 21 کەسییەکە هاتە ئاراوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە کێشەکان بەرەو چارەسەر دەڕۆن، بەڵام ئەگەر سازان نەهاتە ئاراوە، دەبێت بچینە لای دوو بژارەی دیکە. یەکەم ئەوەیە کە هیچ نەکەین و هەموو شتێک وەک خۆی بمێنێتەوە تاوەکو دەگاتە 8/19 و ولایەتی سەرۆک بارزانی کۆتایی دێت، یان ئەوەتا بچینە سەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و هەمواری بکەینەوە. دەبێت هەموارکردنەوەکەش ئەوەبێ کە تەنیا ولایەتەکە نەگرێتەوە و دەسەڵاتەکانی سەرۆک هەرێمی کوردستانیش کەم بکرێنەوە و لەنێو پەرلەمانیش هەڵبژێردرێتەوە. واتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ ئەو دەسەڵاتانەی هەبێ کە سەرۆک کۆماری عێراق هەیەتی. ئەوکات لیژنەی هەموارکردنی دەستوور دەتوانێ بەردەوامبێ لەسەر کارکردنی خۆی.

**ڕووداو: بەڵام کاتێک دەستوور ئامادە نەکرابێ، لەژێر چ رۆشناییەک یاسای سەرۆکایەتی هەموار دەکرێتەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەگەر لیژنەی هەموارکردنی دەستوور سەرکەوتوو بوو لە ئەرکەکانی خۆی، بەوشێوەیەی سازان لەسەر دەستوور هەیە دەتوانرێ سازان بگوازرێتەوە بۆ یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005 کە یاسای سەرۆکایەتییە. ئەوکات نیوەی کێشەکان چارەسەر بوون.

**ڕووداو: حیزبەکان دوو جۆر گوتاریان هەیە، لەکۆبوونەوەکانیان لەگەڵ یەک نەرم و ئەرێنین و لە راگەیاندن توند، هێشتا حیزبەکان رووبەڕوو ناتوانن راشکاوین بەرامبەر بەیەک ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** پەیوەندی بە باروودۆخەکەوە هەیە، ئەوەی لە میدیاکان باسدەکرێ، ئاستی لێدوانەکان نزمترە لەئاستی بەرپرسان. ئەوەی لە کۆبوونەوەکان باسدەکرێ بێگومان ئازایانەتر و راشکاوانەترە. هەر حیزبێکیش ئازادی داوەتە کادرانی خۆی.

**ڕووداو: ئێوە پاساوتان بۆ جێگیرکردنی سیستمی پەرلەمانی ئەوەیە کە سیستمی سیاسی لە کوردستان وەک عێراق بێت، ئایا ئەو جیاوازییە هیچ کێشەیەک لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان دروست دەکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەو لایەنانەی داوای هەموارکردنی دەستوور دەکەن پێویستیان بە مۆدێلێکە. مۆدێلەکەش ئەو دەستوورەی ساڵی 2005ی عێراقە کە خۆمان دەنگمان پێداوە. بۆیە پێویستە دەستووری هەرێمی کوردستان وەک عێراقی لێبێت. لە وڵاتێکدا نابێ دوو سیستمی سیاسی هەبێت. دەبێ هەردووکیان یان سەرۆکایەتی بن یان پەرلەمانی. ئێمە ناتوانین لەگەڵ عێراقدا بین و سیستمی سیاسیمان جیابێت.

**ڕووداو: کەواتە بەپێی نیازی حیزبەکان بێت کورد دەیەوێ تا دوورمەودا لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەوە شتێکە و جارێ نازانین، بەڵام دەبێ تاوەکو لە چوارچێوەی عێراق بین بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەین کە عێراقین. کاتێک جیابووینەوە دەتوانین چارەسەری دیکە بدۆزینەوە.

**ڕووداو: ئێستا هەموو سەرکردەکانی یەکێتی هاوڕان لەسەر ئەوەی دەبێ سیستمەکە پەرلەمانی بێت؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە ئەم مەسەلەیەمان پێشتر یەکلاکردووەتەوە. ساڵی 2013 یەکێتی رێگەی نەدا ئەو پرۆژە دەستوورە بخرێتە راپرسییەوە بۆ ئەوەی هەموار بکرێت. بەم مەرجەش لەگەڵ پارتی رێککەوتین 2 ساڵ بۆ ماوەی سەرۆکایەتی درێژ بکرێتەوە کە پرۆژەی دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان. ئەگەر ئێمە بەو پرۆژەیەی دەستوور رازین، بۆچی دەمانەوێ بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و لیژنەی 21 کەسی بۆ پێکدەهێنرێ؟ هۆی سەرەکی ئەوەیە ئێمە تێبینی زۆرمان لەسەر ئەو پرۆژە دەستوورە هەیە. دەبێ لە هەموو ماددەکانیدا ئەو دەستوورە گوزارشت لە سیستمی پەرلەمانی بکات. پێویست ناکات لە یەکێتی بپرسی لەگەڵ کام سیستمی، چونکە لەسەرەتاوە داوای سیستمی پەرلەمانیمان کردووە.

**ڕووداو: کە یەکێتی لە 2013 کۆک بوو لەسەر ئەوەی سیستمەکە پەرلەمانی بێت و رێگەی نەدا بخرێتە راپرسی، بۆچی کۆسرەت رەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەماندا گوتی کاتی زیاترمان دەوێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** لەناو حیزبەکانی کوردستان تاوەکو ئێستا یەکێتی و پارتی رای فەرمی خۆیان لەو بارەیەوە رانەگەیاندووە، ئەوەی من پێتدەڵێم رای زۆرینە لەناو یەکێتی ئەوەیە سیستەمەکە پەرلەمانی بێت. یەکێتی خاوەنی بیرۆکەی گەڕاندنەوەی دەستوورە بۆ پەرلەمان. ئەوە لەناو یەکێتی یەکلایی بووەتەوە کە سیستمی پەرلەمانیمان دەوێ.

**ڕووداو: چەند مانگێک لەوەوبەر، هێشتا پرسی دەستوور و سەرۆکایەتی باس و خواسی نێو حیزبەکان نەبوو، ئێوە وەک شانەی قەیران پرۆژەیەکتان ئامادەکرد و چەند سیناریۆیەکتان خستەڕوو بۆ دەستوور و ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی، کێ داوای ئەو لێکۆڵینەوەیەی لێکردن؟ نزیکترین سیناریۆ لەم دۆخەی ئێستا چییە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەوەی ئێمە کردمان بۆ تاوتوێکردنی قەیرانێک بوو کە هێشتا نەهاتبووە ئاراوە. هەموو سیناریۆ پێشبینیکراوەکانمان ئامادەکردبوو. 2 سیناریۆ ئەگەری زۆرە، یەکەم ئەوەیە کە هیچ نەکرێت و سازان سەرکەوتوو نەبێت و یاساکە هەموارنەکرێ و بەرەو بۆشایی یاسایی برۆین. دووەم ئەوەیە کە سەرۆک لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتەکانی ببنە پرۆتۆکۆلی.

**ڕووداو: پێتانوایە پارتی بۆ کامەیان رازی دەبێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** من واتێدەگەم پارتی کار بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بکات، بەشێوەیەک نا کە هەموو یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەک کە زۆرتر قازانجی خۆی تێدابێت. ولایەتی بارزانی بکرێتە سێ ولایەت و دەسەڵاتەکانی وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لایەنەکان رازی دەبن بە زیادکردنی ولایەتەکان لە دووەوە بۆ سێ، بەو مەرجەی دەسەڵاتەکانی کەم بکرێنەوە و ببنە دەسەڵاتی پرۆتۆکۆلی.

**ڕووداو: بەڵام سیناریۆیەکی دیکەش نزیک نییە؟ واتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام نیوەی دەسەڵاتەکانی کەم بکرێتەوە نەک هەمووی ، ئایا ئەوە سازان بەدوای خۆیدا دێنێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەگەر ئەو دەسەڵاتانە دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی و دەسەڵاتی ئاسایش بگرێتەوە، پێدەچێ حیزبەکان تارادەیەک رازی ببن.

**ڕووداو: ساڵی 2006 یەکێتی بۆ رازی بوو بەو پرۆژەی دەستوورەی کە ئێستا داوای هەموارکردنی دەکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەوە هەڵەیەک بوو ئەوکات یەکێتی تێیکەوت و ئێستا دەمانەوێ چاکی بکەینەوە.

**ڕووداو: ئێستا قسەیەکیش هەیە دەڵێ ئەم یارییە تەنیا کەسێک یەکلایی دەکاتەوە ئەویش نەوشیروان مستەفایە، بەوپێیەی ئەو گۆمەکەی شڵەقاند و گوتی سیستمی پەرلەمانیمان دەوێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** حیزبەکان یەکلایی دەکەنەوە. زۆربەیان لەو هەلومەرجەدا داوای پەرلەمانی دەکەن. تەنانەت پارتیش خۆی دژی پەرلەمانی نییە.

**ڕووداو: پارتی رەخنە لە یەکێتی دەگرێ و دەڵێ پەیوەندییە باشەکەی نێوان یەکێتی لەگەڵ پەکەکە تەنیا بۆ لاوازکردنی پارتییە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** پێموانییە بۆ ئەوە بێت و ئێمە لە کۆنەوە پەیوەندیمان لەگەڵ پەکەکەدا هەیە، بەڵام مەسەلەی داعش حیزبەکانی لەیەک نزیک کردەوە.

**ڕووداو: لە هەمانکاتدا لە یەکیشی دوورخستنەوە، بینیمان لەسەر شنگال و ئێزدییەکان یەکدی تۆمەتبارکردن هەبوو، یان دروستکردنی هێزی تایبەت؟**


**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە وەک یەکێتی پەکەکەمان نەبردووەتە شنگال و پارتی خۆی پەکەکەی بردووەتە شنگال. پارتی خۆی بڕیاریداوە پەیەدە بەشداربێت لە شەڕی دژی داعش. پەکەکە لە رێگەی پارتییەوە چووەتە ناوچەکە.

**ڕووداو: بابەتی حەیدەر شەشۆ کۆتایی هات؟ دەگەڕێتەوە شنگال؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** کۆتایی هات، دەگەڕێتەوە شنگال و لەگەڵ هێزەکەی خۆی شەڕ دژی داعش دەکەن بۆ ئازادکردنی شنگال.

**ڕووداو: دیسانەوە باس لە پرۆژەی یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دەکرێ بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا؟ ئەمە بە کوێ گەیشت؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** هیچ رێگرییەک نییە لەوەی رێککەوتنێک لە نێوان یەکێتی و گۆڕان بێتە ئاراوە. زۆربەی کێشەکانمان لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانیدا بووە و توانیمان چارەسەریان بکەین، پەیوەندییەکانمان زۆر نزیکە لەوەی بە ئاسایی بژمێردرێ.



- هیچ لە بەیاننامەکەی بارزانی تێنەگەیشتم
- داعش ئێمە و PKKی لە یەکدی نزیک کردەوە
- کەس گوێ لەو جۆرە قسانەی دوران کاڵکان ناگرێ
- پارتی دەیەوێ ولایەتی بارزانی بکاتە 3 ولایەت
- سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ ئەو دەسەڵاتانەی هەبێ کە سەرۆک کۆماری عێراق هەیەتی
- ناتوانین لەگەڵ عێراقدا بین و سیستمی سیاسیمان جیابێت
- ئەوە لەناو یەکێتی یەکلایی بووەتەوە کە سیستمی پەرلەمانیمان دەوێ
- ساڵی 2013 یەکێتی رێگەی نەدا پرۆژەی دەستوور بخرێتە راپرسییەوە
- زۆربەی کێشەکانی یەکێتی و گۆڕان لە چوارچێوەی سلێمانی بوون و چارەسەر بوون

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20



## ئیتلاعات چالاکڤانێکی کورد دەستبەسەردەکات

**ڕووداو– سنە**

هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران هێرشیان کردە سەر ماڵی چالاکڤانێکی کورد و پاش دەستبەسەرکردنی بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستەوە. بەدیع حوسێن پەناهی، چالاکڤانی مەدەنی کە پێشتر زیندانی کراوە لە ماڵی باوکی لە گوندی "قروچای" سەر بە شاری دێولان لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری دەستبەسەرکرانەکەی نەزانراوە، هەروەها نازانرێت بۆ کوێ بردراوە. بەدیع حوسێن پەناهی پێشتریش لە لایەن هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات دەستبەسەر کراو پاشان سزای یەک ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا، چەند مانگ پێش ئێستا بە دانانی بارمتە لە زیندان ئازاد کراوە.

### عەلی حەیدەر، وەزیری ئاشتەوایی سووریا:

# هاوکاریی سەربازیمان بۆ YPG ناردووە و ئێستاش دەینێرین



- ئامادەین گفتوگۆ لەبارەی کانتۆنەکانی کورد بکەین
- لە کاتی شەڕەکاندا پەیوەندی بە فەرماندەکانی YPGەوە دەکەم

**ڕووداو – هەولێر**

عەلی حەیدەر، وەزیری ئاشتەوایی حکومەتی سووریا ڕایگەیاند کە حکومەتی دیمەشق ئامادەیە گفتوگۆ لەبارەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکات و گوتیشی کە پێشتر هاوکاریی سەربازییان بۆ شەڕڤانانی YPG ناردووە، ئێستاش بەردەوامن لە ناردنی ئەو هاوکاریانە.

عەلی حەیدەر، وەزیری ئاشتەوایی حکومەتی سووریا، دوای سەردانێکی بۆ شاری قامشلۆ بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت کە ئەو بۆ نەهێشتنی مەترسی چوو بوو بۆ قامشلۆ و لەوێ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کانتۆنی جزیرە کۆبووەتەوە.

هەرچەندە ڕژێمی سووریا سوپاکەی خۆی لە شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کشاندووەتەوە و پارتی یەکێتی دیموکراتی سێ ئیدارەی لۆکاڵی (کانتۆن)ی لەوێ ئاوا کردووە، بەڵام زوو زوو وەزیرەکانی ڕژێمی سووریا سەردانی شاری قامشلۆ دەکەن کە تاوەکو ئێستاش بارەگای هێزە ئەمنی و ئیستیخباراتییەکانی ڕژێمی سووریای تێدا ماوە.

PYD سێ کانتۆنی بەناوەکانی (کانتۆنی جزیرە، عەفرین و کۆبانێ) بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دروستکردووە. شاری عامودا سەنتەری کانتۆنی جزیرەیە کە شارەکانی قامشلۆ، عامودا، دێرک و تربەسپی و چەند ناوچەیەکی دیکە لەخۆ دەگرێت.

عەلی حەیدەر کە سەردانی شاری عامودای کردووە و لەگەڵ بەرپرسانی کانتۆنی جزیرە کۆبووەتەوە، سەبارەت بە سەردانەکەی گوتی "قامشلۆ لەلای ئێمە شارێکی سووریایە و خاکی سووریایە. سەردانەکەی من بۆ نەهێشتنی مەترسی و نەپچڕانی پەیوەندی بوو لە نێوان سەرکردایەتی سووریا و خەڵکی ئەم ناوچەیە. هەروەها دروستکردنی پەیوەندی بوو بە میتۆدێکی فراوانتر و قووڵتر".

سەبارەت بەو لایەنانەی لەو سەردانەیدا بینیونی، وەزیری ئاشتەوایی سووریا گوتی "لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی وەکو کورد و عەرەب و کریستیان کۆبووینەوە، کۆبوونەوەکان زۆر ئیجابی بوون. ئەوان گوتیان ئێمە لەگەڵ چارەسەری سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرداین".

### ئامادەن گفتوگۆ لەسەر کانتۆنەکان بکەن

کورد نزیکەی 15%ی دانیشتووانی سووریا پێکدێنن و ژمارەیان نزیکەی 3 ملیۆن کەس دەبێت. ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی سووریا کوردیان لە زۆربەی مافەکانیان بێبەش کردووە، تەنانەت لە ساڵی 1962 ڕژێمی سووریا ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی لە نزیکەی 150 هەزار هاووڵاتیی کورد سەندەوە، بەڵام دوای کشانەوەی سوپای ڕژێمی سووریا، ئێستا کورد ئیدارەی ناوچەکانی خۆیان دەکەن.

وەزیری ئاشتەوایی سووریا هەر لە درێژەی ئەو قسانەیدا لەبارەی سەردانەکەی ڕایگەیاند "لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی زاتی کانتۆنی جەزیرە لە عامودا کۆبوومەوە، پێمڕاگەیاندن کە حکومەتی سووریا ئامادەیە قسە لەسەر تەواوی پرۆژەکان بکات، لەوانەش پرۆژەی ئیدارەی زاتی، لەبەر ئەوەی جارێ تیۆرییە و هێشتا نەبووەتە بڕیار".

سەبارەت بە وەڵامی بەرپرسانی ئیدارەی کانتۆنی جەزیرەش بۆ ئەو بابەتە، عەلی حەیدەر گوتی "بەرپرسانی کورد گوتیان دەکرێت ئەو پرۆژەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێ، یان هەموار بکرێ، لەبەرئەوەی تەواوی پرۆژەکان بۆ چارەسەری پرسی کوردە لە چوارچێوەی سووریادا".

### ئێستاش هاوکاریان بۆ دەنێرین

دوای ئەوەی چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان کە دوو هێزی سەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتین، بە توندی ڕووبەڕووی داعش بوونەوە و دوای شەڕێکی دوو مانگی بە پشتیوانی پێشمەرگە، نەیانهێشت شاری کۆبانێ بکەوێتە دەست چەکدارانی داعش.

ئەو هێزە بە بیانووی ئەوەی پەیوەندی بە PKKەوە هەیەو PKKەش لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاوە خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، هێزەکانی هاوپەیمانان ئامادە نەبوون وەکو پێویست هاوکارییان بکەن.

هەرچەندە بەرپرسانی PYD ڕەتیدەکەنەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕژێمی سووریاوە هەبێت، بەڵام ئەو بەرپرسە سوورییە ئاشکرای کرد کە پەیوەندییان لەگەڵ PYD هەیە و هاوکاریی سەربازییان بۆ دەنێرن.

عەلی حەیدەر گوتی "سەرکردایەتی سووریا هاوکاری سەربازیی تەواویان پێشکەشی کورد کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. ئێستاش بەردەوامین لە پێشکەشکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا". گوتیشی "لە کاتی شەڕەکاندا پەیوەندی بە فەرماندەکانی یەپەگەوە دەکەم".

سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاڵای پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، عەلی حەیدەر گوتی هیچ کێشەیەکی نییە کاتێک ئاڵای کورد دەبینێ لەسەر ڕێگاکاندا "هەموو شتێک لە چوارچێوەی سووریایەکی یەکگرتوودایە".

# سندووقێکی پڕ لە بۆمب.. یادگاری چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر





**شاهین بەرزنجی**
**ڕووداو – قامشلۆ**

لەوکاتەی کە خەریکی چاندنی ڕووبەرێکی بچووک بوو لەنێو حەوشەی ماڵەکەیدا، هەستیکرد شتێک ڕێ لە خاکەنازەکەی دەگرێت، وایزانی بەردێکی گەورەیە، بۆیە نوشتایەوە بۆ دەرهێنانی، بەڵام دوایی تووشی سەرسوڕمان بوو کە بینیی سندووقێکی پڕ لە بۆمبە.

خۆشناڤ شاکری تەمەن 59 ساڵ، بەو ڕووداوە بەسەر یادگاری مێژوویەکی گەورەدا کەوت. خۆشناڤ بە دەست ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکات کە پێش چەند ڕۆژێک 27 بۆمبی لێدەرهێنان. باوکی خۆشناڤ پێش 53 ساڵ ئەو بۆمبانەی لە ژێر خاک شاردبوونەوە، بۆ ئەوەی بۆ پێشمەرگەیان بنێرێت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا لە باشووری کوردستان.

ئەو شوێنە، یادگاری پەیداکردنی تەقەمەنییە بەشێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر بۆ پێشمەرگە و ئێستاش ئەو یادگارییە خاوەن چەندان چیرۆکە لە بیرەوەریی گوندیە سادەکانی ئەو ناوچەیەدا.

لەتیف شاکر کە ئەوکات تەمەنی 30 ساڵ بووە، ویستی کێڵگەکانی لە مین پاک بکاتەوە و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە دابین بکات، بۆیە دەستی بە هەڵگرتنەوەی مینەکان کرد لەو سنوورە نێودەوڵەتییەی نێوان سووریا و تورکیا (کە لە ناوچەکەدا بەسەرخەت و بن خەت ناودەبرێت). لەتیف شاکر ئەو تەقەمەنیانەی بە یارمەتیی هاوڕێیەکانی دەگەیاندنە شۆڕشی ئەیلول.

لەسەر ئەو کارە، کوڕە بچووکەکەی خۆشناڤ، لە زمانی (ئۆسکێ زاخرانی) کە ئیشی گەیاندنی بۆمبەکان بووە بۆ باشووری کوردستان و هاوڕێیەکی باپیری بووە، دەڵێت "باوکم هەندێکجار مینەکانی کون دەکردن، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانن وەک نارنجۆک بەکاریبێنن".

بۆمب و خۆڵەکە، هەردووکیان بۆنی لەتیف شاکریان هەڵگرتووە، لەبەرئەوەش بۆ خۆشناڤ و کوڕەکەی زۆر پیرۆزن. خۆشناڤ لە تەمەنی منداڵیدا باوکی خۆی لەدەستداوە، بەڵام دایکی پێیگوتووە کە باوکی بەر لە شەهیدبوونی بەهۆی تەقینەوەی مینێک لەسەر سنوور، سندووقێکی پڕ لە بۆمبی لەژێر خاک شاردبووەوە، بەڵام هاوڕێیەکانی شوێنی تەقەمەنییەکانیان بزر کرد.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە، لەتیف شاکر، شەو و ڕۆژ ئیشی دەکرد بۆ هەڵگرتنەوەی مینەکان لە سنووری بەرامبەر گوندەکەی کە 300 مەتر لە سنووری تورکیاوە دوورە و بەشەو ئەفسەر و سەربازەکانی تورکیای بانگەکردن بۆ نانخواردن و دیاریی پێشکێش دەکردن، تاوەکو ڕێگەی پێبدەن بەیانیان ئیشی هەڵگرتنەوەی مینەکان بکات "ئەگەر ئەفسەرە تورکەکە (عەلی موتتەکی) ئەوەی زانیبا کە لەتیف ئەو مین و بۆمبانەی بۆ فرۆشتن نییە، بەڵکو دەیاننێرێت بۆ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، بەبێ دوودڵی دەیکوشت و سنوورەکەی بۆ دەکردە گۆڕ". هەروەک ئۆسکی زاخرانی باسیکردبوو.

بەرپرسی ئەو گرووپە، خالد مشایخی بوو کە کادیرێکی پێشکەوتووی (پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا) بوو. مشایخی دەڵێت یەکەم تانکی عێراقی کە لە شۆڕشی ئەیلول تەقێندرایەوە لە دەڤەری زاخۆ، بە یەکێک لەو بۆمبانە بوو کە لەتیف شاکر بۆ شۆڕشی ناردبوون.

ئۆسکی زاخرانی لە گرووپەکەدا، ئەرکی بردنی ئەو بۆمبانەی بۆ شۆڕش لەسەر شان بوو کە لەتیف شاکر ئامادەی دەکردن. هەر ئۆسکی زاخرانی خۆیشی پێشمەرگەی فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکردن. مشایخی هەروەها ئەوەشی بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ڕوونکردەوە کە "ئەوکاتە زۆربەی کادیر و سەرکردەکانی پارتی لە سووریا لە زیندان بوون، لەکاتی دروستبوونی یەکێتی سووریا و میسر، جگە لە عەبدولحەمید دەروێشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و من وەک کادیرێکی پێشکەوتوو".

ئەو گرووپە لە چەندان کادیری (پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا) پێکدەهات، هەروەک مشایخی دەڵێ کە ئەوانە بەشێکیان بوون: لەتیف شاکر، ئۆسکی زاخرانی، حوسێن حەسەن حاجۆ و حەسەن شێخۆ.

ئەرکی لەتیف شاکر، دەرهێنان و کۆکردنەوەو ئامادەکردنی مین و بۆمبەکان بوو، ئۆسکی زاخرانی وەجبە وەجبە دەیگەیاندنە باشووری کوردستان بۆ شۆڕشی ئەیلول، ئەوەش بەهۆی ئۆتۆمبێلی حوسێن حاجۆ یان حەسەن شێخو، لە ڕێگەی خۆڵ و لە ئاوی ناوچەی سێمالکاوە بە قاچاخ دەیانپەڕاندنەوە، کە ئەوکات عیسا سوار فەرماندەی پێشمەرگە بوو لەو ناوچەیە، پێشمەرگەش هاوکارییان دەکردن بۆ پەڕاندنەوەیان لە ئاوی دیجلە.

خۆشناڤ لەسەر زمانی دایکی باسی ئەوە دەکات کە باوکی لەگەڵ گرووپێکی هاوڕێیانی، داوایان لە عیسا سوار کرد، بچنە ناو هێزی پێشمەرگە، بەڵام عیسا سوار قبوڵی نەکردبوو گوتبووی "ئێمە پێویستیمان بە چەکە، نەک پێشمەرگە". بۆیە ئەوان لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵ، بڕیاریان دا ڕێگەیەک بدۆزنەوە تاوەکو یارمەتی پێشمەرگە بدەن، بە دابینکردنی تەقەمەنی.

مشایخی دەڵێ "لە ساڵی 1960 تاوەکو کودەتای عەبدولکەریم نەحلاوی لەساڵی 1962، ئێمە نەماندەویست زیاتر لە 3 ڕۆژ لە یەک شوێن بمێنینەوە. بەڵام گوندی لەتیفیە یەکێک بوو لە شوێنانەی کە ئێمە لەوێ دەبووینە میوانی لەتیف شاکر و لەوێ زۆر ترسمان نەبوو، چونکە خەڵکی گوندەکە زۆر نیشتمانپەروەر بوون و خزمی نزیکی یەکتربوون و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان نەبوو".

سەبارەت بەکاتی تەقینەوەی مینەکە و مردنی لەتیف شاکر، محەممەد سەعید شاکر، ئامۆزای لەتیف بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێک لە خزمەکان لەگەڵ لەتیف بوو یارمەتی دەدا لە کۆکردنەوەی ئەو مینانەی کە دەریدەهێنان، بەڵام کاتێک لەتیف نەیتوانی یەکێک لە مینەکان دەربێنێ، داوا لە خزمەکەی دەکات لە شوێنەکە دووربکەوێتەوە".

لەتیف شاکر، خۆشەویستی ئاشنایانی بوو. هەموو خەڵکی گوندەکە شاهیدی ئەوەن کە عەلی موتەکی ئەفسەری تورک، هاواری بەسەر سەربازەکانیدا کردبوو، داوای لێکردبوون بەجوانی لە پارچەکانی لەشی لەتیف بگەڕێن لەنێوان گژوگیای شوێنەکەدا، چونکە لایق نییە پارچەکانی لاشەی لەتیف کۆنەکرێنەوە.

لەتیف شاکر، ڕۆژی 1962/7/30 شەهیدبوو، خەڵکی گوندی لەتیفیەیە کە دەکەوێتە 5 کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی قامشلۆ. ئەوکاتەی بەو تەقینەوەیە گیانی لەدەستدا تەمەنی 32 ساڵ بوو. پێنج منداڵی لە دوای خۆی بەجێهێشت.

بە دووریی 20 مەتر لە گۆڕی باپیری لەسەر گردی گوندەکە، لەتیفی تەمەن 20 ساڵ لەگەڵ خۆشناڤی باوکی، سندووقێکی پڕ لە بۆمب و پڕ لە بۆنی لەتیف شاکر لە حەوشی ماڵەکەیان دەردەهێنن.

ئێستا سنوور بۆ ئەو بنەماڵەیە، تەنیا سنوور و دەروازەی هاتوچۆ نییە، بەڵکو بووەتە هێمای کارگەی تەقەمەنیی پێشمەرگە کە لەتیف شاکر و هاوڕێکانی دروستیانکردبوو.

### زۆربەیان هەڵەبجەیین و 8یان خۆیان تەقاندووەتەوە

# (ڕووداو) زانیاری لەبارەی 60 کوردی کوژراوی نێو داعش بڵاودەکاتەوە

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێکیان 25 ڕۆژ بوو ژنی هێنابوو.. یەکێکی دیکە لە قۆناغی سێیەمی زانکۆ بووە. سێیەمیان بانگخواز بووە و یەکێکی دیکەیان زۆری نەمابوو دکتۆرا لە ڕاگەیاندن بەدەستبهێنێ. ئەمانە بەشێکن لە چیرۆکی ئەو چەکدارە کوردانەی کە لە ریزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش)دا کوژراون.

چوونی گەنجانی کورد بۆ ریزی ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە سووریا دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێکی کەم پاش ڕاپەڕینی خەڵکی سووریا لەدژی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە و گۆڕانی ئەو یاخیبوونە مەدەنییە بۆ شەڕی چەکداری کە زەمینەیەکی باشی بۆ گەشەکردنی ڕێکخراوە توندڕەوەکانی وەک بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام ڕەخساند.

هەرچەندە ئامارێکی ورد لەبەردەست نییە سەبارەت بە ژمارەی ئەو گەنجە کوردانەی چوونەتە ریزەکانی داعش، بەڵام بەپێی ئامارێکی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا کە (ڕووداو) بڵاوی کردەوە، نزیکەی 500 گەنج لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە نێو ڕێکخراوی داعش.

تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارە کوردانە لەلایەن پێشمەرگە و شەڕڤانانەوە یان بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە کوژراون کە دیارترینیان خەتاب کوردستانییە. خەتاب کە یەکێک بوو لە ئەمیرە کوردەکانی داعش، ناوی توانایە و خەڵکی گوندێکی دەوروبەری چەمچەماڵە، لە سەرەتای هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانی، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەو هێرشە.

خەتاب پێشتر لەگەڵ چەکدارە کوردەکان زوو زوو دەردەکەوت و هەڕەشەی لە کوردستان دەکرد و سووکایەتی بە ئاڵای کوردستان دەکرد، بەڵام ماوەیەک بێدەنگ بوو، تاوەکو دواتر لە ئەکاونتەکانی سەر بە داعشەوە لەسەر تویتەر، هەواڵی کوژرانی بڵاوکرایەوە.

چەکدارە کوردەکانی نێو داعش، تاوەکو ئێستا چەندین تاوانیان ئەنجامداوە و بڵاویانکردووەنەتەوە، لەوانەش سەربڕینی پێشمەرگەی دیل هوجام سورچی لەلایەن چەکدارێکی کورد بەناوی مۆفەق زێباری. ئەم چەکدارە کوردە مانگی ڕابردوو لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە نێو شاری مووسڵ کوژرا. هەروەها دوو برای دیکەشی بەناوەکانی یونس و موسا کە ئەوەی یەکەمیان پلەیەکی باڵای هەبوو لە نێو داعش و بەدەستی پێشمەرگە کوژرا.

تاوانێکی دیکەی ئەو چەکدارە کوردانە، گوللەبارانکردنی نەقیبێکی زێرەڤانی بوو کە بە دیلی کەوتبووە دەستیان. هەروەها سەربڕینی سێ پێشمەرگەی دیکە کە لە شەڕی تەللوەرد بەدیل گیرابوون.

### کاروانیان بۆ دروستکردوون

ئەو پەیج و ئەکاونتانەی لەلایەن داعشە کوردەکانەوە دروستکراون، زوو زوو وێنەی کوژراوەکانیان بڵاودەکەنەوە. تەنانەت لە یەک ڤیدیۆی مۆنتاژکراودا، وێنەی 53 چەکداری خۆیان بڵاوکردووەتەوە کە لە ریزەکانی داعشدا کوژراون. ڤیدیۆکە بەناوی (کاروانی شەهیدانی کورد لە نێو دەوڵەتی ئیسلامی 1) لە ڕۆژی 6ی ئەم مانگە بڵاوکراوەتەوە.

ئەمەی داعشە کوردەکان بڵاویانکردووەتەوە، بە قسەی خۆیان بەشی یەکەمە، بەوپێیە ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەوە لە ریزەکانی داعشدا کوژراون.

### خەڵکی هەڵەبجە و سلێمانی زۆرینەن

لەو 53 چەکدارە کوردە کوژراوانەی کە داعش بە جارێک بڵاوی کردوونەتەوە، هەروەها ئەوانەشی ڕۆژانە وێنەکانیان بڵاودەکاتەوە، دەردەکەوێت کە زۆربەیان خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجەن.

هەندێک لەو کوژراوانە ناونیشانی تەواویان هەیە، هەندێکیان تەنیا ناو و ناسناویان نووسراوە و ئاماژە بە شوێنی نیشتەجێبوونیان نەدراوە.

تەنیا یەک چەکداریان بەبێ ناوە و لەسەر وێنەکەی نووسراوە خەڵکی کفرییە. هەروەها سەرجەم ئەو چەکدارانە ناوی خۆیان لە نێو داعش گۆڕیوە بە ناوی سەحابیەکانی سەردەمی پێغەمبەر، یان سەرکردەکانی پێشووی ئەلقاعیدە، زۆربەشیان پاشگری (الکوردی)یان بۆ ناوی خۆیان داناوە.

بەپێی ئەو ڤیدیۆیە، 13 لەو چەکدارە کوژراوانە خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری هەڵەبجەن. هەروەها چەکدارێکی دیکەش کە ناسناوەکەی (ابن لادن) بووە لە نێو داعش، خەڵکی هەڵەبجەیە و هەفتەی ڕابردوو وێنەکەیان بە کوژراوی بڵاوکردەوە.

یەکێک لەو هەڵەبجەییانەی لە ریزەکانی داعشدا کوژراوە قوتابی قۆناغی سێیەمی زانکۆی هەڵەبجە بووە. هەندێکیشیان قوتابی کۆلێژ و پەیمانگە ئیسلامییەکانن.

هەر بەپێی ئەو ڤیدیۆیە، 7 لەو چەکدارە کوژراوانە خەڵکی سلێمانین، چواریشیان خەڵکی گەرمیانن، لەوانەش گەنجێکی کەلاری بەناوی نامۆ گەرمیانی کە قوتابی دکتۆرا بووە و بەڕێوەبەری یەکێک لە پەیجە کوردییەکانی داعش بووە.

هەروەها متمانەپێکراوترین کەس بووە لەلایەن محەممەد عەدنانی، گوتەبێژی داعش. نامۆ کە ناوەکەی (سمکۆ فەرەج)ە دەرهێنەری ڤیدیۆی سەربڕینی 3 پێشمەرگەکە بووە.

لەو 53 چەکدارە کوردە چواریان خەڵکی هەولێرن، هەفتەی ڕابردووش پەیجەکانی داعش وێنەی چەکدارێکی دیکەی هەولێرییان بڵاوکردەوە کە خەڵکی ناحیەی خەلیفان بووە بەناوی عەبدولقەهار خەلیفانی. ناوبراو لە تەمەنی 13 ساڵییەوە چووەتە ریزی ئەنسارولئیسلام لە ناوچەی هەورامان، دوای گرتنی مووسڵ بەیعەتی بە ئەبوبەکر بەغدادی داوە و لەم ماوەیەدا لە بێجی کوژراوە.

### ڕۆژهەڵاتییەکان لە نێو داعشدا

هەرچەندە ئامارێکی ورد لەبارەی چەکدارە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو داعشدا لەبەردەست نییە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، نزیکەی 200 گەنجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوونەتە نێو داعش کە ژمارەیەکیان کوژراون و داعش وێنەکانی بڵاوکردوونەتەوە.

بەپێی زانیارییەکان دوو برا بەناوەکانی (حوسێن کەرەمی و عیرفان کەرەمی) کە خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، لە ریزەکانی داعشدا کوژراون.

هەروەها گەنجێکی دیکەی شاری نەغەدە بەناوی (ئیدریس) کە لەنێو داعش ناوی لەخۆی نابوو (ئەبو محەممەد ئەلخوراسانی) کوژراوە. چەکدارێکی دیکەیان بەناوی فەرزاد مەیسورابی کە خەڵکی ناوچەی کامیاران بووە، کوژراوە.

### خۆیان بە شەڕڤاناندا تەقاندووەتەوە

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبارەی ئەو 53 چەکدارە کوردە بڵاوکراونەتەوە، 7 لەوانە خۆیان تەقاندووەتەوە، زۆربەشیان لە شەڕی کۆبانی خۆیان بە هێزی یەکینەکانی پاراستنی گەلدا تەقاندووەتەوە. هەروەها دوو چەکداریشیان خۆیان لە نەخۆشخانەیەکی حەلەب تەقاندووەتەوە. چەکدارێکیشیان لەگەڵ چەکدارێکی میسری خۆیان بە بارەگایەکی یەکێتیدا لە جەلەولا تەقاندووەتەوە.








### ناوی ژمارەیەک چەکداری کوردی داعش کە کوژراون و وێنەکانیان بڵاوکراونەتەوە

- کەیوان محەممەد، خەڵکی هەڵەبجە، خوێندکاری پەیمانگەی ئیسلامی، یەپەگە کوشتیان.
- ئیحسان عەبدولڕەحمان، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی زانکۆی هەڵەبجە.
- عوسمان بانیشاری، لەدایکبووی 1993، خەڵکی خورماڵ، پێشتر ئیمام و وتاربێژی مزگەوتێک بووە لە هەورامان.
- ساماڵ سدیق، بانگخواز، خەڵکی شاری سلێمانی، خاوەنی چەندین قوتابی بووە.
- نەبەز، ناسراو بە ئەبو قەتادە، خەڵکی سلێمانی، لەلایەن سوپای ڕژێمی بەشار ئەسەد کوژراوە.
- عوسمان، ناسراو بە (ئەبو خالید کوردی) خەڵکی هەڵەبجە، خۆی تەقاندووەتەوە.
- فەرمان ناسراو بە (ئەبو تەلحەی کوردی).
- کاوان ناسراو بە خەتاب کوردستانی، هاوڕێکانی بە خالید بانگیان دەکرد، ساڵی 1995 لە سلێمانی لەدایکبووە، قوتابی شەشەمی ئامادەیی ئیسلامی بووە.
- شکار فایەق ئێناخی.
- ڕابەر تاریق هەڵەبجەیی، تاقانەی ماڵ بووە، لە سووریا کوژراوە و هەر لەوێش نێژراوە، قوتابی پۆلی شەشی خوێندنی ئیسلامی بووە.
- عوسمان نێرگزەجاڕی، خەڵکی هەڵەبجە.
- ئاکۆ عەبدولکەریم، ناسراو بە (ئەبو عومەر ئەلکوردی) لە دایکبووی 1986ە و کۆنە ئەنسار بووە.
- ڕابەر هەڵەبجەیی ناسراو بە (ئەبو عەمار) لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ڕابردوو گەیشتووەتە سووریا و لە قامشلۆ کوژراوە.
- مەروان ساڵح هەڵەبجەیی، ناسراو بە (ئەبو تەلحەی کوردی) لەدایکبووی 1992، لەگەڵ ڕابەر هەڵەبجەیی بە یەکەوە ڕۆیشتوون.
- مەروان، ناسراو بە (ئەبو ئەنەسی کوردی) خەڵکی سلێمانییە، داعش دەڵێن چوار مانگ بەر لەوەی "هیجرەت" بکات، خودا "هیدایەت"ی دا و گەڕایەوە باوەشی ئیسلام.
- دابان ناسراو بە سەلاحەددینی کوردی، 25 ڕۆژ بوو ژنی هێنابوو، لە مانگی هەنگویندا بوو چووە ریزەکانی داعش.
- یوسف هەڵەبجەیی.
- فەرمان، ناسراو بە (ئەبو ئەلبەڕا) خەڵکی شاری هەڵەبجەیە.
- بارزان ناسراو بە (ئەبو ئیبراهیم ئەلکوردی) دەڵێن خاوەنی پارچە زەوییەک بووە، بەر لەوەی بڕوات زەوییەکەی بە 14 هەزار دۆلار فرۆشتووە و پارەکەی لەگەڵ خۆی بردووە.
- هێمن، ناسراو بە (ئەبو ماریای کوردی) خەڵکی ناحیەی قەرە هەنجیرە، تەمەنی 34 ساڵ بووە کە کوژراوە، دوو ژنی هێناوە و خاوەنی 5 کچە، ژنی یەکەمی تەڵاق دابوو، بەڵام دواتر گەڕاندییەوە لای خۆی، ساڵی ڕابردوو لە سووریا کوژرا.
- محەممەد نانەوا، ناسراو بە ئەبو زوبێر ئەلکوردی.
- زانا حوسێن، ناسراو بە (ئەبو موسعەب ئەلکوردی) خەڵکی گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانییە.
- محەممەد ستار، ناسراو بە (ئەبو بیلال ئەلکوردی) خەڵکی کفرییە و لە دایکبووی 1996ە، خۆی بە هێزێکی یەپەگەدا تەقاندەوە.
- زانیار، ناسراو بە ئەبولحەقی کوردی.
- هەژار ئەبوبەکر، ناسراو بە ئەبو یوسف ئەلکوردی، خەڵکی سلێمانییە، لە دایکبووی 1982، باوکی دوو کوڕ و کچێک بووە. ئەبوبەکر لە دوای هاوکار محەممەد، دووەم کورد بووە چووەتە ریزەکانی داعش لە 2013/2/19. هەروەها دوو لە براکانیشی بەناوەکانی دیار ئەبوبەکر ناسراو بە ئەبو ئەنەسی کوردی و بڕیار ئەبوبەکر ناسراو بە ئەبو ماریای کوردی چوونەتە ریزی داعش. هەژار لە 2014/3/27 لە سووریا کوژراوە.
- ئەبو تەیبە کوردی.
- سەرکەوت، خەڵکی سلێمانییە.
- گەنجێکی شاری کفری، ناوەکەی نەزانراوە.
- چۆمان، ناسراو بە ئەسەدەدین ئەلکوردی، لەلایەن شەڕڤانانی یەپەگەوە کوژراوە.
- مامۆستا دەریا ناسراو بە ئەبو خوبەیب ئەلکوردی.
- ئەبو ئیبراهیم ئەلکوردی.
- زانا، ناسراو بە ئەبو ئەمین ئەلکوردی.
- خوبەیب ئەلکوردی.
- سەعید ئەلکوردی، لەگەڵ داعشێکی میسری لە نێو بارەگایەکی یەکێتی لە جەلەولا خۆیان تەقاندەوە.
- ئەبو وەداع کوردستانی و ئەبو توراس کوردستانی، لە نەخۆشخانەی کەندی لە حەلەب خۆیان تەقاندەوە.
- ئەبو خالید.
- گۆران محەممەد ناسراو بە ئەبو وەلید ئەلکوردی، دوای گرتنی مووسڵ چووەتە ریزەکانی داعش و بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کوژراوە.
- یوسف سورچی.
- ئەبو عەزام ئەلکوردی، خۆی تەقاندووەتەوە.
- ئەبو حەسەن ئەلکوردی بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە خۆی بە بارەگایەکی یەپەگەدا لە کۆبانی تەقاندووەتەوە.
- عومەر کوردی.
- عەبدولشەهید کۆکۆیی، خەڵکی هەڵەبجە.
- پێشەوا، کارمەندی دادگای سلێمانی بوو.
- فاروق ناسراو بە ئەبو بەسیر، خەڵکی هەولێر.
- عومەر عەبدولجەبار، خەڵکی بەردەڕەش، قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بوو، لە تەللوەرد لەلایەن پێشمەرگەوە کوژرا.
- ئاسۆ ناسراو بە خاندوور.
- عومەر تەیراوەیی، ناسراو بە ئەبو ماریا، خەڵکی شاری هەولێرە بە بۆردومانی فڕۆکە کوژراوە.
- ڕێبین زرار، ناسراو بە ئەبو موهاجیر، خەڵکی گوندی گردجوتیاری سەر بەشارۆچکەی بەحرکەی شاری هەولێر بوو، بە بۆردومانی فڕۆکە کوژراوە.
- فەرزاد مەیسورابی، خەڵکی کامیاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- توانا، بە عەبدوڵڵا یان خەتاب کوردستانی ناسرابوو. یەکێک بوو لە ئەمیرە کوردەکانی داعش و سەرپەرشتی شەڕی کۆبانێی دەکرد.
- ئەبو موجاهید ئەلکوردی، خۆی بە یەپەگەدا تەقاندووەتەوە.
- عەبدولقەهار عەبدولڕەحمان خەلیفانی، پێشتر چەکداری ئەنسارولئیسلام بووە. دوای گرتنی مووسڵ، بەیعەتی بە ئەبوبەکر بەغدادی داوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە نزیک بێجی کوژرا.
- سمکۆ فەرەج ناسراو بە (نامۆ گەرمیانی) کارمەندی بەشی کوردی ڕادیۆی بەیانی داعش بووە. ڕۆژی 2015/4/4 لەگەڵ چەکدارێکی بەریتانی بە بۆردومانی فڕۆکە کوژران. سمکۆ خەڵکی کەلارە و خوێندکاری دکتۆرا بووە لە بەشی ڕاگەیاندن، متمانە پێکراوترین کەس بووە لای محەممەد عەدنانی و ڕاوێژکاری بووە، دەرهێنەری ڤیدیۆی سەربڕینی سێ پێشمەرگە دیلەکە بووە.
- ئیبن لادن هەڵەبجەیی، یەکێک بوو لەوانەی لە گرتەی ڤیدیۆیی کوشتنی نەقیبەکەی زێرەڤانی دەردەکەوێت و وتارێک بە زمانی کوردی پێشکەش دەکات.
- ئەبو هومام ئەلکوردی، ئەویش لەو گرتە ڤیدیۆییەدا دەردەکەوێت و وتار دەدات.
- کارزان، ناسراو بە ئەبو خالید ئەلزەرقاوی.
- حوسێن کەرەمی و عیرفان کەرەمی. ئەم دوو برایە خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و مانگێک لەمەوبەر پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە.
- ئیدریس نەغەدەیی، ناسراو بە (ئەبو محەممەد ئەلخوراسانی) خەڵکی شاری نەغەدە بوو. هەفتەی ڕابردوو لەلایەن سوپای عێراقەوە لە نزیک بێجی کوژرا.
- مۆفەق ئەسعەد زێباری، دانیشتووی قەزای بەردەڕەش، لەگەڵ دوو برای دیکەی بەناوەکانی یونس و موسا، چوونە نێو داعش، هەردوو براکەی کە ئەوەی یەکەمیان پلەیەکی بەرزی لە نێو داعشدا هەبوو، لەهێرشەکانیان بۆ سەر پێشمەرگە کوژران. مۆفەق لە ناوەڕاستی شەقامێکی شاری موسڵ، پێشمەرگەیەکی بەناوی هوجام سورچی سەربڕی، دواتر لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە نێو شاری مووسڵ کوژرا.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20

## وەزیرێکی عێراق پشتگیریی بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزی کێلێ دەکات



**ڕووداو – هەولێر**

بەمەبەستی بە فەرمیکردنی مەرزی کێلێی سنووری پشدەر شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ وەزیری ناوخۆی عێراق محەممەد سالم غەبان کۆبوونەوە. پەرلەمانتار ئاری هەرسین کە ئەندامێکی شاندەکەیە گوتی "وەزیری ناوخۆی عێراق پشتگیریی تەواوی خۆی پیشانداوە بۆ ئەوەی مەرزی کێلێ بەنێودەوڵەتی بکرێت". ئاری هەرسین هەروەها گوتی "پشتگیری وەزیری ناوخۆ زۆر گرنگە کە بەدەستمانهێناوە". ناوبراو ڕونیشکردەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەموو کارە یاساییەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی ئەو مەرزە تەواوبووە، تەنیا ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقی ماوە.

### مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراک دەبێت

# وەزارەتی کشتوکاڵ توانای چاودێریکردنی پرۆژەکانی نەماوە



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ پێیوایە قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری لەسەر سستبوونی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان هەبووە. بەهۆی نەبوونی پارەش وەزارەتی کشتوکاڵ توانای سەرپەرشتی و چاودێریی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی نەماوە.

بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، زۆربەی سێکتەرەکان لە کوردستان پەکیانکەوت و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان وەستان. بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت ئەم قەیرانە داراییە کاریگەری لەسەر سەرجەم سێکتەرەکان هەبووە، بەڵام بە پلە یەک سێکتەری کشتوکاڵ.

د.خالس ئەحمەد ، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی دابیننەکردنی پارە و بودجە، ماوەی ساڵێکە کارکردن لە زۆربەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان وەستاوە".

ئەو بەرپرسە باڵایەی وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان چەندینجار بە بەزارەکی و نووسراو داوایان لە وەزارەتی دارایی کردووە، ئەگەر ناتوانن کەرتی کشتوکاڵ لە قەیرانی دارایی بەدەربکەن، با هیچ نەبێ بودجەی پێویست بۆ ئەو پرۆژانە دابین بکەن کە ناکرێ دوابخرێن، چونکە وەک ئەو دەڵێت "هەندێ پرۆژەی کشتوکاڵی هەیە وەرزین و کاتی دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەجێبەجێنەکردنیان زیانی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ دەگات".

### دارستانەکان مەترسییان لەسەرە

د.خالس نموونەی بە نەمامگەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هێنایەوە و گوتی "لەزۆربەی شار و شارۆچکەکان نەمامگەمان هەیە و پارەیەکی زۆرمان بۆ چاندنی نەمام خەرج کردووە. ئەم نەمامگانە ئێستا پێویستیان بە کرێکارە بۆ بژار و موتوربەکردن و ئاودان، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە، ناتوانین کرێکار بگرین".

هەروەها گوتی"هەندێ پرۆژە پێویستیان بەچاودێریی بەردەوام هەیە، وەک پڕۆژەکانی پەلەوەر، بەرهەمی خانووە پلاستیکییەکان، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی پارە بەڕێوەبەراتییە تایبەتمەندەکانی پارێزگاکان، وەک پێویست ناتوانن چاودێری چالاکیی ئەم پرۆژانە بکەن، ئەمەش بەخراپ دەشکێتەوە لەسەر تەندروستیی خۆراک لە کوردستان و پشتگوێخستنیمەترسیدارە".

دوای مانگی گوڵان، گژو گیا وشک دەبێت. بەرپرسەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ هەر لە ئێستاوە لە خەمی وشکبوونی گژو گیادایە و دەڵێت "مانگی وشکبوونی گژوگیا نزیکە، بەڵام هیچ کارێک نەکراوە بۆ پاراستنی دارستانەکان لە سووتان، تاوەکو ئێستا 3 نووسراومان ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووە و پێمانگوتوون کە ئەم بابەت هەستیارەو پێویستی بە دابینکردنی پارە هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامێکمان دەست نەکەوتووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 25 نەمامگەی حکومی بۆ بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و باخداری و جونکاری هەن. ئەم نەمامگانە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە 5 ملیۆن و 96 هەزار نەمامیان هەیە کە بەنرخی پاڵپشت دەدرێتە جوتیاران.

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست لەکاتی خۆی بۆ کڕینی تۆو و بەکرێ گرتنی کرێکار بۆ موتوربە و بژارکردن و ئاودان، ماوەی دوو ساڵە بەرهەمی نەمامگەکانمان وەک پێویست نییە. ئەمساڵیش بەهۆی بێ پارەیی، زۆربەی نەمامگەکان نەیانتوانیوە وەک پێویست نەمام بچێنن، بۆیە پێشبینی دەکەین بۆ ساڵانی داهاتوو بەرهەمی نەمامگەکان بە ڕێژەی 40% کەم بکات".

نەبوونی پارە دەستی بەڕێوەبەرایەتییەکەی سەمیری گرتووە کە نەتوانن چاودێری پرۆژەکانیان بکەن. سەمیر گوتی "ساڵی ڕابردوو نزیکەی 240 دۆنم پیازمان وەک تاقیکردنەوە بۆ 51 جوتیار چاندووە، بەهەمانشیوە نزیکەی 4 هەزار تۆن تۆوی پەتاتەمان بەسەر جوتیاراندا دابەشکردووە، ئێستا بەهۆی نەبوونی پارە ناتوانین چاودێری و سەرپەرشتییان بکەین".

پێشتر لەڕێگەی تیمەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر بە وردی چاودێری ئەو بەرهەمانە دەکرا کە لە خانووە پلاستکییەکان بەرهەم دەهات، بۆ ئەوەی هۆرمۆن و دەرمانی قڕکەری درێژخایەن بەکارنەهێنن، چونکە بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر تەندورستیی خەڵک هەیە. بەڵام سەمیر دەڵێت "بەهۆی دابیننەکردنی پارە، ماوەی دوو ساڵە وەک پێویست ناتوانین چاودێرییان بکەین".

نەمامگەی کانی پانکە یەکێکە لە نەمامگە حکومییەکانی سەر بەوەزارەتی کشتوکاڵ، ئەمساڵ 119 هەزار نەمامی خۆخ، قەیسی، هەڵوژە، هەرمێ، هەنار و مێو بەنرخی پاڵپشت بەسەر جوتیاراندا دابەشکردووە، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی پارە گرفتی پەروەردەکردنی نەمامی هەیە بۆ ساڵی داهاتوو.

تەیمور هەورامی، بەڕێوەبەری نەمامگەی کانی پانکە لە سلێمانی، ڕایگەیاند ساڵانە 60 کرێکار بۆ بژار و ئاودان بۆ نەمامگەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکان دابین دەکرا، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی دارایی هیچ کرێکارێک بۆ نەمامگەکان بەکرێ نەگیراوە، ئەمەش وای کردووە نەمامەکان بژارێکی زۆریان هەبێت. گوتیشی "بوونی ئەم بژارە زەرەرێکی زۆری بە نەمامگەکان گەیاندووە".

ڕووبەری نەمامگەکەی تەیمور 60 دۆنمە، مانگی ئایاریش کاتی موتوربەکردنی نەمامەکانە. تەیمور دەڵێت "ئەگەر تاوەکو مانگی داهاتوو کرێکارمان بۆ دابین نەکەن و نەمامەکان موتوربە نەکرێن، ڕەنگە نەمامەکانمان بفەوتێن، بۆیە ئەوکات جوتیاران ناچار دەبن نەمامی خراپ لە دەرەوە هاوردە بکەن".

تەیموور ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هاوردەکردنی نەمام جگە لەوەی زیان بە ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت، لە هەمانکاتدا نەخۆشیش لە نێو دارەکان بڵاودەکاتەوە "چونکە وڵاتانی دەوروبەر تاوەکو بۆیان بکرێت نەمامی خراپمان بۆ دەنێرن".

بۆ گەشەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی، زۆربەی وڵاتانی جیهان زیاتر لە 10%ی بودجەی وڵات بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان دەکەن، بەڵام لە کوردستان بودجەی کشتوکاڵ لە 1.8%ی بودجەی گشتی تێپەڕی نەکردووە.

دکتۆر خالس ئەحمەد دەڵێت "بەرپرسانی وەزارەت بەگشتی و خودی وەزیریش سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەمجارە بەهیچ شێوەیەک ئەم بودجە کەمەی وەزارەتی کشتوکاڵ قبوڵ نەکەن، چونکە بەم بڕە بودجە کەمە، هەرگیز ناتوانرێت باری لاسەنگی کەرتی کشتوکاڵ ڕاستبکرێتەوە".

# بازاڕی ئەمساڵی بەرهەمە خۆڕسکەکە گەرم بوو

### فرۆشیارێک: ڕۆژی وا هەبووە 25 تۆنم فرۆشتووە



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ دەستپێکی بەهاردا، لوقمان ڕەسوڵ و هاوڕێکانی ڕوودەکەنە دەشت و دۆڵ و زورگەکانی مەخموور بۆ کۆکردنەوەی دومبەڵان، ئەوان هەم چێژ لە کۆکردنەوەی ئەو گیایە وەردەگرن و هەمیش داهاتێکیان بۆ دابین دەکات.

لوقمان ڕەسوڵ، زیاتر لە 20 ساڵە لە وەرزی بەهاردا لە ناوچەکانی قەراج و کەندێناوە دومبەڵان کۆدەکاتەوە. ئەو دەڵێ "هەر ساڵێک لە وەرزی پایزدا باران زۆر بباریێ، ئەوا ئەو ساڵە دومبەڵان زۆر دەبێت".

دومبەڵان ڕووەکێکی خۆڕسکی وەرزییە، دوای بارانێکی باش لە وەرزی پایز دەڕوێت و لە بەهاردا کۆدەکرێتەوە. کێشەکەی لەنێوان 40 بۆ 500 گرامە.

ئەم ڕووەکە ناوە زانستییەکەی (Terefezia) یەو سەر بە جیهانی کەڕووەکانە، زیاتر بەشێوەی خۆڕسک لە دەشت و بانە لماوییەکان لە قووڵایی 5 بۆ 15 سەنتیمەتر دەڕوێت.

دکتۆر قاسم مەرزانی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ڕووەک و کەڕووەکان لە بەشی پاراستنی ڕووەک لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "دومبەڵان جۆرێکە لە کەڕوو، جیاوازییەکەی لەگەڵ کوارگ ئەوەیە کە دومبەڵان لەژێر خاک دەڕوێت، بەڵام کوارگ زیاتر لەسەر زەوی دەڕوێت، جگە لەوە دومبەڵان جۆرێک لە سپۆر لەنێو کیسی بەرەکەیدا دروست دەکات، هەر بۆیە لەگرووپی کەڕووە توورەگەییەکان دادەندرێ".

لەهەر دۆمبەڵانێکدا بەسەدان کیس هەن، هەر کیسێکیش 8 سپۆری تێدایە کە لەکاتی پێگەیشتنیدا، کیسەکان دەتەقن و سپۆرەکان بڵاودەبنەوە و لەوەرزێکی دیکە لەهەمان ناوچە جارێکی دیکە دەڕوێنەوە، جاری واش هەیە لە ڕێگەی هەندێ گیانەوەر سپۆرەکان بڵاودەبنەوە.

### بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە

بەگوێرەی توێژینەوەکان لە هەر 100 گرام دومبەڵاندا (70% ئاو، 16.4% کاربۆهێدرات، 0.5% چەوری، 5.6% پرۆتین، 1.96% کانزاکانی وەک پۆتاسیۆم، سۆدیۆم، کالیسیۆم، مەگنیسیۆم، فسفۆر، کلۆر و ئاسن) هەیە، هەروەها دومبەڵان بەڕێژەی جیاواز ڤیتامینە جۆراوجۆرەکانی تێدایە.

دکتۆر قاسم مەرزانی، دەڵێت "ئەم ڕووەکە بەهایەکی بەرزی خۆراکیی هەیە. ئەو پڕۆتینەی لەنێو دومبەڵاندایە، زۆر بەبەهایە بۆ تەندروستیی مرۆڤ، چونکە ئەو ئەمینۆئەسیدەی لە پرۆتینەکەیدایە، بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو پرۆتینانەی لەئاژەڵدا هەن".

### شنگال لە دومبەڵاندا یەکەمە

دومبەڵان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەیە، بەڵام بە پلەی یەک لە ناوچەی شنگال و زوممار هەیە، دوای ئەویش سنووری قەزای مەخموور دێت وەک ناوچەکانی قەراج و کەندێناوە و چیای قەرەچووخ و گوندەکانی گورگە، جاستان، وادی غەراب، خورمەڵە، مشار، عەولا فات و چەندین ناوچەی دیکە.

لوقمان دەڵێت "دۆزینەوەی دومبەڵان شارەزایی تایبەتی دەوێت، کەسی وا هەیە ڕۆژانە 10-15 کیلۆگرام دومبەڵان دەدۆزێتەوە، کەسی واش هەیە تا ئێوارە چەند دومبەڵانێک دەدۆزێتەوە".

دومبەڵان زۆر جۆری هەیە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان دەڕوێت بە دومبەڵانی سوور، سپی و ڕەش ناودەبرێن. دومبەڵانی ڕەش لە ناوچەی شنگال هەیە و سووریش لە مەخموور.

### لە کوردستان ناچێندرێت

سەرەڕای ئەوەی بەهایەکی بەرزی خۆراکیی هەیە و نرخەکەشی گرانە، بەڵام کەس لە کوردستان دومبەڵان ناچێنێ. سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوکانی ئاو دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک لە کوردستان دومبەڵانی نەچاندووە، ئەو بەرهەمەشی هەیە بەشێوەی خۆڕسک دەڕوێت".

گوتیشی "ئەگەر توێژینەوە بکرێت بۆ جۆری ئەو خاکەی کە دومبەڵان تێیدا گەشە دەکات، ڕەنگە بتوانرێت بەشێوەی دەستکرد لەکێڵگەدا بچێنرێ".

دکتۆر قاسم مەرزانی، لەبارەی چاندنی دومبەڵانەوە دەڵێت "چاندنی دومبەڵان لە کێڵگەدا ئەستەم نییە، بەڵام پێویستی بەژینگەیەکی زۆر تایبەت هەیە، بۆیە تائێستا لەزۆربەی وڵاتان بەشێوەی خۆڕسک هەیە، تەنیا لە فەرەنسا نەبێت دوای توێژینەوە توانیویانە لەکێڵگەی دەستکرد لەسەر ڕەگی هەندێ ڕووەک بە ڕووبەری فراوان بەرهەمی بهێنن".

ڕووەکی دومبەڵان زیاتر حەزی بە خاکێکی تێکەڵ و لماوی هەیە کە ماددەی ئۆرگانی زۆر بێت و ڕێژەی نایترۆجینی بەرز بێت، بۆیە هەر ساڵێک هەورە بروسکە و بارانی زۆر بێت، دومبەڵان زۆر دەڕوێت، چونکە هەورە بروسکە و باران نایترۆجینی هەوا لەگەڵ ئاو دەتوێننەوە و دەچێتە ژێر خاک و دەبێتە خۆراک بۆ گەشەی دومبەڵان.

ئەم بەرهەمە خۆڕسکە لە کوردستان هێندە زۆرە، بەشی ئەوە دەکات ببرێتە بازاڕ و بفرۆشرێت.

حاجی موخلیس یاسین، خاوەنی نووسینگەی جیهانی میوە بۆ فرۆشتنی میوە لە گومرگی هەولێر، لە وەرزی بەهاردا زیاتر دومبەڵان دەفرۆشێت و دەڵێت "ئەمساڵ نزیکەی 800 تۆن دومبەڵانم فرۆشتووە".

سەبارەت بە سەرچاوەی ئەم دومبەڵانە، حاجی موخلیس دەڵێت "بەشی هەرە زۆری دومبەڵانی ناوچەی شنگال و زوممارە، بەشێکیشی لە ئێرانەوە دێت". گوتیشی "ئەمساڵ لە کوردستان دومبەڵان زۆر زۆر بوو، ڕۆژی وا هەیە 25 تۆن دومبەڵانم فرۆشتووە".

### کێ کڕیاری دومبەڵانە؟

حاجی موخلیس باسی کڕیارانی دومبەڵان دەکات و دەڵێت خەڵکی هەولێر و کەرکووک زۆر دومبەڵان دەکڕن، کڕیاری عەرەبیش لە هەولێر زۆرە، ڕۆژانەش بە تۆن دومبەڵان بۆ شارەکانی عێراق دەڕوات.

سەبارەت بە نرخەکەشی، حاجی موخلیس گوتی "نرخی دومبەڵان بەگوێرەی قەبارە و جۆرەکەی دەگۆڕێت، لەسەرەتای دەرکەوتنیدا نرخی کیلۆیەک دومبەڵانی قەبارە گەورە دەگەیشتە 25 هەزار دینار، بەڵام ئێستا بە 15 هەزار دینارە، دومبەڵانی قەبارە بچووکیش سەرەتا نرخەکەی 15 هەزار بوو، ئێستا بۆ 10 هەزار دابەزیوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو دومبەڵان کەم بوو، نرخی کیلۆیەکی گەیشتە 50 هەزار دینار".

دومبەڵانی ناوخۆ خەریکە بەرەو تەواوبوون دەچێت، بەڵام حاجی موخلیس دەڵێت ئەوان پەکیان ناکەوێت، چونکە دومبەڵان لە جەزائیر و مەغریبەوە هاوردە دەکرێ.



## دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی:

# عەلی باپیر بەدیلی نییە

دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە. بەڵام زۆرجار لە مەسەلە شەرعییەکاندا بە پێچەوانەی بەرپرسانی حیزبەکەی بیردەکاتەوە. ئەو تاکە کوردە کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە داواکرابوو. بەڵام خۆی نەدا بەدەستەوەو لە ئێران گیرسایەوە تاوەکو ئەوکاتەی ئەمریکییەکان عێراقیان جێهێشت لە کۆتایی ساڵی 2011.

لە کۆنگرەی رابردووی حیزبەکەیدا لە ئێران بوو، بەڵام لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. وا بڕیارە کۆمەڵی ئیسلامی لە ماوەی داهاتوودا کۆنگرە ببەستێ. دڵشاد گەرمیانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) کە بە تەلەفۆن لەگەڵی سازکراوە، باسی کۆنگرەی داهاتووی کۆمەڵ دەکات و داوای گۆڕانکاری دەکات. بەڵام پێیوایە بۆ ئەمیری حیزبەکەی "عەلی باپیر بەدیلی نییە".

هەر لەو هەڤپەیڤینەدا باسی سرودووی ئەی رەقیب دەکات کە هەفتەی رابردوو لە مەراسیمی یادکردنەوەی قوربانیانی ئەنفالدا لەبەر ئەم سروودە هەڵنەستایەوە. لەسەر ئەوە رەخنە لە هەندێک لە بەرپرسانی یەکگرتووی ئیسلامی دەگرێت و دەڵێت "خەڵکی وایان هەیە، زیاد لە خەڵکی دیکە ئیحیترامی ئەم سروودە دەگرێت".

سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە گفتوگۆیەکی گەرمی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دروستکردووە، پێیوایە ئەگەر مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە لەوانەیە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بەدی بێت.

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

### من بۆ ئەی رەقیب هەڵناستم و کەسیشم ناچار نەکردووە هەڵنەستێ

**رووداو: کەی کۆمەڵی ئیسلامی کۆنگرە دەبەستێ، هیچ کاتێکی دیاری کردووە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** هەر کاتێک کۆنفرانسی ناوچەکان تەواوبن، یەکسەر کاتێک دیاری دەکەین بۆ بەستنی کۆنگرە. جاران سەرکردایەتی لە کۆنگرە هەڵدەبژێردران، ئێستا سەرکردایەتی لە مەڵبەندەکان هەڵدەبژێردرێن، دوای ئەوە وادەیەک دیاری دەکرێ، ئەندامەکانی دیکەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لە کۆنگرە دەستنیشان دەکرێن.

**رووداو: کۆنفرانسی مەڵبەندەکان دەستی پێکردووە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** ئێستا دەستیپێکردووەو پێدەچی بۆ سێ هەفتەی دیکە تەواوببێ، کە کۆنفرانسەکە تەواوبوو، لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە وادەیەک دادەنێ و هیچ ئاستەنگێکیش نییە بۆ ئەوەی کۆنگرە نەکرێ.

**رووداو: کۆمەڵی ئیسلامی دەبێ چی بکات لەو کۆنگرەیەدا؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** کۆنگرە فیکری جیاوازی تێدایە، ئەوەی کە من پێم باشە رەنگە خەڵکی دیکە پێی باش نەبێ. رای منیش ئەوەیە کە کۆمەڵی ئیسلامی مەڵبەندەکانی سەرقاڵی کاری بانگەواز و پەروەردە بکات. ئەم هەموو ئۆرگانانە کە بەچاولێکەری لە حیزبەکان و شوێنەکانی دیکە هاتوون، نەمێنن وەکو بەش و شتی دیکە. مەڵبەندەکان سەرووەرییان بۆ بگەڕێتەوە. هەموو بەشەکان لەخۆ بگرن. چونکە مەڵبەندێک ئەگەر قوتابیانی تێدا نەبێ، خوشکان، مامۆستایان، بانگخوازی تێدا نەبێ، ئەوە چ مەڵبەندێکە؟ ئەگەر مەڵبەند هەموو بەشەکانی هەبێ و سەربەخۆیی خۆی هەبێ، سەرکردایەتییەکی بچووکی ناوچەی خۆی بێ و دەسەڵاتی مادی و مەعنەوی هەبێ. ئەوکات مەڵبەندەکە کارەکەی بە فیعلی و بانگخوازی دەبێ. ئێ خۆ سەردەمی حیزبی بەعس نییە، لە مەڵبەند رێکخستن بکەی و بە نهێنی کاری رێکخستن بکرێ، ئێستا هەرچی شتێک هەیە ئاشکرایە. دەبێ کاری ئێمە پەروەردەکردنی خەڵک بێ، نەک کاروباری سیاسی و سەردانکردن. راستە دەبێ پەیوەندی سیاسی هەبێ، بەڵام ناکرێ خۆی زیاتر سەرقاڵی کاری دیکە بکات.

**رووداو: ئێوە لە کۆنگرە پێشنیازی ئەوە دەکەن پاشگری ئیسلامی بەنێوی حیزبەوە نەمێنێ؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** بڕوام وایە حیزبی ئیسلامی هەر کارێک بکات ئەگەر لە رووی شەرعەوە دروست بێ، ئەوکات ناوی ئیسلامی هەبێ ئەوا شتێکی چاکە، ئەگەر کارێک بکەی لە دەرەوەی شەرعدابێ ئەوا ئەو پاشگرە ئیسلامییە هیچ کاریگەری نییە.

**رووداو: ئایا لە کۆنگرەدا کەس هەیە شوێنی عەلی باپیر بگرێتەوە وەکو ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، چونکە دەگوترێ بۆ تەنیا عەلی باپیر لەو پۆستەدا بمێنێتەوە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** تاوەکو ئێستا ئەو بابەتە باس نەکراوە. ئێستا بیرۆکەکان لەبارەی پۆستی ئەمیر جیاوازن، هەیە دەڵێت بۆچی هەر عەلی باپیر بمێنێتەوە، با پۆستی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بکرێ بە دوو خول و هەر خولێک بۆ چوار ساڵ بێ، ئەم جۆرە قسانە هەن. بەڵام بۆچوونی من بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە. من قەناعەتم وایە ئەگەر کەسێک بەرپرسیارێتی هەبوو لە حیزب، ئەگەر ئەو کەسە شکستی هێنا، یاخود توانای نەما، یان پیربوو، یان کەموکوڕیی هەبوو، ئەوە بگۆڕدرێت، بەڵام ئەگەر کەسێک سەرکەوتووبێ لە کارەکانی و حیزبەکەی گلەیی لێی نەبێ، دەبێ هەر بە ئەمیر بمێنێتەوە، ئیدی دوو ساڵە یان 20 ساڵ یان 50 ساڵ. ئێستا مامۆستا عەلی باپیر، ئەو گلەییەی لەسەر نییە کە نەتوانێ ئەو ئەرکەی لەسەر شانێتی جێبەجێی بکات.

**رووداو: واتە تۆ لەگەڵ مانەوەی عەلی باپیری؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** وەڵڵاهی من قەناعەتم وایە بەدیلێکی لە مامۆستا عەلی باشتر نییە. لەم کاتەدا کەس لەو باشتر نابینم کە کاروباری ئەو حیزبە بە رێکوپێکی بەڕێوەببات.

**رووداو: چەند جارێک باسی یەکگرتنی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی کراوە، ئەمە لە کۆنگرە باس دەکرێ؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموانییە ئەو بابەتە لە کۆنگرە باسبکرێ، چونکە هەر کاتێک ئەو تەرحە بەجدی بکرێ، دەکرێ لە کۆنگرەش باسبکرێ. کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر ئەوە موتەفیقە ئەگەر دوو هێزی ئیسلامی یەکبگرن، بەڵام بە بڕوای من کادیرانی ئەو دوو حیزبە فیکریان زۆر لەگەڵ یەکدی کۆک نییە و لەیەکدی نزیک نین. سادەترین نموونە مەسەلەی سرووودی ئەی رەقیبە. لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی هەستانەوە بۆ سرووودی ئەی رەقیب شتێکی ئاساییە، بەڵام لەنێو کۆمەڵی ئیسلامی لەبەر ئەوەی لەسەر هەندێ وشە خیلافی فیکری و عەقیدەییمان لەسەری هەیە، ئێمە حەز دەکەین لەو بۆنانە بەشداری نەکەین کە ئەی رەقیب لێدەدرێ، یان کە پێشوەختە بزانین بۆ ئەوەی بەشداری

### عەلی قەرەداغی بە مینگە مینگ باسی ئەی رەقیبی کرد

نەکەین، یانیش وەکو خۆم لەبەر سرووودەکە هەڵناستم و کەسیشم ناچار نەکردووە هەڵنەستێ. بەڵام یەکگرتوو خەڵکی هەیە، ئەوەتا عەلی قەرەداخی هەستانەوە بەرامبەر بە سرووودی ئەی رەقیب بە شتێکی سروشتی دەزانێ. عەلی قەرەداخی لە کەناڵی (رووداو) باسی سرووودی ئەی رەقیبی کرد

### لەناو یەکگرتوو هەیە زیاد لە خەڵکانی دیکە ئیحتیرامی ئەی رەقیب دەگرێ

و گوتی شتێکی تێدایە رەنگە نەگونجێ، لەوانەیە وشەیەکی تێدابێ نەگونجێ یاخود نەگونجاوبێ، ئاوها بە مینگاندن باسی دەکات. خەڵکی دیکەش هەیە لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو هەستانەوە لەبەر سرووودی ئەی رەقیب بە شتێکی ئاسایی دەزانێت. بگرە زیاد لە خەڵکانی دیکە ئیحیترامی سرووودەکە دەگرێت. ئێمە نازانین ئەوە سیاسەتە یان بە قەناعەتەوە دەیکەن، بەڵام قاعیدەی ئێمە و خەڵکی ئێمە بە راشکاوانە

### نابێ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێتە تاقیگە

هەڵویستی خۆیان دەردەبڕن و ئەگەر شتێک شەرعی نەبێ دەڵێن، بەڵام نەمانگوتووە هەر کەسێک لەبەر سرووودی ئەی رەقیب هەستێ، ئەوا لە رووی شەرعەوە دەبێ سزا بدرێ.

**رووداو: ئێستا کوردستان لەشەڕدایە، ئێوە لە کۆنگرە باسی دروستکردنی مەکتەبی عەسکەری دەکەن؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** من خۆم لەگەڵ ئەوە نیم، لەگەڵ ئەوەش نیم بەهیچ شێوەیەک میلیشیا لە کوردستان دروست بکرێ، بەڵکو دەبێ سوپایەکی کوردستانی هەبێ و هەر کەسێ مەوالیدی شمولی بکات تێیدا جێبگرێتەوە. ئەو پێشمەرگانەی ئێستا هەن، پێشمەرگەی پارتی، یەکێتی، شیوعی و سۆشیالیستن، پێشمەرگەی گشتی نین. مادام دەمانەوێ بەرەو دەوڵەتبوون بڕۆین دەبێ سوپایەک دروست بکەین بۆ هەمووان بێ و هەموو کەس ئەو سوپایە بە سوپای خۆی بزانێ.

**رووداو: قسەی زۆر لەسەر مانەوە و نەمانەوەی مەسعود بارزانی دەکرێ لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رای تۆ چییە، بمێنێتەوە یان بگۆڕدرێ؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** وەکو رای شەخسی خۆم، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پۆستێکی گەورەیە، کوردستان ئێستا رووبەڕووی زۆر مەترسی بووەتەوە، نەک تەنیا شەڕی داعش هەیە، بێجگە لە شەڕەکە وڵاتانی دراوسێ و کێشەی نێوخۆ، ئەم کێشانە کەسێک هەڵناگرێ کە لەبواری کارگێڕی و ئابووری بڕوانامەی هەیە بیکەی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. دەبێ کەسێک هەڵبژێرن بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە شایستە بێ، کوردستان ئەوەنییە وەکو تاقیگەیەک دوو سێ کەس بێن خۆیان تاقیبکەنەوە کە ئایا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان پێدەکرێ یان نا.

وەکو رای خۆم کاک مەسعود کەسێکی گونجاوە بۆ ئەم دۆخەی کوردستان. دەبێ ئەم کارە بە سازان بکرێ، ئەو کەسەی لەو پۆستە دادەنرێت، خەڵک هەمووی بە سەرۆکی خۆی بزانێ و قسەشی لەسەر نەبێ کە چۆن دانراوە. بە بڕوای من ئەگەر ئەو کەسە کاک مەسعود بێ، لەوانەیە مەسەلەی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بەدیبێنێ. هەر لایەنێکیش کە بڵێ نابێ کاک مەسعود ببێتەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ پێش ئەوەی بڵێ نابێ، کاندیدی خۆی بۆ ئەو پۆستە پێشکەش بکات. کە کاندیدی نەبوو هەرچی قسەیەک بکات زیادەیە.

**رووداو: ئێستا هەوڵێک هەیە بۆ یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی، ئەمە سەردەگرێ؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** بەبڕوای من ئەو حیزبانەی فیکریان لەیەک نزیکە یەکبگرن باشە، جا چ کۆمەڵ و یەکگرتوو بێ، یان گۆڕان و یەکێتی، بەڵام زۆر زۆر بەدووری دەزانم گۆڕان و یەکێتی یەکبگرن، لەبەر ئەوەی کە گۆڕان لە یەکێتی جیابووەوە سەر ئێشەیەکی نێوخۆیی هەبووە، بۆ ئەوەی لەم سەرئێشەیە رزگاریان بێت کاک نەوشیروان گۆڕانی دروستکرد. بۆیە لەو باوەڕەدا نیم یەکبگرنەوە.



هەر لایەنێک بڵێ نابێت کاک مەسعود بمێنێتەوە دەبێ کاندیدی هەبێت

دەبێ لەمەودوا مەڵبەندەکانی کۆمەڵی ئیسلامی دەسەڵاتی مادی و مەعنەوییان هەبێ

لەگەڵ دروستکردنی مەکتەبی عەسکەریدا نیم

قسە هەیە پۆستی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بۆ دوو خول بێ

# کورد نەگەیشتنە پەرلەمانی فینلاند

شاد محەممەد
ڕووداو- هێلسنکی

بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی فینلاند بە 7 بەربژێر، بە سەرەتایەکی نوێی ژیانی سیاسی بۆ کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دادەنرێ، ئەگەرچی هیچیان نەیانتوانی بگەنە نێو پەرلەمانی فینلاند.

ژمارەی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان کە لە فینلاند نیشتەجێن نزیکەی 11 هەزار کەسن و کوردی باشوور لەنێو ئەوانەدا ڕوو لە زیادبوونە. تا ئێستا ڕێژەی کورد لەو وڵاتە 1%ی ژمارەی بیانیانی وڵاتەکەی تێنەپەڕاندووە، بەڵام لەدوای ڕووسەکان و سۆماڵییەکان، بە یەکێک لە نەتەوە ناسراوەکانی ئەوێ دادەنرێن.

زۆرینەی کوردی ئەو وڵاتە بەکاری پیتزاوە خەریکن و لە هەردوو شاری هێلسنکی و لاهتی زۆرترین پیتزەری و خواردنگە بچووکەکان هی کوردن.

کوردی فینلاند بەسەر چوار لە شارە سەرەکییەکاندا دابەش بوون کە زۆرینەیان لە هێلسنکی پایتەخت و پاشان تورکۆ و دوای ئەویش لاهتی نیشتەجێن و بەڕێژەیەکی کەمتریش لە شاری ئیسپۆ دەژین.

لەکۆی ئەو 11 هەزار کوردە، نزیکەی 6000 کورد خاوەن ڕەگەزنامەن و لەو ژمارەیەش زیاتر لە 1500 کەسی خوار 18 ساڵن، بۆیە نزیکەی 4500 کەس لە کوردانی فینلاند مافی دەنگدانیان هەبوو، ئەوەش بەپێی لێدوانی بەربژێرێکی کورد "دەنگی پێویست بۆ سەرکەوتنی کوردێک تەواو ناکات".

وڵات نەهری کە بەربژێرێکی ناسراوی شاری هێلسنکی بوو، لەگەڵ ئەوەی کە گوتی "تەنیا بە تەمای دەنگی کورد نیم"، بەڵام دەشیزانی کە دەنگی کورد هێزی سەرەکیی بەربژێرە کوردەکانن و ئەو بڵاوبوونەوەیەی کوردیش بەسەر شارە جیاوازەکان و سیستمی بازنەیی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە، هیوای بەربژێرە کوردەکانی نەهێشت.

## پشووەکەیان بە دەنگدان نەگۆڕییەوە

ڕۆژی یەکشەممە 2015/4/19 ڕۆژی سەرەکی هەڵبژاردن بوو کە لە فینلاند بە ڕۆژی کۆتایی دەنگدان ناسراوە، بەڵام ئەو ڕۆژە و دوو لە ڕۆژانی دەنگدانی پێشوەختەش کەوتنە ناو ڕۆژە پشووەکان.

عومەر محەممەد کە چالاکڤانێکی کوردە، گوتی "بۆ کورد پشووەکە گرنگترە لە دەنگدان، هەرچەندە ئەمە کێشەی تەنیا کورد نییە و کێشەی هەموو بیانییەکانە".

چەند گەنجێکی باشووری کوردستانیش کە لە سەنتەری شاری هێلسنکی کاتیان بەسەر دەبرد، بە نێردراوی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)یان گوت کە دەنگدانیان بەلاوە گرنگ نییە. یەکێک لەوان گوتی "بە خەوی بەیانیانی یەکشەممەی ناگۆڕمەوە".

## پۆستەری کچێکی کورد دەدڕێنن

لە دوایین ڕۆژەکانی بانگەشەدا دڕاندنی پۆستەر و لێکردنەوەی پۆستەرەکان دەستیپێکرد و لە شاری ئیسپۆ گەورەترین زیان بەر بەربژێرە تاقانە کچە کوردەکەی پارتی گەلی سویدی کەوت.

میدیاکان زۆر بایەخیان بە دڕاندنی پۆستەرەکانی میدیا حاتەم دا و ئەویش بە (ڕووداو)ی گوت: "هۆکارەکە من و پارتەکەمین کە هەمیشە دژ بە کەلتووری ڕەگەزپەرستین".

مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە خۆی بیانییە و لایەنگرانی پارتی فینلاندییە ڕەسەنەکان و دژە بیانییەکان ڕقیان لێیە، هاوکات دژایەتیکردنی پارتەکەشی کە پارتی گەلی سوێدییە ڕوو لە زیادبوونە.

پارتەکەی ئەو لەلایەن کارڵ هاگلوند سەرۆکایەتی دەکرێت کە لە حکومەتی کاربەڕێکەری ئێستادا پۆستی وەزیری بەرگری هەیە. لە سەردەمی ئەم وەزیرەدا 50 ڕاوێژکار و ڕاهێنەری سەربازیی فینلاندی بۆ کوردستان نێردران. هاگلوند دوو ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردن بە (ڕووداو)ی گوت کە هاریکارییەکانی وڵاتەکەی بۆ کوردستان بەردەوام دەبێت.

لێدوانەکەی وەزیری بەرگری، هاووڵاتیانی کوردی زیاتر لەو پارتە نزیک کردەوە. هەڤاڵ نەوزاد دانیشتووی شاری ئیسپۆ گوتی: "دوایین سات و دوای بینینی قسەکانی هاگلوند بڕیارمان دا دەنگ بە پارتی گەلی فینلاندی بدەین".

ئەم حیزبە لەلایەن فینلاندییە دژە بیانی و ڕەگەزپەرستەکانەوە کە ئێستا ڕوو لە زیادبوونن، دژایەتی دەکرێ.

چەند میدیایەکی ئەو وڵاتە گوتەکانی هاگلوندیان بۆ (ڕووداو) بە شێوەیەکی دیکە بڵاوکردەوە کە گوایە گوتوویەتی چەک بۆ کوردستان دەنێرین، لە کاتێکدا ئەو تەنیا باسی لە بەردەوامیی هەماهەنگی و هاریکارییە سەربازییەکان کرد، نەک ناردنی چەک. ئەمەش لە ئاستی شەقام و لەلایەن ڕکابەرەکانی ئەو پارتەوە، بۆ دژایەتیکردنی بەکارهات.

## کورد لە چەپ نزیک بوون

بەشێکی زۆری کوردی فینلاند لە پارتە چەپەکان نزیکن، هەربۆیە زۆرینەی بەربژێرە کوردەکان لە پارتە چەپەکان بوون.

نزار کوێستانی لە شاری تورکۆ و بنار مستەفا لە هێلسنکی لە پارتی یەکێتی چەپن و وڵات نەهری لە سۆسیال دیموکراتە و ئیمیل بلوتیش لە پارتی ژینگەیە.

هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە پارتە چەپەکان بایەخیان بۆ نەتەوە ژێردەستەکان و مافی مرۆڤ هەیە، ئەمەشە کوردی لەو پارتانە نزیک کردووەتەوە.

هەرچەندە کورد نەیتوانی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا کورسییەکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە بۆخۆی مسۆگەر بکات، بەڵام بەشداریکردنیان بە حەوت بەربژێری سەر بە چەند پارتێکی جیاواز، بە سەرەتایەکی باش دادەنرێ بۆ بەخۆکەوتن و چالاکبوون لەکایەی سیاسی ئەو وڵاتەی سکەندناڤیا و خۆناساندنیان وەک کەمینەیەکی چالاک و کاریگەر لەسەر بڕیاری سیاسیی فینلاند.


(فۆتۆ: AFP)

بەرپرسەکەی ئێزدییە

# یەکێتی مەڵبەندەکەی شنگال دەکاتەوە

- بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە شنگال: لەمەودوا کێرڤی پارتی لە شنگال دادەبەزێ
- کارگێڕی لقێکی پارتی: پێش ڕووداوەکانی شنگالیش مەڵبەند هەبوو و هیچ لە ڕەوشەکە ناگۆڕێت

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

مانەوەی مەسعود بارزانی بە مانگ لە بەرەکانی شەڕ و چوونی بۆ سەر چیای شنگال و شەهیدبوونی چەندین پێشمەرگەی پارتی لەو ناوچەیە، هێشتا نیگەرانیی بەشێک لە ئێزدییەکانی بەرامبەر پارتی نەڕەواندووەتەوە. ئێزدییەک کە سێ منداڵ و دایکی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش دەڵێت "تاوەکو لە ژیاندا مابم، جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە ناو پارتی، چونکە ئەوان نەیانتوانی خێزانەکەم بپارێزن".

تارق شەمۆ، 45 ساڵ دەڵێت "هەر کاتێک منداڵەکانم بەبیردێتەوە چاوم پڕ دەبێت لە فرمێسک، ئەمەش هەندێ بەرپرسی پارتی بەسەر ئێمەیان هێنا کە بە ئێمەیان نەگوت ڕابکەن".

پێش ڕووداوەکانی شنگال لە 3ی ئابی ساڵی ڕابردوو، شەمۆ لە ڕێکخستنەکانی پارتی کاری دەکرد و ئێستا بۆچوونی بەرامبەر ئەو حیزبە گۆڕاوە "من پارتی بووم، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ساردببمەوە بەرامبەری، بەڵام زوڵمیان لێکردین". شەمۆ دەشڵێت کە چارەی پەکەکەی ناوێت، بەڵام ئاشکرای نەکرد کە لەمەودوا لە حیزبێکی دیکە کار دەکات یان نا.

حیزبەکان، لەوانەش یەکێتی و پەکەکە، تووڕەیی هەندێک ئێزدی دەڤەری شنگالیان قۆستەوە بۆ ئەوەی نفوزی خۆیان لە ناوچەکە زیاد بکەن. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر پێشنیازی مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی بڕیاری کردنەوەی مەڵبەندی یەکێتی لە شنگال دەرچوو، کوردێکی ئێزدیش کرایە بەرپرسی ئەو مەڵبەندە.

جەمیل خدر، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە شنگال دەڵێت "کێرڤی پارتی لە شنگال دابەزیوە و ئێستا ڕەوشێکی دیکە هەیە، پەکەکە بووەتە ئەمری واقیع لە ناوچەکە و خەڵک پەیوەندییان پێوە دەکەن و ئەوانیش بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیای خۆیان پەروەردەیان دەکەن".

جەمیل خدر کە دوای دەستبەکاربوونی وەکو بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە شنگال قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی "بیرۆکەی کردنەوەی مەڵبەند لە شنگال بۆ چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکانی شنگال دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای ڕووداوەکان بیرۆکەکە بەهێزتربوو، ئەوکات مەلا بەختیار پێشنیازی کردبوو، ئێستاش هەر لەسەر پێشنیازی ئەو، بڕیاری کردنەوەی ئەو مەڵبەندە دەرچووە و منیش بوومە بەرپرسی مەڵبەند، چاوەڕێی دابینکرنی کەلوپەل و شوێن دەکەین، پاشان بە فەرمی دەستبەکار دەبین".

پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەم، یەکێتی مەڵبەندی لە شنگال هەبوو، بەڵام لە کۆنگرەدا بڕیاری کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان درا و مەڵبەندی شنگالیش یەکێک بوو لەوانەی بڕیاری داخستنی درا و 6 کۆمیتەکەی مەڵبەندی شنگالیش خرانە سەر مەڵبەندی مووسڵ.

جەمیل خدر، بە گەشبینییەوە لە ئایندەی حیزبەکەی دەڕوانێت لە دوای ڕووداوەکانی شنگال، بەڵام لەو باوەڕەدا نییە پارتییەکانی شنگال ببنە یەکێتی "من لەو باوەڕەدا نیم ئەوانەی دڵیان لە پارتی شکاوە ببنە یەکێتی. دوای سێی ئاب واقیعی ناوچەی شنگال گۆڕاوە و ئێستا هێزێکی وەکو یەکینەکانی بەرخودانی شنگال بوونەتە ئەمری واقیع و گەنجانی ئێزدی پەیوەندییان پێوە دەکەن". ناوبراو گوتیشی "هەموو حیزبەکان بەرپرسن لەوەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات لە شنگال، بەڵام بە پلەی یەک پارتی بەرپرسیار بوو، بەڵام بەشێک لە کادیرەکانمان لە ئێمەش تووڕەن".


(فۆتۆ: AFP)

جەمیل خدر لەسەردەمی دوو ئیدارەیی، ماوەی پێنج ساڵ وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران بوو لە ئیدارەی سلێمانی. ئەو لەگەڵ کوردستانیبوونی شنگالە و دەڵێت "من دژی ئەو بۆچوونانەم کە دەڵێن ئێزدی کورد نین، یان هەرێمێکی سەربەخۆیان بۆ دروست بکەن، ئەو بۆچوونانە دژی بەرژەوەندی ئێزدییەکانە. ئێمە کورد و کوردستانین و دەبێ دوای ئازادکردنی شنگال هەموومان پێکەوە خزمەتی خەڵکی شنگال بکەین".

بەڵام کارگێڕێکی لقی حەڤدەی پارتی لە شنگال لە کاریگەریی کردنەوەی مەڵبەندی یەکێتی لە شنگال لەسەر ڕێکخستنەکانی پارتی کەمدەکاتەوە و دەڵێت "ئەم مەڵبەندە هیچ کاریگەری لەسەر جەماوەری ئێمە نابێت، چونکە ئەم مەڵبەندە پێشتریش لە شنگال هەبووە".

قاسم ڕەشۆ، بەرپرسی ڕێکخستنی لقی حەڤدەی پارتی لە شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "کەس ناتوانێت پارتی لە شنگال لاواز بکات، ڕاستە ڕووداوەکانی شنگال کەمێک کاریگەری هەبوو، بەڵام دوای ئەو ڕووداوانە دەرکەوت کێ خۆی لە ئێزدییەکان کردە خاوەن، ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەر پارتی هاوکاریی ئەوان دەکات، هەر پێشمەرگەی پارتی بوون سنونێیان ئازادکرد و ئێستاش لە شنگال بەرگری دەکەن".



## کەشتییەکی پەنابەران نقووم دەبێت

**رووداو- ئاژانسەکان**

بەرپرسـانی پۆلیس و هێزی دەریایی ئیتاڵیا و ماڵتا رایانگەیاند، کەشـتییەکی هەڵگری کۆچبەرانی نایاسـایی لە دەریای ناوەڕاسـتدا وەرگەڕاوە، پێدەچێت بەم هۆیەشـەوە نزیک 500 کەس گیانیان لەدەسـتدابێت. بەپێی مەزندە سـەرەتاییەکان، کەشتییەکە نزیکەی 700 سەرنشـینی تێدابووە. ئێسـتا هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ رزگارکردنی سەرنشـینەکانی ئەم کەشتییە لەلایەن کەشتییەکانی هێزی دەریایی ئیتاڵیا و ماڵتا بەڕێوەدەچێت. سەرۆکوەزیرانی ماڵتا، جۆزێف موسکات لەسەر پێگەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر رایگەیاند "پێدەچێت زۆربەی سەرنشینەکان گیانیان لەدەستدابێت".

# داوای سزادانی ئەو کورد و دانیمارکیانە دەکرێ کە شەڕ لە دژی داعش دەکەن

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- دانیمارک**

ئـەو کوردانـەی نیشـتەجێی دانیمـارک کە پێشـتر لە ریزی هێـزە کوردییەکاندا لە سـووریا و عێراق شـەڕیان کردووە، دەڵێن ئامـادەن بـۆ شـەڕی دژی داعـش جارێکی دیکەش بگەڕێنەوە کوردسـتان، هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دادگایی ببنەوە و زیندانی بکرێن.

"وەکـو کـورد ئێمـە لـە هەمـان بەرەی رۆژئاواداین. بۆ دەبێت لەسـەر شتێکی ئاوا سـزا بدرێین؟" ئـالان، تەمەن 47 سـاڵ وا دەڵێـت. ئەو سـێ جار لـە ریزەکانی هێزی پێشـمەرگە لە هەرێمی کوردسـتان شـەڕی کردووە و دواتر گەڕاوەتەوە دانیمارک.

ئـالان دەڵێـت دانیمـارک بەشـێکە لەو هاوپەیمانییـە نێودەوڵەتییـەی کـە هـەوڵ دەدات هـاوکاری هێزە کوردییەکان بکات لە شەڕی دژی توندڕەوە ئیسلامییەکاندا.

دانیمـارک تیمێکـی 55 سـەربازی و هاوکاریی ئیمێرجنسی و چەکی بۆ هێزەکانی پێشـمەرگە نـاردووە. هەروەها پشـتگیریی ئاسمانی هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان لە عێراق لە دژی داعش دەکات.

بـەڵام پارتی سـەرەکی دانیمارک، پارتی لیبـڕاڵ دەیەوێـت سـزای ئـەو هاووڵاتیانە بدرێت کە دەچنـە "ناوچەی تیرۆر"ی وەکو عێـراق و سـووریا بـێ گوێدانە ئـەوەی کە خۆبەخشەکان لە کام بەرەی جەنگدان، ئەو پارتـەی دانیمـارک دەیەوێت هەر کەسـێک بچێتە ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی تاوەکو شەش ساڵ زیندانی بکرێ.

حکومەتـی دانیمـارک ئامادەیـی خـۆی بـۆ وەرگرتنـی پێشـنیازەکە راگەیاندووە. حکومـەت نیگەرانی ئەوەیە خۆبەخشـەکان بچنە ریزەکانی یەپەگە کە بە باڵێکی سـەر بـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان ئەژمار دەکرێـت، ئـەو پارتـەش لەلایـەن یەکێتی ئەورووپـا و ئەمریـکاوە خراوەتـە لیسـتی تیرۆرەوە.

"شـەڕکردن بۆ رێکخراوێکی پەیوەندیدار بە پارتی کرێکارانی کوردسـتانەوە، دەبێت ئاکامەکەی سزادان بێت". مارتن هێنریکسن، ئەنـدام پەرلەمانی سـەر بـە پارتی گەل بە (رووداو)ی گـوت "ئەگەر ئـەوان راهێنانیان لەسـەر بۆمـب پێ بکرێـت لـەوێ و دوایی بگەڕێنەوە، مەترسـی دروسـتبوونی کێشە لێرەش دەبێت".

ترایـن براسـمەن، گوتەبێـژی پارتـی سۆسـیال دیموکرات بە (رووداو)ی راگەیاند "نایاسـاییە پەیوەنـدی بـە رێکخراوێکـەوە بکەیـت کـە لـە لیسـتی تیـرۆری یەکێتی ئەوروپادا بێت. پێشـنیازی ئێمە ئەوەیە کە خەڵـک خۆیان لە چوون بۆ بەرەکانی شـەڕ بەدووربگرن".



**جوانە پالانی:** ناتوانم لە ئارامی دانیمارک دابنیشم و گەلەکەشم پاکتاوبکرێ

جوانـە پالانـی، کوردێکـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانە و تەمەنـی 21 سـاڵە، سـاڵی رابـردوو وازی لـە خوێندنـی کۆلیژەکـەی هێنـا و پەیوەندی بە هێزەکانی یەکینەکانی پاراسـتنی ژنانـەوە کـرد. ئەو لـە کۆبانێ شەڕی کردووە، ئەو شارە کوردییەی داعش هەموو توانـای خۆی بەکارهێنـا بۆ ئەوەی داگیری بکات، بەڵام نەیتوانی.

"وەکـو کوردێـک و ژنێـک و مرۆڤێـک، ئەسـتەمە بتوانی لـە ئارامیـی دانیمارک و لەسـەر قەرەوێڵـەی ماڵەکەتـدا دانیشـیت کاتێـک کـە دەبینـی گەلەکـەت پاکتـاوی رەگـەزی دەکرێـت". ئـەو بـە رۆژنامـەی ئینفۆرمەیشنی دانیمارکی گوتبوو "ئایا ئەوە من دەکات بە تیرۆریست؟".

سـۆفی جەنگی، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بـۆ کۆپنهاگـن پەیوەنـدی بـە ریزەکانـی هێـزی پێشـمەرگەوە کردبوو، ئـەو دەڵێت هەرچییـەک سیاسـەتمەدارەکان دەیڵێن بۆ ئـەو گرنگ نییە "جارێکـی دیکەش دەڕۆم، چونکـە ناتوانم لێرە دابنیشـم و سـەیرکەم داعش هێرش بکاتە سەر گەلەکەم."

تەنیـا کـوردی دانیمـارک نیـن کـە خۆبەخشانە پەیوەندی بە هێزە کوردییەکانی وەکـو پێشـمەرگە و شـەڕڤانانەوە دەکەن، بەڵکو چەند دانیمارکییەکیش لە ریزی هێزە کوردییەکاندا خزمەت دەکەن.

"جارێکـی دیکـەش دەگەڕێمـەوە ئەوێ. ناتوانـم چـاو لەوە بپۆشـم کـە خەڵکانێک ناهەقییـان بەرامبـەر دەکرێـت." یۆرگـن نیکۆلای کە پێشـتر لـە ریزەکانی یەپەگەدا خزمەتی کردووە وا دەڵێت

یۆرگـن وازی لە کارەکەی، کە تەکنیککار بـوو لە دانیمارک، هێناوە تاوەکو پەیوەندی بە شـەڕی دژی داعشـەوە بـکات. ئەو لای هـاوڕێ کوردەکانـی بـە "هەڤـال یۆرگـن" ناسـراوە. ئـەو کـە تەمەنـی 41 سـاڵە، ئەزموونی نێو هێزە بەرگرییەکانی دانیمارکی هەیە و پێشتر راهێنانی پێکراوە.

چەنـد مانگێـک بـەر لـە ئێسـتا ژن و منداڵەکـەی لـە دانیمـارک بەجێهێشـت بۆ ئـەوەی پەیوەندی بە هێزەکانـی یەپەگەوە بکات.

"تێدەگەم کە سیاسەتمەدارانی دانیمارک دەیانەوێـت رێگە لـە هاووڵاتیانی دانیمارک بگـرن نەچنـە بەرەکانی شـەڕ و بکوژرێن. هەروەها ئـەوەی کە ئەوان دەیانەوێت رێگە لە خەڵکی بگرن تا پەیوەندی بە داعشـەوە نەکـەن." یورگـن بـە (رووداو)ی راگەیاند "بەڵام کورد مافی ئەوەیان هەیە بەرگری لە وڵاتەکەیان بکەن. لەبەرئەوە ئەو پێشـنیازە بـۆ ئەوەی خۆبەخشـەکان سـزا بدرێن، بە تەواوەتـی هەڵەیـە. دەبێـت رێگەچارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پێشـنیازە هەموو کەسـێک کـە دەڕواتـە سـووریا و عێـراق، نەگرێتەوە".

هیـچ کوردێکـی ئەوروپایـی لەسـەر بەشـداریکردنی لـە شـەڕی دژی داعش لە ئەوروپا سـزا نـەدراوە، بەڵام لـە بەریتانیا ئێسـتا کەیسـی شـەڕڤانێکی کـچ لەژێـر لێکۆڵینەوەدایە.

لـە سـەرەتای ئەمسـاڵدا، شـیلان ئۆزچەلیـک، کچێکـی بەریتانـی بـە رەگەز کـورد، لـە فرۆکەخانـەی ستانسـێت دەسـتگیرکرا. داکۆکیکارانـی ئۆزچەلیـک دەڵێـن ئـەو گەشـتی برۆکسـلی کـردووە تاوەکـو پەیوەنـدی بە ریزەکانـی یەپەگە، یان پەیەژەوە بکات. شـیلان لە رۆژی 16ی کانوونـی دووەمـی ئەمسـاڵ، کاتێک کە لە برۆکسلەوە دەگەڕایەوە، دەستگیرکرا.

# فەیلییەکان هاوار بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەبەن




**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- دانیمارک**

کـوردی فەیلی لە سەرانسـەری جیهان یادی هەڵمەتەکەی رژێمی سـەددام لە مانگی نیسانی 1980 و دەربەدەرکردنیـان دەکەنـەوە و داوا لە جیهان دەکەن کە ئەو کارەساتە لەبیرنەکەن.

لە کۆپنهاگن و سـتۆکهۆڵم، ئەو دوو شـارەی کـە ژمارەیەکـی زۆر ئاوارەی کـوردی لێ دەژی، کۆمەڵەی فەیلی، یادی ئەو کارەسـاتەی کردەوە کە سـەددام لە سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی رابردوو بەسـەری هێنـان و ژمارەیەکی زۆری لێ بێسەروشـوێنکردن و ژمارەیەکیشی دەرکردن بۆ ئێران.

بەهـار رەزا تەمەنـی 10 سـاڵ بـوو کاتێـک خێزانەکـەی لەلایەن رژێمی عێراقەوە لە بەغداوە بۆ ئێران وەدەرنران. خێزانەکەی بەهار و هەزاران فەیلیی دیکە تۆمەتی ئەوەیان درایە پاڵ کە ئەوان عێراقی نین و پاڵپشـتی لە دوژمنی سـەددام لە شەڕی 1980-1988ی دژی ئێران دەکەن.

"دەمانـەوێ جیهـان دان بـەوەدا بنێـت کـە بەرامبەر ئێمە کرا. بۆ ئەوەی ئەم شتانە نەوە لە دوای نەوە لە جیهاندا دووبارە نەبێتەوە". بەهار لە کۆپنهاگنەوە وای بە (رووداو) گوت.

لـە کاتـی ئـەو شـەڕەدا زۆر وڵاتـی ئەوروپا پشتگیری سەددامیان دەکرد، لە بەرامبەر دوژمنە هاوبەشەکەیاندا، ئایەتوڵڵا خومەینی. بەهار گوتی "لەبەرئەوەی زۆر لایەن پشـتگیری سـەددامیان کردووە، بۆیە ئێمە تەنیا قوربانی دەستی سەدام نین، بەڵکو قوربانیی دەسـتی هەموو جیهانین. هـەر بۆیەش ئەو تراژیدیایـەی کە ئێمە بینیمان دەبێت دانی پێدا بنرێت".

چەندیـن رێکخـراوی کـوردی و عەرەبـی لە بۆنەکەدا بەشداربوون و پەیامی خۆیان خوێندەوە. لە سـوید کوردی هەر چوار پارچەی کوردسـتان ئامـادەی بۆنەکە بـوون. هەروەها فیدراسـیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی سویدیش بەشداری بۆنەکە بوو.

پرشنگ توانا ئەندامی بۆردی فیدراسیۆنەکە، پێیوایـە سـوید دەبێت دان بە بـەزۆر دەرکردنی فەیلییەکانـدا بنێـت هەروەکو چۆن لـە 2012دا دانیـان نا بـە ئەنفالکردنی گەلی کـورد لەلایەن سەددامەوە.

پرشـنگ توانا دەڵێت "بە دانپێدانانی کوشتن و دەرکردنی فەیلییەکان، سـوید هاوخەمیی خۆی بۆ ئەوان نیشان دەدات و پشتگیری مەعنەوییان دەکات".

فەیلییەکان کوردی شـیعەن کـە رەچەڵەکیان دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوچەکانی ئیلام، کرماشـان و لوڕستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمڕۆ کوردی فەیلی لە بەغدا و خانەقین و مەندەلیش لە عێراق هەن و دیالێکتی تایبەت بە خۆیان هەیە.

لـە کۆپنهاگن گریانـی ئامادەبووانی بۆنەکەدا دەبیسـترا و لـە هۆڵـی بۆنەکـەدا لیسـتی ئەو کەسـانەی کـە کـوژران و بێسەروشـوێن بوون هەڵواسرابوو.

عەبدولوەهاب کە ئامۆزایەکی لە سـاڵی 1980 دیارنەمـا، دەیەوێـت ئەوروپـا دان بـە ئـازاری فەیلییەکانـدا بنێـت "ئامۆزاکانی مـن هەموو لاو بوون، دیارنەمان" وەهاب کە بۆ خۆشـی زیندانی دەسـەڵاتی عێراقی بینیوە، دەڵێـت "دەمانەوێ دانیمارک و ئەوروپا دان بەمەدا بنێن. پەنجا هەزار لە کەسوکارمان کوژران و دیارنەمان".

فەیلییەکان لە بۆنەکەدا داوای مافی گەڕانەوەیان بـۆ سـەر ماڵ و موڵکی خۆیـان لە عێراق کـرد و داوایـان کـرد ئـەو زەوییانەیان کە ئێسـتا عەرەبیان لەسـەر نیشـتەجێن بۆ خاوەنەکانیـان بگەڕێندرێنـەوە. هەروەهـا داوایانکرد ئەو کەسـانەی کە بەرپرسـن لە بێسەروشوێنکردنی فەیلییەکان بدرێنە دادگا.

کوردی فەیلی پشـتگیرییان لە شۆڕشی کـورد لـە نێـوان سـاڵەکانی 1961 بـۆ 1975. ئەمـەش رژێمـی بەعسـی تـووڕە کرد کە دەترسـان کـوردی فەیلی هاوکاریی رژێمی ئێران بکەن لـە دژی عێراق، ئەوەش لەبەرئەوەی فەیلییەکان شیعە بوون.

ژمارەیەکـی زۆری خێزانـی فەیلـی بەزۆر لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە دەرکران و لەسەر سـنووری ئێران فڕێـدران، هەروەها دەسـت بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیرا. دوای داگیرکردنی عێراق و کەوتنی رژێمەکەی سەدام لە 2003دا هەندێـک لـە فەیلییـەکان توانیویانـە ماڵ و موڵکە داگیرکراوەکانیـان بگەڕێننەوە و داوای دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەو کەیسە دەکەن.

روفاتی هەندێک لە بێسەروشوێنە فەیلییەکان دۆزراونەتـەوە و ناسـراونەتەوە، بەڵام هێشـتا زۆر لـە بێسەروشـوێنەکان نەدۆزراونەتـەوە و تا ئێسـتاش زۆر کوردی فەیلـی لە ئێران وەکو پەنابەر دەژین.

# گورگە بۆرەکانی ئەڵمانیا کورد تووڕە دەکەن

**پۆلا گەرمیانی**
**رووداو- ماینز**

بڕیـاری مۆڵەتدانـی یاریگایەکی شـارێکی ئەڵمانیا بە رێکخستنی بۆنەی باڵێکی راستڕەوی تورکـی ناڕەزایـی کـورد و جولەکەکانـی ئەو شارەی لێدەکەوێتەوە و داوای روونکردنەوە لە ئیدارەی یاریگاکە دەکەن.

کۆبوونەوەی رێکخراوی فیدراسیۆنی تورکی کە گرووپێکی رادیکاڵی راستڕەوی تورکییە، لە هۆڵی کۆینج پێلسینەری یاریگایەکی ئەڵمانیا لـە شـاری ئۆبەرهاوزن و لەژێـر چاودێریی دەزگای هەواڵگریـی ئەڵمانیادا، شـەپۆلێک ناڕەزایی لەو وڵاتە لێدەکەوێتەوە.

تورکەکانـی ئەڵمانیـا کـە گەورەتریـن کۆمەڵگـەی تورکین لـە ئەوروپا، لەنێو ئەو کەسانەن کە تووڕەن لە بڕیاری یاریگاکە بۆ پێشـوازیکردن لە بۆنەیەکـی لەو جۆرە کە بڕیارە 26ی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ.

ماریـن لودۆکوسـکی کـە چالاکڤانێکی فەرەنسـیە گوتی، تووڕەین لـە دووڕوویی بەڕێوەبەرایەتـی یاریگاکـە "ئەگـەر ئەوە باڵێکـی راسـتڕەوی ئەڵمانـی بووایـە، بەرپرسـانی ئـەو یاریگایـە رێگەیـان پێنـەدەدان، ئەی بۆچی رێگە بە گرووپی رادیکاڵی دیکە دەدرێ کە ئایدیۆلۆژیاکەیان لەژێر گوماندایە؟"

رۆژی پێنجشەممەی رابردووبەرپرسانی هۆڵـی یاریگاکـە بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوەو تێیدا ئاماژەیـان بۆ ئەوە کـرد کـە رێگـەدان بـە چالاکیـی ئەو فیدراسـیۆنە تورکییە لـە یاریگاکەیان بۆ ئەوەیە بەیەک چاو تەماشای هەموو گـرووپ و رێکخراوێکی جیـاواز بکەن، بەبێ رەچاوکردنـی باکگراوندی ئایینی و کەلتووری و سیاسـی. بەیاننامەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەو بۆنەیە هەڵناوەشێتەوە، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێـت کە لەلایەن داواکاری گشـتی حکومەتـی فیدراڵـی یان شـارەکەوە فەرمانیان پێبکرێت.

مێیـک لـۆوەر، کـە بازرگانێکـی ئەڵمانییە، گوتی وەک خاوەن کارێک تێدەگات لە پێویستی پەیداکردنـی پـارە لـە پێنـاوی هێشـتنەوەی بازرگانییەکەی، بەڵام هەندێکجار سنوورێک هەیە کە پێویسـتە نەبەزێنرێت "کەچی ئەم سـنوورە ئەخلاقیە خەریکە لەلایـەن یاریگای ئۆبەرهاوزن دەبەزێنرێت."

هـۆزان موراد، قوتابییەکی کـوردە و زانیاری لەبارەی ئەم بۆنەیە هەیە و دەڵێت "وەک کوردێک تووڕەم لە رێکخسـتنی ئـەو بۆنەیە. چونکە لای هەمـوو کـەس ئاشـکرایە کـە ئـەم رێکخـراوە پەیوەنـدی بـە گورگـە بۆرەکانەوە هەیـە. ئەو گرووپە بەرپرسیارن لە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیانـی کورد. مـن تێناگەم بۆچی رێگەیان پێدەدرێت لە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکەیان لە یاریگایەکی ئاوها گەورەدا."

فیدراسـیۆنی تورکی رێکخراوێکی تورکییە لە ئەڵمانیا و پەیوەندی بە گورگە بۆرەکانەوە هەیە کە گرووپێکـی توندڕەوی راسـتڕەوی تورکییە. گورگە بۆرەکان کـە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیـاوە چاودێری دەکرێن، تۆمەتبارکراون بە چەندین تاوانی کوشتن.

وەزیری ناوخۆی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن لە ئەڵمانیا دەڵێ گورگە بۆرەکان هەوڵی دروستکردنی دوژمنایەتـی دەدەن لەگـەڵ نەتەوەکانـی وەک کـورد و یۆنانی و ئەرمەن و گرووپە ئایینییەکانی دیکەی وەک جولەکە و مەسیحی. بەپێی گوتەی وەزارەتـی ناوخۆ "هەڕەشـەی گورگـە بۆرەکان لەسەر ئەم گرووپ و نەتەوانە، شتێکی ئاشکرایەو تەنانەت گەیشتووەتە هەڕەشەی کوشتن".

لاپەڕەیەکـی فەیسـبووک کراوەتـەوە کـە داوا لـە خەڵـک دەکات خۆپیشـاندان بکـەن و دەنگیان هەڵبڕن لەدژی رێکخستنی ئەو بۆنەیەی فیدراسـیۆنەکە، ئەگەر بەرپرسـانی یاریگاکە لە بڕیارەکەیان پەشیمان نەبوونەوە. لەو لاپەڕەیەی فەیسـبووکدا وەکـو نیشـانەی سەرسـوڕمان نووسـراوە: "وەرە 10 هـەزار رەگەزپەرسـت کۆببنەوە، بەڵام کەس گوێی پێنەدات".



هونەری
ڕووداو
ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20



## بورهان خۆشناو گوێگرە

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند بورهان خۆشـناو ڕەتیکردەوە قوتابی ئەو پەیمانگە هونەرییە ئەهلییە بێت کە خۆی دایمەزراندووە. پێشـتر وا بڵاوکرایەوە کە بورهان خۆشـناو قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی لاوکە، بەڵام خۆشناو ئەو دەنگۆیەی ڕەتکردەوە و گوتی "ڕاستە من خاوەنی پرۆژەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی لاوکی ئەهلیم، بەڵام قوتابی ئەو پەیمانگەیە نیم". بورهان خۆشناو نەیشاردەوە کە زۆرجار وەکو گوێگرێک لە پۆلەکانی قوتابیان دادەنیشێ بۆ ئەوەی سوود لە وانەی مامۆسـتاکانی پەیمانگەکە ببینێ". هونەرمەند بورهان خۆشـناو لە ماوەی ڕابردوودا لاوکێکی بۆ کۆبانێ و شـنگال تۆمار کرد، ئێستاش خەریکی تۆمارکردنی لاوکێکی دیکەیە و گوتی "ئەم لاوکە بەناوی دیلانا سەرکەوتنە، ماوەکەی 12 خولەک و نیوە، بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجییە".

## دڵنیا قەرەداخی بۆ (ڕووداو):

# خەڵکی میسر زۆر سەرسامن بە پێشمەرگە





- هاوسەرەکەم زۆر موسڵمانە
- خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکی عەرەبیم
- کەسوکارم سەردانیان نەکردووم
- دوای ئاریۆس حەزناکەم منداڵی دیکەم ببێت

**کاتێک لە هاوسەری پێشووی جیابووەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە کوردییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، بەڵام شووکردنەوەی لە جیابوونەوەکەی دەنگدانەوەی زۆرتری هەبوو، چونکە شووی بە دیپلۆماتکارێکی میسری کرد. ژنە هونەرمەندی کورد دڵنیا قەرەداخی ئێستا لە شاری قاهیرە لەگەڵ هاوسەرە تازەکەی کە پێشتر کونسوڵی میسر بوو لە شاری هەولێر، کاتێکی خۆش بەسەردەبات و هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام زوو زوو پڕوپاگەندەی وەکو جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەبێتەوە. دڵنیا کە لە ڕێگەی ڤایبەرەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، وەڵامی هەموو ئەو پڕوپاگەندانە دەداتەوە و باسی ژیانی خۆی دەکات لە میسر.**

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: ماوەی ساڵێکە چوویتە میسر و هیچ بەرهەمێکت نییە، وازت لە هونەر هێناوە؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** نەخێر، بەڵام کاتی دەوێت تاوەکو خۆت لەگەڵ ژیانێکی نوێ ڕادەهێنی. بێدەنگبوونیشم بە یەکجاری نییە، بێگومان لە داهاتوودا چەند کارێکی هونەری دەکەم.

**ڕووداو: هیچ بەرهەمێکی تازەت هەیە؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** بێگومان هەمە و بۆ یەکەمجاریشە بۆ ئێوەی باس دەکەم. ئێستا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بە زمانی عەرەبی کە تێکستەکەی لەلایەن شاعیری بەناوبانگی میسری عومەر مێری نووسراوە. سەلاح شرنوبی ئاوازی بۆ داناوە، هەروەها مستەفا شەریفیش کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە. لە داهاتوودا بەشێوەی کلیپ بڵاوی دەکەمەوە.

**ڕووداو: لە کەشوهەوای میسر ڕاهاتووی، دەتوانی بۆ ژیان لەوێ بمێنیتەوە؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** هیچ شوێنێک وەک کوردستان نییە بۆ من، چونکە زێدی خۆمە، بەڵام ئێرەش بۆ من خراپ نییە بۆ ژیان، خەڵکی میسر زۆر مرۆڤدۆستن و زۆر ڕێز لە گەلی کورد دەگرن، ئەوەش زۆر دڵخۆشم دەکات.

**ڕووداو: حەز دەکەی منداڵێکی دیکەت هەبێ، یان هاوسەرەکەت داوای نەکردووە؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** نەخێر سلێمانی هاوسەرم تاوەکو ئێستا باسی مەسەلەی منداڵبوونی لەگەڵ نەکردووم، خۆشم دوای ئاریۆسی کوڕە تاقانەم، حەز بە منداڵی دیکە ناکەم، چونکە ئەو هەموو دونیایە بۆ من.

**ڕووداو: ئاگات لە ئاریۆسە؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** بەڵێ، ڕۆژانە بە تەلەفۆن قسە دەکەین، زۆرجاریش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە وێنە و دەنگ قسە لەگەڵ یەکدی دەکەین.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا کەسوکاری خۆت سەردانیان کردووی؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** نەخێر، جارێ سەردانیان نەکردووم، بەڵام لە داهاتوودا بێگومان سەردانم دەکەن دوای ئەوەی کە پشووی هاوین دێت، چونکە ئێستا بەشێکیان دەخوێنن.

**ڕووداو: پێشتر شوانەی برات دژی ئەوە بوو شوو بە عەرەبێک بکەی، ئێستا لەگەڵ براکەت پەیوەندیتان چۆنە؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** بە داخەوە ئێستا هیچ پەیوەندییەکمان نییە و ئاگاداریشی نیم.

**ڕووداو: ئەم هاوسەرگیرییە چی لێسەندووی؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** تەنیا بێتاقەتی کوردستانم و هیچی دیکە نا.

**ڕووداو: دوای شووکردنەوەت بە چ شتێک زۆر بێ تاقەت بووی؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** بە یەک شت، کاتێک گوتیان لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە. هیوادارم ئەم خەڵکە بێ ئیشە کارێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە و واز لە ژیانی تایبەتی خەڵک بهێنن.

**ڕووداو: کەی دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** تاوەکو ئێستا نازانم، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێمەوە.

**ڕووداو: هاوسەرەکەت داوای لێنەکردووی ببیتە باڵاپۆش؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** نەخێر. هاوسەرەکەم کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرە، هیچ کاتێک ئەو داوایەی لێنەکردووم، لە هەمانکاتدا کەسێکی زۆر موسڵمان و ئیمانداره، نوێژ دەکات و بە ڕۆژوو دەبێت.

**ڕووداو: ژمارەیەک کورد لە میسرن کە زۆربەیان لەوێ دەخوێنن، پەیوەندیت پێوەکردوون، بە نیاز نیت ئاهەنگێکیان بۆ ساز بکەی؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** بەداخەوە تاوەکو ئێستا هیچ قوتابییەکی کوردم لە میسر نەبینیوە. زۆر حەز دەکەم ڕۆژێک سەردانیان بکەم و دڵخۆش دەبم بەوە، بەڵام بۆ ئاهەنگ ڕەنگە نەتوانم، چونکە سەرقاڵی چەند کارێکی نوێم.

**ڕووداو: خەڵکی میسر چۆن باسی پێشمەرگە دەکەن؟**
**دڵنیا قەرەداخی:** خەڵکی میسر مرۆڤدۆستن، کوردیان زۆر خۆشدەوێت و شانازی بە سەلاحەدین ئەیوبییەوە دەکەن، زۆر سەرسامن بە پێشمەرگە، من هەمیشە دڵخۆشم و شانازی دەکەم کاتێک بەم شێوەیە باسی پێشمەرگە دەکەن.

- هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ شوانەی برام نەماوە و ئاگاداری نیم
- لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێمەوە کوردستان

# "دەبێ لەمەودوا پەیکەر تەنیا لە برۆنز دروستبکرێ"

## پەیکەرسازێک: کێ ئەو پارەیە دابین دەکات؟



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی باخچەکان لە شارەوانی سلێمانی دەڵێت ئەو پەیکەرانەی لە کوردستان دروستدەکرێن لە ڕووی هونەرییەوە تەواو نین و بۆ لەمەودوا داوای دروستکردنی لێژنەیەکیان کردووە بۆ ئەوەی پەیکەر بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ دروستبکرێ.

کامەران حەمە ساڵح، هەروەها گوتی کە بڕیاریش دراوە لەمەودوا پەیکەر دەبێ لە مادەی برۆنز دروستبکرێ، چونکە ڕووخساری کەسایەتییەکان جوانتر پیشاندەدات و زۆرتر دەمێنێتەوە و تێکناچێت.

لە شارەکانی کوردستان دەیان پەیکەر بۆ کەسایەتییە سیاسی و هونەری و ئەدەبییەکان دانراون کە زۆربەیان کەموکوڕییان هەیە و زۆر کەس دەڵێن بەهیچ جۆرێک لە خاوەنەکانیان ناچن، هەندێ لە پەیکەرەکانیش گوێ و لوتیان لەلایەن خەڵکییەوە شکێندراوە.

تەنانەت بەشێک لە پەیکەرسازانیش پێیانوایە ئەو پەیکەرانەی دروست دەکرێن، لەو کەسایەتیانە ناچن کە بۆیان دروستکراون. چێنەر نزار، پەیکەرسازی دیاری شاری سلێمانی ئاماژە بە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە دەکات و دەڵێت "زۆر لەوانەی پەیکەریان بۆ دروستدەکرێت لە ژیاندا نەماون، پەیکەرساز لەسەر وێنە پەیکەرەکە دروست دەکات، بۆیە ڕەنگە لەو حاڵەتەدا زۆر لە خاوەنەکەی نەچێت".

لە ماوەی ڕابردوودا ڕێگە بە چێنەر نزار نەدرا پەیکەری ئەحمەد سالار لە شاری سلێمانی دابنێ، هەروەها سامان هیدایەتیش ڕێگەی پێنەدرا پەیکەری مەزهەری خالقی لە شاری هەولێر دابنێ.

سامان کە تاوەکو ئێستا 12 پەیکەری لە شوێنە گشتییەکان دانراون، دەڵێت ئەو پەیکەرانەی لە شاری هەولێر دانراون کەموکوڕییان زۆرە "چونکە پەیکەرسازە بەتواناکان لە بوارەکە خۆیان بەدوورگرتووە و بوارەکەش لەلایەن حکومەت و کەرتی تایبەتەوە بە تەواوی پشتگوێخراوە، لێژنەی دانانی پەیکەریش لە شارەوانی و پارێزگای هەولێر گەندەڵی دەکەن و کارەکان بە خزمخزمێنە دەڕوات".

سامان دەڵێت "بەڵگەم هەیە کە ئەندامی لێژنەی دانانی پەیکەر لە پارێزگای هەولێر بە شەریکی پڕۆژەی وەرگرتووە و کارەکەی کردووە. بۆیە دەبێت لێژنەیەکی پسپۆڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ پەیکەرسازان کار بۆ ئەوە بکەن کە پەیکەری گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنرێت".

بەڵام عەزیز پیرداود کە ئەندامی ئەو لیژنەیە بووە، دەڵێت "لێژنەکەی هەولێر فەرمی نەبوو، ئێمە تەنیا پڕۆژەی هونەریمان پێشکەش کردووە، لە پڕۆژە هونەرییەکانی دیکەش پرس و ڕامان وەرگیراوە".

### پەیکەرەکان دەبنە برۆنزی

ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی ئەو پەیکەرانەی لە کوردستان دروست دەکرێن، جگە لەوەی لە ڕووی هونەرییەوە کەموکوڕییان هەیە، زۆر بە زوویی ڕوخساریان دەگۆڕێت و چڵکن دەبن، هەروەها بە ئاسانیش دەشکێندرێن.

کامەران حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری گشتی باخچەکان لە شارەوانی سلێمانی دەڵێت "بڕیارمان داوە لەمەودوا دەبێت پەیکەر لە مادەی برۆنز دروستبکرێ، چونکە ڕووخساری کەسایەتییەکان جوانتر پیشاندەدات و ماوەی زۆرتر دەمێنێتەوە و تێکناچێت".

سەبارەت بە تێکدان و شێواندنی پەیکەریش، کامەران دەڵێت "لە سلێمانی تەنیا دوو حاڵەتی لەم جۆرە هەبووە، بەڵام هەردووکیان زوو چاککرانەوە. لە کوردستاندا بیروباوەڕی جۆراوجۆر هەن، ڕەنگە کابرایەکی سەلەفی پەیکەردانانی پێ حەرام بێت و بیشکێنێ".

بەشێکی زۆری پەیکەرەکانی شاری سلێمانی لەلایەن پەیکەرساز زاهیر سدیق دروستکراون، لەوانەش پەیکەری کەسایەتییەکان لەنێو باخی گشتیی سلێمانی، پەیکەری عومەری خاوەر لە هەڵەبجە و پەیکەری شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان و دەیان پەیکەری دیکە.

زاهیر سدیق سەبارەت بەوەی کە پەیکەرەکانی لە کەسایەتییەکان ناچن، دەڵێت "ئەو پەیکەرانەی لە باخی گشتی دانراون، پەیکەری ئەو کەسایەتیانەن کە هیچ وێنەیەکیان نییە، من بە سوود وەرگرتن لە هێڵکارییەکانی بەدیع باباجان دروستمکردوون، بەڵام ئەو پەیکەرانەی کە وێنەیان هەیە، بە شایەدی زۆربەی خەڵک، تەواو لە کەسایەتییەکان دەچن".

### پەیکەری عومەری خاوەر بە پارەی مالیکی

زاهیر سدیق دەڵێت ئەو ئاگاداری ئەوە نییە کە بڕیار دەرچووبێت لەمەودوا هەر پەیکەرێک لە برۆنز دروست نەکرێت، ڕێگە بەدانانی نادرێت.


ئەو پەیکەرسازە دەڵێت "نازانم ئەم بڕیارە چۆن دراوە، چونکە دروستکردنی پەیکەرێک لە برۆنز، زیاتر لە 5 هەزار دۆلاری تێدەچێت، کێ ئەو پارەیە دابین دەکات".

ئەو نموونە بە کارێکی خۆی دێنێتەوە کە لە برۆنزە و دەڵێت "من تاکە پەیکەر کە بە برۆنز دروستمکردووە پەیکەری عومەری خاوەرە لە هەڵەبجە. ئەوکات زۆر هەوڵمدا بودجەی لە کوردستان بۆ تەرخان نەکرا. نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق 48 ملیۆن دیناری بۆ خەرجکرد. ئەوەش لەڕێی پەرلەمانتارێکی عێراق بوو".

زیرەک میرە، خاوەنی پەیکەری "پەی کەر" کە پەیکەری گوێدرێژێکی قات لەبەری مل بە بۆینباخە و ئەو کارەی دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، دەڵێت کاربەدەستانی کوردستان زۆر گرنگی بە بابەتێکی هونەری وەکو پەیکەر نادەن "بەداخەوە حکومەت و لایەنی بەرپرس پارەی خوانێکی خۆیان بۆ پەیکەرێک تەرخان نەکردووە، من تاوەکو ئێستا چەندین کارم کردووە یەک فسلم وەرنەگرتووە، پەیکەرساز کاری هونەری لەسەر گیرفانی خۆی دەکات".


شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە


CIHAN CITY
www.cihancity.com
جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131



## ساڵانە سکاڵای ژنان 20% بەرز دەبێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

ئێڤار ئیبراهیم، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند ڕێژەی توندوتیژییەکان و خۆکوشتنو خۆسووتاندن لەنێو ئافرەتان ساڵانە بەڕێژەی لە (5%) دادەبەزێت، بەڵام سکاڵای ژنان ساڵانە (20%) بەرز دەبێتەوە. ئێڤار گوتی "ئەوەی جێگای دڵخۆشییە خەڵکی سکاڵاکار ئێستا باشتر دێتە پێش لە جیاتی ئەوەی خۆی بکوژێ یان خۆی بسوتێنێ". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە هەوڵەکانیان بەردەوامە بەئاڕاستەی هەمواركردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، چونکە هەندێ لە برگەو ماددەکانی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگادا ناگونجێ.

پڕۆژەیەک دراوەتە نەوشیروان مستەفا

# ژنان داوای هاوسەرۆکایەتی لە حیزبەکان دەکەن

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژنان بۆ زامنکردنی بەشدارییەکی باشتر لەکاری سیاسیدا، بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە پرسی جێگیرکردنی سیستەمی هاوسەرۆکایەتی وەکو ئەوەی لە بەشێک لە حیزبە چەپەکانی دنیادا هەیە، بەرەوڕووی سەرکردایەتی حیزبەکانیان بکەنەوە. لەو ڕووەوە ژنانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان پڕۆژەیەکیان داوەتە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە.

ناسک تۆفیق، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی سەبارەت بەو پرسە گوتی، ئەگەر حیزبێک بیەوێت ریفۆرم بکات، دەبێت هەوڵ بدات لەگەڵ ڕۆژدا نوێ ببێتەوە "بۆ ئێمە شتێکی زۆر ئاساییە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە و پارچەکانی دیکەی کوردستان وەربگرین، بەڵام کۆپی ئەوان نەبێت".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکگرتوو دەڵێ ئەوان وەکو خوشکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆنگرەی پێشوودا کۆتایان چەسپاند، ژنیان گەیاندە پلەی پەرلەمانتاری و وەزیری "دەمانەوێت لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ئەوە بکەین و خوشکان لەوێش پۆستیان بدرێتێ".

ناسک تۆفیق گوتیشی "پێش ئەوەی کۆنگرە ببەستین، دەمانەوێ کۆنفرانسێک بۆ خوشکان سازبکەین لە نێو یەکگرتوودا، دەمانەوێ ڕێژەی کۆتای 25% بۆ سەرجەم پۆستە حکومی و حیزبییەکان بچەسپێنین".

ناسک کە لە خولی ڕابردوودا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، باسی یەکێک لە گرنگترین پڕۆژەکانی داهاتوویان دەکات کە دەیانەوێت کاری لەسەر بکەن "لە کۆنگرەی داهاتووی حیزب، داخوازی هاوسەرۆکایەتی ژنان دێنینە ئاراوە، بۆ ئەوەی حیزبەکان کاری لەسەر بکەن و بە یاسا جێگیر بکرێت و بکرێتە ئیجباری".



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

ئەوە تەنیا داخوازی ژنانی نێو یەکگرتووی ئیسلامی نییە. کادرێکی ژنی نێو یەکێتی کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی کاروباری خانمانە، ڕەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت کاتێک وەک هەموو کابینەکانی پێشوو، دەرگای بەشداریکردنی لەسەر ژنان پێوەدا "بەڵام وەڵامی حیزبەکان ئەوە نەبوو کە چاوەڕێمان دەکرد، بۆیە ئیدی ئەوە دووبارە ناکەینەوە کە جارێکی دیکە لە دەرگای حیزبەکان بدەینەوە".

ئەمەل جەلال گوتیشی ئەوان تەنیا بە سیستەمی کۆتا توانیویانە حیزبەکان ناچار بکەن بەوەی بەشداری بەژنان بکرێت لە پەرلەمان و حکومەتدا "ئەوەی کە دیاریمان کرد لە یاسا، 30% لە پەرلەمان و 25% لە حکومەتە لۆکاڵییەکاندا ئەوەش وەک پێویست نەبوو، چونکە دەیبینن کە ژنان لە ئیدارەی پارێزگاکاندا کەمترین پۆستیان پێدراوە و لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، دەبوو بەشدارکردنی ژنان ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو بووایە، چونکە ژنان لە پارچەکانی دیکە ئازایەتی خۆیان پێشانی جیهان دا، بەڵام پیاوانی ئێمە ئەوەیان نەبینی".

بەبڕوای ئەمەل، دانانی ژنان وەکو هاوسەرۆک، جۆرێکە لە دەستەبەری مافی بڕیاردان و دەستەبەری مافەکانی خۆی لە پرسە چارەنووسسازەکان بۆ ژن "ئەمە نموونەیەکی سەرکەوتووە بۆ حیزبەکانی باشووری کوردستان" هەروەها دەڵێ "چارەسەر بۆ ئەوە دەبێت حیزبەکان ناچار بکرێن بەو سیستەمە، یاخود دەکرێ لە دەستەی سەرکردایەتی حیزبەکان و ئەنجوومەنی کارگێڕی و دانوستاندنەکان ژنان هەبن و ڕۆڵیان پێبدرێت، نەک چەند ژنێک کە ئەویش پیاوان هەڵیاندەبژێرن، ئەگەرنا هاوسەرۆکی باشترین چارەسەرە".

بزووتنەوەی گۆڕان، لە پارێزگای سلێمانی 31 پۆستی لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەرگرتووە و تەنیا یەک پۆستی داوە بەژنانی بزووتنەوەی گۆڕان.

گوڵستان سەعید، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بوونی یەک پۆستی ژن دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ژنان خۆیان کەمتەرخەم بوون و دەڵێ "ئێمە خۆمان داوامان لە ژنان کرد بەشداریی بکەن لە پۆستەکاندا، بەڵام ئامادەییان تێدا نەبوو بۆ ئەوەی ببنە خاوەن پۆست".

گوڵستان سەعید، باسی پێشنیازی هاوسەرۆکایەتی دەکات بۆ بزووتنەوەی گۆڕان کە داویانەتە نەوشیروان مستەفا "ئەمەمان لەگەڵ پیاواندا باسکردووە و ئەوان پشتگیریمان دەکەن، ئەم داوایەمان گەیاندووە بە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و ئێستا چاوەڕێی وەڵامین".

لە بارەی هاوسەرۆکی لە نێو یەکێتیدا، فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوتی "تاوەکو ئێستا باسی هاوسەرۆکی نەکراوە، تەنانەت ژنانیش ئەو باسەیان نەهێناوەتە پێش، تاوەکو گفتوگۆی لەسەر بکەین".

ئەسەسەرد پێیوایە بۆ هێنانەپێشەوەی ئەو سیستەمە، دەبێت سەرەتا پەیڕەوی ناوخۆ گۆڕانکاریی تێدا بکرێت و هاوسەرۆکی تێدا جێگیر بکرێت". هەروەها گوتیشی ئەوە دەبێت لە کۆنگرەدا یەکلایی بکرێتەوە.

شنۆ نووری، بەرپرسی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی یەکێتی ئافرەتان لە بارەی هاوسەرۆکی لە حیزبەکەیاندا دەڵێت "هاوسەرۆکایەتی ژنان لە حیزبەکاندا کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ژنان، هەروەها هێزێکیش دەبەخشێت بە ژنان، بەڵام دەبێت سەرۆکەکان هەوڵی بۆ بدەن و ئێمە مافەکانمان لەو ڕێگەیەوە بستێنین".

شنۆ و ئافرەتەکانی پارتی، ئەو داواکارییەیان ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی نەکردووە، بەڵام شنۆ پێیوایە ئەگەر داواکارییەکی لەو شێوەیە بکەن، ئەوە دڵنیایە پیاوەکانی سەرکردایەتی پارتی پشتگیرییان دەکەن".

# پەڵە خوێن بکوژی ژنێک ئاشکرا دەکات



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژیان هەرگیز نەیدەزانی ڕۆیشتنی لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ شارۆچکەی چەمچەماڵ، ڕۆیشتنە بەرەو مەرگ. ئەو ژنە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بە بەرد کوژرا، بەڵام جلەکانی هاوسەرەکەی کە بە خوێنی ئەو سوور بووبوون، هەرزوو تاوانەکەی ئاشکرا کرد.

لە دووەم ڕۆژی پرسەی ژیاندا، (ڕووداو) سەردانی کەسوکاری ژیانی کرد لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، ئەوان بە دەم پێشوازیکردن لە میوانەکان و بەڕێکردنیان، لە نێوان خۆیاندا باسی پەیوەندی گەرموگوڕی خۆیان دەکرد لەگەڵ زاواکەیان و دەیانگوت قەت بە خەیاڵیاندا نەهاتووە ئەو پیاوە ژنەکەی خۆی بەوجۆرە بکوژێت.

ژیان عەبدولڕەحمان، تەمەن 37 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی قولەڕەیسی شاری سلێمانی بوو. ئێوارەی ڕۆژی 2015/4/12 لە نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ، لەلایەن (م.س)ی هاوسەری، بە بەرد و چەقۆ کوژرا.

هاوشێوەی ئەو تاوانە بەڵام بە ئاشکرا، 8 ساڵ لەمەوبەر ڕوویدا، کاتێک کچێکی ئێزدی تەمەن 17 ساڵ، بە ناوی دوعا لە ناحیەی باشیک، لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بە بەرد و پارچە بلۆک کوژرا، لەسەر ئەوەی کوڕێکی موسڵمانی خۆشدەویست و شووی پێکردبوو.

ژیان یەکێک نەبووە لەو ژنانەی چاوی لە دەستی مێردەکەی بێت، بەڵکو خاوەن داهاتی خۆی بووە، ئەویش لە ڕێگەی فرۆشتنی ئەو جلوبەرگ و کەلوپەلانەی بە دەستەکانی خۆی دەیچنین، تەنانەت چەند ژنێکیش لەبەر دەستی ئەو کاریان دەکرد. بەشێکی زۆر لەو پارەیەی لە ڕێگەی پیشەکەیەوە دەستیکەوتبوو، بە ئاڵتوونی دابوو.

ژیان ئیشی چنینی دەستی ژنانەی کردووەو توانیبووی داهاتی باشی لەکارەکەیدا دەست بکەوێو جگە لەخۆی، چەندین ئافرەتیش وەک (یاریدەدەر) کاریان لا کردووە، بۆیە ئەویش زۆربەی داهاتەکەی بەئاگاداری هاوسەرەکەی داوە بەئاڵتوون.

## چۆن کوژرا؟

خالید کە برای ژیانە، دەڵێت زاواکەیان پێشتر پلانی بۆ کوشتنی خوشکەکەی دارشتووە "چونکە سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە، کاتێک ویستوویەتی بە ئۆتۆمبێلەکەی کەلوپەل لە چەمچەماڵەوە بگوازێتەوە بۆ سلێمانی، بە ژیانی گوتووە تۆش لەگەڵم وەرە بۆ چەمچەماڵ بۆ کڕینی زەنگیانە و پولەکە. ئەوان پێشتر پێکەوە سەردانی ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانییان کردووە بۆ کڕینی ئەو شتومەکانە".

خالید دەڵێت بەڵگەی هەیە بۆ قسەکانی کە (م) پیلانی کوشتنی ژیانی داناوە "(م) بە ژیانی گوتبوو هەرچی ئاڵتوون و پارەشت هەیە بیخەرە نێو جانتاکەتەوە و لەگەڵ خۆتدا بیهێنە، لەبەرئەوەی دەرگای سەربان داناخرێ".

بەڵام پێش گەیشتنیان بۆ شارۆچکەی چەمچەماڵ و لەنزیک کارگەی غازی ئەو شارە، بە قسەی خالید "(م) ژیانی بردووەتە شوێنێکی چۆڵ و سەرەتا بەردێکی کێشاوە بەپشتی سەریدا، پاشان چەند چەقۆیەکیشی لێداوە و بەو هۆیەشەوە گیانی لەدەستداوە. هەر لەوێش خستوویەتییە نێو چاڵێک و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی".

وەک خالید باسی کرد، کاتێک ژیان و هاوسەرەکەی چوونەتە چەمچەماڵ، هەردوو کچەکەیان کە یەکێکیان 14 ساڵانەو ئەوەی دیکەش 10 ساڵانە، لە قوتابخانە بوون. یەکێک لەکچەکان دوای ئەوەی لە قوتابخانە هاتووەتەوە، چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ دایکی کردووە، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە، دواتر تەلەفۆنی بۆ باوکی کردووە و گوتوویەتی بۆچی دایکم وەڵام ناداتەوە؟ باوکیشی گوتوویەتی "بۆچی پەیوەندی بەدایکتەوە دەکەی؟".

(م) وەک ئەوەی نە بای دیبێت نە باران، گەڕاوەتەوە ماڵەوە و پێداویستییەکانی ژیانیشی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە. وەک خالید گوتی "بۆ ئەوەی کەس هەست بە تاوانەکە نەکات، پێویستییەکانی ژیانی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە". خالید گوتیشی "(م) جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە دەرەوە و عەلاگەیەک جلی هێناوە و خستوویەتییە نێو جلشۆر".

## کەسوکاری ژیان ئاگادار دەکاتەوە

کاتێک کچەکەی زۆر هەوڵ دەدات پەیوەندی بە دایکییەوە بکات، بەڵام وەڵامی دەستناکەوێت. (م) وا خۆی نیشان دەدات کە ژنەکەی ونبووە. بۆیە کەسوکاری ژیان ئاگادار دەکاتەوە و پێیاندەڵێت "ژیان ونبووە". تەنانەت لەگەڵ براکانی ژیاندا سۆراخی ژیان دەکات.

(م) و براکانی ژیان، بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین لە دیارنەمانی ژیان ئاگادار دەکەنەوە. کاتێک پۆلیس داوای ناسنامە و وێنەیەکی ژیان دەکات، یەکێک لە براکانی دەچێتە ماڵی ژیان تاوەکو ناسنامە و وێنەیەکی بهێنێت.

## جلە خوێناوییەکان تاوانەکە ئاشکرا دەکەن

لەوێ یەکێک لە کچەکانی ژیان بە خاڵی دەڵێت "باوکم هەندێک جلی خستووەتە نێو جلشۆرەوە". کاتێک سەیری جلەکان دەکەن دەبینن خوێناوییە. براکەی ژیان یەکسەر جلەکان دەبات بۆ بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین، هەر لەوێش سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن و پۆلیسیش دەستگیری دەکات.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ژن و پیاوە کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبووە، پێکەوە چوون بۆ چەمچەماڵ بۆ ئەوەی کۆتایی بە کێشەکەیان بهێنن، بەڵام دیارە نەگەیشتوونەتە هیچ چارەسەرێک و کوشتوویەتی.

نەقیب سەرکەوت گوتیشی "پیاوەکە لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا دانی بەتاوانەکەیدا ناوە، ئێستاش بەپێی ماددەی 406 لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ".

بەڵام خالیدی برای ژیان، ڕەتیکردەوە خوشکەکەی و هاوسەرەکەی کێشەیان هەبووبێت و گوتی "ئەوەندەی بزانین هیچ کێشەیەکیان نەبووە و تەنانەت زۆریش پێکەوە گونجاو بوون".

براکەی ژیان گوتیشی "لەبنکەی پۆلیس هاوسەری خوشکەکەم سەرەتا نکۆڵی لەتاوانەکەی دەکرد و دەیگوت کە لەچەمچەماڵ گەڕاومەتەوە ژیانم لەڕاپەرین لەنزیک میوەفرۆشێک دابەزاندووەو گوتوویەتی دەڕۆم بۆ ماڵی یەکێک لەو ژنانەی کارم بۆ دەکەنو میوەی بۆ دەکڕم، بەڵام دواتر دانی بەوەدانا کە ژیانی کوشتووە".

براکەی ژیان لەگەڵ براو ژمارەیەکی دیکە لەکەسوکاری قسەیان بۆ (ڕووداو) دەکردو سەرجەمیان جلی ڕەشیان پۆشیبوو، هەرگیز بەبیریاندا نەهاتبوو ڕۆژێک لەڕۆژان ژیان بە دەستی هاوسەرەکەی بکوژرێت. خالید گوتی "ئاڵتوون و پارەکانی خوشکەکەم دیارنییە، ئێستا بۆمان دەرکەوتووە هاوسەری ژیان قەرزار بووە، پێدەچێت ئەم تاوانەشی لە پێناوی دانەوەی قەرزەکانی کردبێت".

ئێستا خانەوادەی ژیان چاوەڕێی یاسا دەکەن بۆ ئەوەی سزای هاوسەری خوشکەکەیان بدات، براکەی ژیان گوتی "ئێمە دەمانەوێ یاسا سەروەر بێت و توندوترین سزای بدات".



## سێ کەسی یەک خێزان دەکوژرێن

**رووداو- هەولێر**

کاروان خۆشناو، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند ئێوارەی ڕۆژی 2015/4/18 لە رووداوێکی کوشتن لە شارۆچکەی هەریر ئاگادارکراونەتەوە، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بە شوێنی رووداوەکە دەرکەوت شەڕ لە نێو خێزانێک روویداوە، بەو هۆیەش باوک و کوڕێک لەگەڵ ئامۆزایەکی باوکەکە کوژران. ناوبراو گوتی "هەندێک دەڵێن کوژرانی ئەو هاووڵاتییانە لەسەر دابەشکردنی میرات بووە هەندێکیش دەڵێن بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوەیە، بەڵام ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە پەراوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوە و چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانین".

**لە ماوەی 100 ڕۆژدا**

# 27 کەس لە هەولێر خۆیان دەکوژن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئەگەر ئەو کارەساتە بەمشێوەیە بەردەوام بێت تاوەکو کۆتایی ساڵ، رەنگە ئەمساڵ بە ساڵی خۆکوشتن نێوببرێت لەشاری هەولێر.

ئامارێکی پۆلیس دەریدەخات تەنیا لە ماوەی 3 مانگ و نیوی ئەمساڵدا 27 کەس لە سنووری پارێزگای هەولێر خۆیان کوشتووە. پۆلیس دەڵێت ژمارەکە "زۆر زۆرە". کۆمەڵناسێکیش دراما دۆبلاژکراوەکان بەهۆکار دەزانێت.

بەپێی ئامارێکی پۆلیسی هەولێر، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو 17ی نیسان، 27 کەس (15 نێر و 12 مێ) بە رێگەی جۆراوجۆری وەکو (تەقە لەخۆکردن، خۆخنکاندن و خۆسووتاندن) خۆیان لەناوبردووە.

ئامارەکە، پۆلیسی هەولێری تووشی شۆک کردووە کە دەڵێن هیچ ساڵێک هێندەی ئەمساڵ حاڵەتەکانی خۆکوشتن زۆر نەبوون.

کاروان خۆشناو، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی گوت "ئەو کەسانەی پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە، زۆربەیان گەنجن. بەشێکی زۆری هۆکارەکەشی بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێو خێزانەکانیان دەگەڕێتەوە".

رووداوی خۆخنکاندنی کچێکی تەمەن 11 ساڵ لەرێگەی خۆهەڵواسینەوە لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر لە هەفتەی رابردوودا، کاریگەرترین رووداوی نێو 27 رووداوەکەیە.

رائید کاروان گوتی "ئەو رووداوە زۆر کاریگەر و سەرنجراکێش بوو بەلامانەوە، بۆچی کچێک لەو تەمەنەدا و بەو شێوەیە بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە".



بۆ هۆکاری خۆکوشتنی کەسانی لەو تەمەنە، گوتەبێژەکەی پۆلیسی هەولێر پێیوایە هۆکاری سەرەکی ئەو دراما دۆبلاژکراوانەن کە لە کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکانی کوردستانەوە پەخش دەکرێن.

نزیکەی 50 کەناڵی ناوخۆیی لە شاری هەولێر هەن و زۆربەشیان شەوانە درامای دۆبلاژکراو بڵاودەکەنەوە، تەنانەت کەناڵیان تێدایە شەوانە چوار درامای دۆبلاژکراو بڵاودەکاتەوە. هەندێکیشیان تایبەتن بە فیلم و دراما.

کازم زرار مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین، سەیرکردنی بەردەوامی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو درامایانە بەهۆکارێک دەبینێ بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو رەفتارانە.

ماوەی زیاتر لەساڵێکە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانێکی قورسی دارایی بووەتەوە، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی فەرمانبەران و سەرچاوەی ژیانیان، مووچەکانیانە. هەروەها ئەو کەسانەش کە لەبازاڕدا کار دەکەن و ئیشیان کز بووە.

رائید کاروان و کازم زرار قەیرانی دارایی بەهۆکارێکی سەرەکی دەبینن بۆ دروستبوونی فشاری دەروونی لەسەر ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن.

مامۆستا کازم دەڵێ "لەبەرئەوەی ساڵانی رابردوو خەڵک بەخۆشی دەژیان، بەڵام ئێستا تووشی قەیرانی دارایی بوون و ناتوانن وەک پێشتر خواستەکانیان پڕ بکەنەوە، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن".

هەرچەندە ئەو کۆمەڵناسە دەڵێت قەیرانی دارایی یەکێک لە هۆکارەکانی خۆکوشتنە، بەڵام لە نێو ئەوانەی لە شاری هەولێر خۆیان کوشتووە، ئەفسەری تێدایە بە پلەی لیوا و نەقیب کە بە بەراورد بەو پۆلیس و پێشمەرگانەی پلەیان نییە، باری ئابوورییان زۆر باشترە.

زۆرجار ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن وا بیر دەکەنەوە کە بە خۆکوشتن کێشەکانیان چارەسەر دەبێ، بەڵام وەک کاروان خۆشناو دەڵێت، ئەو کەسانە دوای خۆیان چەندین گرفتی دیکە بۆ کەسوکاریان جێدێڵن "کەسێک خۆی دەکوژێ وا هەست دەکات کێشەکەی کۆتایی دێ، بەڵام نازانێ کێشەکانی دوای خۆکوشتنی گەورەترن، بۆیە دەڵێم خۆکوشتن چارەسەر نییە".

مامۆستا زرار باسی هۆکارەکانی دیکەی خۆکوشتن دەکات و دەڵێت "هەندێک لەوانەی خۆیان دەکوژن لە تەمەنێکی زوودا هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام کاتێک تووشی کێشە دەبن و چارەسەریان لا نییە، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن". هەروەها دەڵێت "زۆرجار کەسوکار رێگە بە گەنجان نادەن بە خواستی خۆیان شوو بکەن، بۆیە ئەو کەسە کە هیچ چارەیەکی نامێنێ پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات".

# 3 ملیۆن دۆلار بەهۆی قومارەوە قەرزدار بووە

**شەیدا قادر**
**رووداو- سلێمانی**

بازرگانی خۆراک بووە و بەهۆی کارە بازرگانییەکانی زوو زوو سەفەری دەرەوەی دەکرد، هەر خۆیشی حەزی لە گەڕان و سەفەر بوو، بەڵام دواجار سەفەرێک بۆ لوبنان تەواوی ژیانی گۆڕی. ئەوی لە کەسێکی خواپێداوەوە کرد بە کرێچی. هیوا وازی هێناوە، بەڵام هێشتا لە خۆی دڵنیا نییە، جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر قومارکردن یان نا.


هیوا، ناوی خوازراوی بازرگانێکی شاری سلێمانییە، تەمەنی 55 ساڵە. ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و خاوەنی سێ منداڵە. هیوا کە بەهۆی قەرزارییەوە کەوتبووە زیندان، ماوەیەکی کەمە ئازاد کراوە.

ئەو کاتەی لە زیندان بوو، چیرۆکی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی کە سەفەرکردن یەکێک بووە لەخولیاکانی ء ساڵانە سەفەری کردووە "بەهۆی ئەوەی باری داراییم باش بوو، زوو زوو سەفەرم دەکرد".

وەک هیوا گێڕایەوە، لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا لەگەڵ هاوڕێیەکی دەچێتە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەیی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان. هیوا دەڵێت "لەو هۆتێلە هۆڵی یاریکردن و قومار هەبوو، شەوێک لەگەڵ هاوڕێکەم چووینە ئەو هۆڵە، لەسەر مێزەکان چەندین خانمی بیانی و عەرەبی نیمچە رووت دانیشتبوون و هەندێک مێزیش پیاوان دانیشتبوون لەتەنیشت ئەو خانمانە یارییان دەکرد".

هیوا مەبەستی بووە بزانێت ئەو یارییە چییە "کاتێک چوومە پێشەوە بینیم خانمێک سەرپەرشتی یارییەکە دەکات و تۆپێکی بچووک دەخاتە ناو ئەو بازنەیەی کە 36 ژمارەی تێدایە، بەشداربووانیش تکتی پارەکان دەخەنە سەر ژمارەیەک، ئەگەر تۆپەکە بچێتە سەر ژمارەکەیان، چەند پارە دابنێن، 36 ئەوەندەی پارەکەیان دەبەنەوە".

یارییەکە سەرنجی هیوا و هاوڕێکەی رادەکێشێت و هاوڕێکەی پێیدەڵێت "بۆچی



هەر یەکەمان 500 دۆلار نەکەینە تکت و یاری بکەین هەر بۆ سەرگەرمی خۆمان، منیش پێمخۆش بوو، چونکە 500 دۆلار بۆ ئێمە هیچ نەبوو". بەڵام هیوا و هاوڕێکەی بە چەند خولەکێکی کەم پارەکە دەدۆڕێنن و ئەو شەوە هۆڵەکە جێدێڵن.

هیوا و هاوڕێکەی شەوی دووەم بەنیازی هەڵدانی چەند پێکێک خواردنەوە دەچنەوە هۆڵەکە، بەڵام بەنیەتی بردنەوەی ئەو 500 دۆلارەی شەوی پێشتر دۆڕاندبوویان، بڕیار دەدەن یاری بکەن "ئەو شەوەش زیاتر لە 2000 دۆلارمان دۆڕاند و بە ناچاری هۆڵەکەمان جێهێشت. بەهۆی ئەوەی پارەمان کەم پێ مابوو، دوای دوو رۆژ گەڕاینەوە سلێمانی".

هیوا کە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، باسی یارییەکە بۆ هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە. ئەوانیش دەڵێن دەمێکە ئەم یارییە لە کوردستان هەیە، تەنانەت دەتوانی لە رێگەی ئینتەرنێتیشەوە یاری بکەی.

هیوا لەگەڵ هاوڕێیەکەی شەوێک دەچێتە یەکێک لە گازینۆکانی سلێمانی کە ئەم یارییەی تێدا دەکرێت. بردنەوەی 400 دۆلار بەس بوو بۆ ئەوەی هیوا بە تەواوی ئالوودەی یارییەکە بێت "ئیدی بەو شوێنە ئاشنا بووم و زۆربەی شەوان دەچووم. بەجۆرێک ئالوودەی بووم، کارەکەم لەبیرکرد، وام لێهات بەڕۆژیش دەچووم".

هیوا ئەو پارەیەی دەستی دەکەوت لەو یارییە دەیدۆڕاند "تاوەکو لە یارییەک براوە دەبووم، لە 100 یاری دەدۆڕام". هیوا کەمێک بێدەنگ بوو، جگەرەیەکی داگیرساند و درێژەی پێدا "من بەخۆم نەزانیبوو، نەک پارەیەکی زۆری خۆم دۆڕاندبوو، قەرزێکی زۆرم هاتەسەر، ناچار ئۆتۆمبێلەکەم گۆڕی و ماڵەکەم فرۆشت، بەهۆی ئەوەی لە بازاڕ متمانەیەکی زۆرم پەیدا کردبوو، پارەیەکی زۆرم لە بازرگان و دوکاندارەکان قەرز کرد".

تاوەکو دەهات کاتی دانەوەی قەرزەکانی هیوا نزیک دەبووەوە، بەڵام رۆژ بەڕۆژ گیرفان و قاسەکەی خاڵیتر دەبوو. هیوا چەند بیرۆکەیەکی بۆ دێت، خۆی بشارێتەوە، یان بچێتە دەرەوەی وڵات! بە تایبەتی دوای ئەوەی کەسوکارەکەی و خێزانەکەشی بەکارەکەیان زانی و کێشەی زۆری بۆ دروستبوو.

هیوا بۆ ماوەی دوو هەفتە مۆبایلەکەی دادەخات و لە هەولێر خۆی دەشارێتەوە. نامەیەکیش بۆ ماڵەوە جێدێڵێت و ئەوە دەدرکێنێ کە 3 ملیۆن دۆلار (300 دەفتەر دۆلار) قەرزارە. بەڵام دواتر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە سلێمانی، چونکە کێشەی زۆر بۆ کەسوکارەکەی دروستبووبوو.

هیوا دەڵێت "هەندێک لە قەرزدارەکان بە بڕێک پارە وازیان هێنا و هەندێکیش سکاڵایان تۆمارکرد، پۆلیس دەستگیری کردم و درامە دادگا و بە سێ ساڵ بەندکردن سزا درام".

هیوا بەر لەوەی زیندان جێبهێڵێت گوتی "نازانم چۆن جارێکی تر بەرەورووی ژیان ببمەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی متمانە و خۆشم لەدەستدا".

هیوا ئێستا کرێچییە و جارێکی دیکە لە سفرەوە دەستی پێکردووەتەوە و لەلای خزمێکیان کار دەکات. ئەو دەڵێت "نازانم داهاتووم چۆن دەبێت و بەرەو کوێم دەبات، خۆشم نازانم ئایا دیسان دەکەومەوە ژێرباری قەرز، یان ئەو قومارە لە خوێنم دەردێت".



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

# بە قسەی خۆش لە خشتەی برد

پارێزەری رێکخراوێکی ژنان سەردانی کردین کە ماوەی دوو مانگ بوو سەرقاڵ بوو بە دۆسیەی کچێکی هەڵخەڵەتێنراو. ئەو کچە کە تەمەنی 20 ساڵە، لە مۆڵێک کاری کردووە و پەیوەندی لەگەڵ کارمەندێکی مۆڵەکە هەبووە. کارمەندەکە بە فرت و فێڵ و بەڵێنی بەدرۆ کچەکەی لە خشتە بردووە و پاکیزەیی کچەکەی نەهێشتووە.

پارێزەرەکە هەوڵێکی زۆری دابوو کە کوڕەکە ئەو کچە بخوازێت، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون. پارێزەرەکە هەرچەندە رێوشوێنە یاساییەکانی دەزانی بۆ سەندنەوەی مافی کچەکە، بەڵام لە کەسوکاری کچەکە دڵنیا نەبوو کە ئەگەر دۆسیەی کچەکە بچێتە دادگا، چ کاردانەوەیەکیان دەبێت. بۆیە پەنای بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان هێنابوو، بۆ ئەوەی رێگەچارەیەک بۆ کێشەی کچەکە بدۆزنەوە.

بە پێویست زانرا لە زاری کچەکەوە راستیی رووداوەکە بزانرێت. کچەکە بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ کوڕەکە گێڕایەوە و گوتی "ماڵەوەمان زۆر متمانەیان بەمنە، لە مۆڵێک کار دەکەم، لەگەڵ کوڕێک کە لەوێ کاری دەکرد و هاوتەمەنی خۆم بوو، یەکدیمان ناسی. ئەو کوڕە بەڵێنی زۆری پێدام و گوتی راستگۆیە لە پەیوەندییەکەی و دەیەوێت بمخوازێت، منیش باوەڕم پێکرد. ئەم کوڕە کارێکی وای نەدەکرد کە گومانم لێی هەبێت. رۆژێکیان زیاتر نیازپاکی خۆی نیشاندا و گوتی دایکم حەز دەکات بتبینێ و لەبارەی خوازبێنییەوە قسەت لەگەڵ بکات، منیش متمانەم پێکرد و لەگەڵی چووم بۆ ماڵیان، بەڵام کە چووینە ژوورەوە هەستم کرد ماڵەکە چۆڵە، ویستم بڕۆم کوڕەکە سوێندی خوارد کە دایکی بە ئیشێک چووەتە دەرەوە و ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام دایکی هەر نەگەڕایەوە. کوڕەکە بە قسەی خۆش لە خشتەی بردم و هەر لەوێ سێکسی لەگەڵ کردم و پەردەی کچێنیم نەما، بەڵام ئەوکاتیش سوێندی خوارد کە دەمخوازێت، کەچی ئەوە دوو ساڵە بە قسەی خۆش دەستی دەستیم پێدەکات. من خوازبێنیم زۆرە و فشاری ماڵەوەم لەسەرە بۆ شووکردن".

کاتێک پەیوەندی بە کوڕەکەوە کرا کە بێتە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ئەو زۆر لێزانانە گوتی "داوام لە دژ تۆمار کراوە، بێم!". پێدەچوو هەموو رێگا یاساییەکان بزانێ. لەئەنجامی گفتوگۆی تەلەفۆنی تەنانەت بوختانیشی بۆ کچە دروستکرد. بۆیە بەباش زانرا پەیوەندی بە باوکییەوە بکرێ هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە باوکی بەرپرس نییە لە هەڵسوکەوتی کوڕێکی پێگەیشتوو، بەڵام لەبەر هەستیاریی کێشەکە پەیوەندی پێوەکرا. کەچی لەگەڵ ئەویش بێ سوود بوو، یەکسەر گوتی ئەگەر داواتان لەسەری هەیە وەرن بیبەن.

قسەکردن لەگەڵ ئەو باوک و کوڕە سوودی نەبوو. بە کچەکە گوترا سکاڵا تۆمار بکە و شوێن هەیە بۆ پاراستنت، بەڵام رازی نەبوو سکاڵا تۆمار بکات. ئەگەر کچەکە سکاڵای تۆمارکردبا، دادوەر دەیتوانی بەپێی ماددی 395 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردن بۆ ئەو کوڕە دەربکات، بەپێی ئەو ماددەیە هەر کەسێک بەڵێنی درۆ بە کچێک بدات کە 18 ساڵی تەواوکردبێ، ئەگەر لەگەڵی جووتبوو و هاوسەرگیری لەگەڵ نەکرد، واتە کچەکەی هەڵخەڵەتاند، ئەوا وەک تاوانبار زیندانی دەکرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەم کێشەیە، پێویستە کوڕ و کچ لە هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکان بە وریاییەوە مامەڵە بکەن بۆ ئەوەی تووشی کێشەی هاوشێوەی ئەم کوڕ و کچە نەبن.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# هەڵەبجەییەکان ناگەڕێنەوە بۆ پارێزگاکەیان

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

سەرەڕای ئەوەی شارەکەیان کرایە پارێزگا، بەڵام هێشتا زۆر لەو هەڵەبجەییانەی دوای کیمیابارانی شارەکە ئەوێیان جێهێشتووە و لە سلێمانی نیشتەجێبوون، ئامادەنین بگەڕێنەوە شارەکەیان و دەڵێن تازە ژیان و بەرژەوەندییان لە سلێمانییە. بەشێکیشیان دوودڵن لە گەڕانەوە. پارێزگاری کاندیدکراویش داوایان لێدەکات بگەڕێنەوەو پارێزگاکەیان ئاوەدان بکەنەوە.

کاتێک لە 16ی ئاداری 1988 ڕژێمی پێشووی عێراق شارۆچکەی هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، بەشی هەرەزۆری دانیشتووانەکەی شارەکەیان جێهێشت و زۆربەیان دواتر لە سلێمانی نیشتەجێ بوون. دوای تێپەڕبوونی 27 ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە، شارۆچکەکەیان بوو بە پارێزگا، ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا هەڵەبجەییەکان دەگەڕێنەوە؟

ساڵی 2013 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری بە پارێزگاکردنی هەڵەبجەی دەرکرد، ئەمساڵیش پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکی نائاساییدا لە شارۆچکەی هەڵەبجە کە لە 5ی شوباتی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو، بە فەرمی (پرۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە)ی پەسەند کرد.

بەپێی ئەو یاسا نوێیە، پارێزگای هەڵەبجە جگە لە قەزای ناوەندی هەڵەبجە، ناحیەکانی (سیروان و بیارە و خورماڵ)یش دەگرێتەوە. هەروەها لە ماددەی 51ی بودجەی گشتی ئەمساڵی عێراقیشدا ناوی هەڵەبجە وەکو پارێزگا هاتووە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەران کە خەڵکی هەڵەبجەیە، بە (ڕووداو)ی گوت کە جگە لەوەی لەبودجەدا ناوی هەڵەبجەیان وەکو پارێزگا هێناوە، لەبەشی "گواستنەوەی بودجە"شدا 2 ملیاری دیکەیان وەکو دیاری پێشکەش کردووە، لەهەمان کاتیشدا داوایان لە هەرێمی کوردستان کردووە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا پشکێکی تایبەت بۆ پارێزگای هەڵەبجە تەرخان بکات.


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

### بۆ دوو بەرە دابەشبوون

هەڵەبجەییەکانی دانیشتووی هەڵەبجە داواکارن لە هاوشارییەکانیان لە شوێنەکانی دیکە بگەڕێنەوەو پێکەوە هەڵەبجە ئاوەدان بکەنەوە، سەباح ساڵح، 40 ساڵ، هاووڵاتییەکی نیشتەجێی هەڵەبجە، پێیوایە هەر شارێک هەتا دانیشتووانەکەی زۆرتر بن، ئەوا لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە باشترە، بۆیە داوا لە هەڵەبجەییەکانی دەرەوەی هەڵەبجە دەکات بگەڕێنەوە بۆ پارێزگاکەیان.

بەڵام بەشێک لە دانیشتووانی هەڵەبجە کە لەشاری سلێمانی نیشتەجێن، ئامادە نین بڕۆنەوە بۆ شارەکەیان و هەندێکی دیکەشیان دوودڵن.

جەمال حەمەفەرەج، فەرمانبەر لە یەکێک لە فەرمانگەکانی سلێمانی، لەکاتی کیمیابارانەکەوە هاتوونەتە سلێمانی. ئەو خۆشحاڵە کە هەڵەبجە بووەتە چوارەم پارێزگای هەرێمی کوردستان، بەڵام ئامادە نییە بگەڕێتەوە شارەکەی "ڕاستە هەڵەبجە کرایە پارێزگا، بەڵام هێشتا لەڕووی خزمەتگوزارییەوە کەموکوڕی زۆری تێدایە و ناکرێ لە ئێستاوە بڕیار بدەین بڕۆینەوە".

ڕەعنا ئەحمەدیش کە ژنێکی باڵا مامناوەندی تەمەن 62 ساڵی نیشتەجێی سلێمانییە و هاوسەرەکەی لەژیاندا نەماوەو خاوەنی 7 منداڵە، زوو زوو سەردانی کەسوکاری لە هەڵەبجە دەکاتەوە، بەڵام هێشتا دوودڵە لەوەی بڕیاری گەڕانەوەی یەکجاریی بدات بۆ زێدی خۆی.

ڕەعنا گوتی "وەڵڵا زۆرم پێخۆشە شارەکەمان بووەتە پارێزگا، ئێستاش زۆربەی کەسوکارمان لەوێن و خۆشم زوو زوو دەڕۆم، بەڵام جارێ نازانم کە بەیەکجاری دەڕۆمەوە یان نا، چونکە هێشتا خزمەتگوزاری زۆری بۆ نەکراوەو باوەڕ ناکەم کوڕەکانیشم لەگەڵم بێنەوە بۆ ئەوێ".

ئەو کەسانەی خەڵکی هەڵەبجەن و ئێستا لە شوێنی دیکە نیشتەجێن، زۆربەیان لەو شوێنانە خاوەن بەرژەوەندین یانیش فەرمانبەرن. ئەندازیار عومەر حاجی عینایەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە خەڵکی هەڵەبجەیە، دەڵێت گرنگە ژینگەی ئیشکردن و ژیانی تاکەکەس لە شارەکە بۆ ئەو کەسانە دابین بکرێ کە بیانەوێ بگەڕێنەوە، جگە لەوەش زۆر کەسی هەڵەبجەیی کە ئێستا لە دەرەوەی هەڵەبجە دەژین بەرژەوەندییان لە شوێنی ئێستایانە، بۆیە ڕەنگە قورس بێت جارێکی دیکە لەهەڵەبجە ژیانیان دروستبکەنەوە، بەڵام خەڵکی دەرەوەی هەڵەبجە هەمیشە هەست و ئارەزوویان لای شارەکەیانە".

### نەورۆڵی: داواکارم بگەڕێنەوە

هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەڵەبجە نەکراوە، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حیزبەکان، پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە بەر بزووتنەوەی گۆڕان کەوتووە و ئەوانیش عەبدوڵڵا نەورۆڵی-یان کاندید کردووە.

نەورۆڵی کە تاوەکو ئێستا لە پۆستەکەی دەستبەکار نەبووە، گوتی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی داراییدایە، بۆیە داوای لە دەوڵەمەندانی پارێزگاکە کرد هاوکاری پارێزگاکەیان بکەن و خەڵکانی هەڵەبجەش کە لەشوێنەکانی دیکە نیشتەجێن، بگەڕێنەوە بۆ پارێزگاکەیان و ئاوەدانی بکەنەوە.

نەورۆڵی دەڵێت هەر لەئێستاوە پلانی خۆی دارشتووە و پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵا کەسانی شارەزا و کۆمپانیاکان و دەستە خوشکەکانی هەڵەبجە لە وڵاتانی دەرەوە دروستکردووە بۆ ئەوەی بتوانن سیمای هەڵەبجە بۆ پارێزگایەکی هاوچەرخ بگۆڕن.

---

# شەعب بێ ژنە

## شێوەکارەکەی شەعب: با ژنانیش بێن و وێنەیان بکێشم



پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

ئەو ڕۆژەی تەرخانکرابوو بۆ ژنان لە چایخانەی شەعب، فەشەلی هێنا و ڕۆژانی پێنجشەممە چایخانەکە جمەی دێت لە پیاو و هیچ ئافرەتێکی لێ نابینرێت. خاوەنی چایخانەکە دەڵێت ئامادەم نە ڕۆژێک، لایەکی چایخانەکە بۆ ژنان جیابکەمەوە، بەڵام ژنان دژی ئەو جیاکارییەن.

ساڵی ڕابردوو پرۆژەیەک پێشنیاز کرا کە ڕۆژانی پێنجشەممە تەرخان بکرێت بۆ ژنان، تاوەکو سەردانی چایخانەی شەعب بکەن و لەوێ کۆببنەوە، بەڵام پرۆژەکە تەنیا چەند هەفتەیەک کاری پێکراو ژنان چیدی پێنجشەممان نەچوونەوە بۆ شەعب.

### تاک تاک دەهاتن

وەستا عومەر حاجی شەریفی چایچی، خاوەنی چایخانەی شەعب گوتی ساڵی ڕابردوو تاک تاک ژن هاتن و ویستیشیان ڕۆژێک تەرخان بکەن بۆ هاتنی ژنان، بەڵام ئیدی نازانن بۆچی سەری نەگرت "ڕەنگە ئافرەتان پێیان عەیب بووبێت بێنە ئێرە، بەڵام هیچ پێویست بەوە ناکات و ئەگەر بێن ئێستاش ئامادەم نەک ڕۆژێکیان بۆ تەرخان بکەم، بەڵکو شوێنێکیشیان بۆ جیابکەمەوە".

عومەری چایچی لەگەڵ ئەوەدایە ژنان و کچان ئەو کلتوورە بشکێنن کە هەر دەبێت پیاوان لە چایخانەکاندا بن و گوتی "لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵێک خوێندکاری کچ هاتن و نانیشیان خوارد، بەڵام ئێمە حەز دەکەین زۆربەی ژنان و کچان بێن بۆ ئەوەی کلتوری عەیبە نەمێنێ".

چایخانەی شەعب ڕووبەرەکەی نزیکەی 300 مەترە و دەکەوێتە نزیک بەردەرکی سەرا. ئەم چایخانەیە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن حاجی شەریف چایچییەوە دروستکراوە و ئێستاش لەلایەن کوڕەکانییەوە سەرپەرشتی دەکرێ.

چایخانەکە زیاتر بەشوێنی پشوودانی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ناسراوە. دیوارەکانی چایخانەکە بەوێنەی شاعیر و هونەرمەندو سەرکردەو کەسایەتییە کۆچکردووەکانی کوردستان داپۆشراوە. لە سووچێکی گازینۆکەشدا کتێبخانەیەکی بچکۆلانە دانراوە.

### "با ئافرەتانیش بێن و وێنەیان بکێشم"

ئەو کەسانەی ڕوو دەکەنە گازینۆکە، بەلایانەوە ئاساییە ئەگەر ژنان و کچانیش وەکو پیاوان ڕوو بکەنە گازینۆکە، مەحموود محەممەد یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی کە هەمیشە چاکەت و پانتۆڵێکی لەبەردایە و کەرەستەی وێنەکانیشی پێیە، زۆربەی ڕۆژ لەو گازینۆیە وێنەی ئەوانە دەکێشێت کە دێنە گازینۆکە.

ئەو، جگە لەوەی پێیخۆشە ئافرەتان ڕووبکەنە گازینۆکە، گوتی "با ئافرەتانیش بێن و ئەگەر پێیانخۆش بوو وێنەیان دەکێشم، خۆ دنیا وێران نابێت".

لە ماوەی ڕابردوودا ژنێکی تەمەن 33 ساڵ، چایخانەیەکی لە شەقامی چوارباخی سلێمانی کردەوە. ئەوەش وای لە ئاسۆ باقی کردووە کە داوا لەژنان بکات چاو لەو ژنە بکەن و بێنە چایخانەکان.

ئاسۆ گەنجێکی باڵا مامناوەندی قژ ڕەشی تەمەن 30 ساڵە و ڕۆژانە سەردانی گازینۆی شەعب دەکات. ئەو دەڵێ وەکو چۆن کچان و ژنان ڕوودەکەنە کافتریاکان، با ڕووبکەنە چایخانەی شەعب "ئێستا دنیا پێشکەوتووە و بڕوا ناکەم کەس تانە لەژنان و کچان بدات کە بێنە ئێرە".

### ئافرەتان دژی جیاکردنەوەی شوێنن

ژنان دژی ئەوەن ڕۆژێک یاخود شوێنێکیان لەو چایخانەیە بۆ تەرخان بکرێ، بەڵکو پێیان باشە وەکو پیاوان ڕووبکەنە چایخانەکە. ژنە ئەکتەری کورد گەزیزە عومەر گوتی ئەو لەگەڵا جیاکردنەوەی ژنان و پیاواندا نییە، بەڵکو هەر ئافرەتێک پێیخۆشبوو با بچێتە چایخانەکە. ئەو گوتی "وەکو چۆن ژنان و ئافرەتان ڕوودەکەنە کافتریا و ڕێستۆرانتەکان، دەکرێ بەو شێوەیەش ڕووبکەنە ئەو چایخانەیە و هەق نییە جیاوازی لەگەڵا شوێنەکانی دیکە بکرێ، چونکە شوێنێکی ناسراوە و کەسانی ڕۆشنبیری تێدایە".

ئایا گەزیزە ئامادەیە بچێتە ئەو چایخانەیە؟ ئەو گوتی "ئەگەر کاتم هەبێت، بۆ نا! حەز دەکەم لەگەڵ هاوڕێکانم یان کەسوکارم سەردانی شەعب بکەین و کاتێکی خۆش ببەینە سەر".

هانا ساڵح، 24 ساڵ، خوێندکاری دوا قۆناخی زانکۆی سلێمانییە و پێیوایە چوونی ژنان بۆ ئەو چایخانەیە بە تەرخانکردنی ڕۆژێک یان جیاکردنەوەی شوێن بۆیان نابێت، بەڵکو دەڵێت ئەگەر ئەو ژن و کچانەی سەردانی بازاڕ دەکەن ڕووبکەنە ئەوێ و چا بخۆنەوە، ئەوا ئافرەتانی دیکەش ڕووی تێدەکەن.

هانا بەلایەوە ئاساییە بچێتە شەعب و دەڵێت "هیچ هۆکارێک نییە ڕێگریم لێبکات، تەنیا ئەوە نەبێت لەگەڵ هاوڕێکانمدا کاتێک تەرخان بکەین و بڕۆینە ئەوێ، هەوڵدەدەین لەم ماوەیەدا ئەو کلتورەش بشکێنین".

---

# ڕواندزییەکان داوای قەرەبوو لە ئێران دەکەن



مەهدی محەممەد ڕواندزی
ڕووداو- ڕواندز

سی و یەک ساڵ لەمەوبەر فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران شارۆچکەی ڕواندزییان بۆردومان کرد و ژمارەیەک قوربانی لێکەوتەوە، ئێستا کەسوکاری ئەو قوربانیانە داوا دەکەن کۆماری ئیسلامیی ئێران قەرەبوویان بکاتەوە.

لە گەرمەی جەنگی ئێران و عێراقدا، بەرەبەیانی ڕۆژی 1984/3/30 دوو فڕۆکەی جەنگیی ئێران بۆردومانی شارۆچکەی ڕواندزیان کرد. بەو هۆیەشەوە 7 هاووڵاتی بوونە قوربانی و 11ی دیکەش بریندار بوون، هەروەها ژمارەیەک خانووی هاووڵاتیانیش خاپوور بوون.

ئەو ڕۆژە عەزیز خدر، بەمەبەستی کڕینی بڕێک خۆراک، بۆ ئەوەی دوای نوێژی هەینی چەند برادەرێکی خۆی داوەت بکات دەچێتە بازاڕ، بەڵام کاتێک گوێی لە دەنگی بۆردومانی فڕۆکەکان دەبێت، بە پەلە دەگەڕێتەوە ماڵەوە. لەوێ جەستەی بێ گیانی زولێخای هاوسەری دەبینێ کە کەوتووەتە ژێر داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکەی.

عەزیز کە ئێستا باری تەندروستی باش نییە، ئەو ڕۆژەی زۆرباش لەیادە کە هاوسەرەکەی تێدا بووە قوربانی. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک بۆردومان دەستی پێکرد، کەلوپەلەکانم لە بازاڕ جێهێشت و بە پەلە خۆم گەیاندەوە ماڵەوە، بەڵام بەر لەوەی بگەمەوە ماڵەوە دراوسێکانم هاتن بۆ لام و باوەشیان لێدام و گریان، ئیدی ئەوکات زانیم ماڵم وێران بووە".

کازم، کوڕە گەورەی مام عەزیز کە ئێستا تەمەنی 39 ساڵە، دەڵێ "ئەوکات منداڵ بووم، بەڵام وا دەزانم ئێستا ڕووداوەکە ڕوویداوە، هەرگیز لەخەیاڵم دەرناچێ، هەموو ڕۆژانی هەینی ئەفلام کارتۆنی پیاوە ئاسنینەکە (رجل الحديدي) هەبوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکەم گوتمان دەچینە ماڵی ئێمە سەیری دەکەین، چەند هەنگاوێک مابوو بگەینە ماڵەوەمان دەنگێکی زۆر گەورە هات و دونیا پڕ بوو لەتۆز و خۆڵ، ئیدی لەترسان ڕامانکرد، دواتر کە گەڕامەوە بینیم ماڵی ئێمە و دراوسێکەمان بە تەواوی وێران ببوو، دایکم و خوشکێکم شەهید بوون، هەروەها دوو خوشکی دیکەم بریندار بوون".

محەممەد حوسێن حەسەن 44 ساڵ، لەکاتی بۆردومانەکەدا 14 ساڵان بووە، خۆی و 3 لە ئەندامانی خێزانەکەی بریندار دەبن و خوشکێکیشی شەهید دەبێ، ئەو باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە چۆن هاوڕێیەکی بۆتە فریادڕەس و ئەوی لەمردنێکی حەتمی ڕزگار کردووە، محەممەد دەڵێ "لەکاتی جەنگی عێراق و ئێران، کە ئەو کات لەپۆلی دووەمی ناوەندی بووم، لەسەربانی خانووەکەمان خەریکی سەعیکردن بووم، ڕزگار جۆلای هاوڕێم هاتە لام و گوتی وەرە با تۆپی باڵە بکەین، منیش لەسەربانی خانووەکەمان دابەزیم و دەستمان بە یاری کرد، دوای ماوەیەک دوو فڕۆکەی جەنگی هاتن، دەستیان بە بۆردومان کرد و چەندین خانوویان ڕووخاندن، یەکێک لەوانە خانووەکەی ئێمە بوو".

محەممەد و ڕزگاری هاوڕێی کە لە کۆڵان خەریکی یاریکردن دەبن، بەهۆی کاریگەری بۆردومانەکە بریندار دەبن و 3 لەئەندامانی دیکەی خانەوادەی محەممەد کە لەو کاتەدا خەریکی نانکردن بوون، بریندار دەبن و خوشکێکیشی گیان لەدەست دەدات.

محەممەد ئێستا وەک ڕووپێوێک لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کاردەکات.


ئەحمەد عەبدوڵڵا حاجی، 58 ساڵ ناسراوە بە شەنگە ئەحمەد لەکاتی بۆردومانەکەدا، زیاتر لەنێو کاژێر لەژێر پاشماوەی خانووە ڕووخاوەکەی دەمێنێتەوە و خێزانەکەشی کە دووگیان بووە، لەگەڵ کوڕێکی تەمەن یەک ساڵانی گیان لەدەست دەدەن.

شەنگە گێڕایەوە "کاژێر 9 و نیوی بەیانی بوو، دوو فڕۆکەی جەنگی هاتن و ساروخێکیان لەماڵی مندا و خانووەکەیان بەسەردا ڕووخاندین، خێزانەکەم کە دووگیان بوو، لەگەڵ کوڕێکی تەمەن یەک ساڵانم شەهید بوون، خۆشم زیاتر لە نیو کاژێر لەژێر پاشماوەی خانووەکەدا مامەوە، ئێستاش بەهۆی برینەکانی ئەوکات، ئازار دەچێژم".

وەک ئەحمەد باسی کرد، ڕژێمی پێشووی عێراق ئەوکات بەڵێنی پێدابوون دوای تەواوبوونی جەنگ بە پارچەیەک زەوی و کەلوپەلی دروستکردنی خانوو قەرەبوویان بکاتەوە، بەڵام ئەحمەد دەڵێت "ئەوە تەنیا قسە بوو". بۆیە ئێستا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، دۆسیەکەیان بجوڵێنێ و حکومەتی عێراق یان ئێران قەرەبوویان بکاتەوە.

## ژیان لەسایەی داعشدا لە شارۆچکەی هیت

# "ئەلقاعیدە لە چاو داعش فریشتە بوو"



**ڕووداو- ئیندیپێندنت**

ڕۆژی 4ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، داعش لە ماوەیەکی کەمدا توانی شاری هیت کۆنترۆڵ بکات کە زۆربەی دانیشتووانی عەرەبی سوننەن. هەندێک لە عەرەبەکان پشتگیرییان لە هاتنی داعش کرد، هەندێکی دیکەشیان دژی وەستانەوە.

فەیسەڵ کە ئێستا لە هەولێر دەژی، یەکێک بووە لەوانەی لە کاتی هێرشەکەی داعش بۆ سەر هیت، لە ناو شارەکەدا بووە و بە چاوی خۆی بینیویەتی کە داعش چی بەسەر فەرمانگەی کشتوکاڵ و گواستنەوە و گەیاندنی شارەکە هێناوە.

فەیسەڵ کە نەیویست ناوی ڕاستەقینەی ئاشکرا بکرێت، باس لە ساتی هاتنی داعش بۆ ناو شارەکەیان دەکات و دەڵێت "کاژێر 4ی بەیانی دەنگی تەقینەوەیەکمان بیست. داعش بۆمبێکی لە خاڵی سەرەکی پشکنینی شاردا تەقاندبووەوە، پاشان شەڕ لە ناوەوە و دەرەوەی شار دەستیپێکرد. هەندێک لە چەکدارەکانی داعش لە دەرەوەی شارەوە هێرشیان هێنابوو، بەڵام ئەوانی دیکە خەڵکی شارەکە و شانەی نووستووی داعش بوون کە لە پشتەوە هێرشیان کردبووە سەر هێزە ئەمنییەکانی عێراق. ئەوان هەر زوو هەموو بنکەکانی پۆلیسیان کۆنترۆڵ کرد، دوو دانەیان نەبێت کە هەتا 5ی بەیانی بەرگرییان کرد، پاش گرتنی ئەو دوو بنکەیە، داعش دەستی بەسەر هەموو شارەکەدا گرت."

فەیسەڵ دەڵێت زۆربەی ئەوانەی داعش لە خاڵی پشکنین دایانابوون، دراوسێکانی خۆی بوون، زۆربەی جارانیش لیستی ناو و وێنەی خەڵکی داواکراویان لەلابوو. تەنیا هەندێکجار داوای ناسنامەیان دەکرد.

بە گوتەی ئەو شایەتحاڵە، یەکەم شت کە دوای هێرشەکەی داعش ڕوویدا، بڕانی کارەبا بوو، بە گوتەی فەیسەڵ هۆکاری ئەمە ئەوە بوو کە کارەبای هیت لە وێستگەی کارەبای حەدیسەوە دابین دەکرا، بەڵام "داعش ڕێگەی نەدەدا خۆراک بۆ خەڵکی حەدیسە بڕوات، لەبەرئەوەی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا بوو. کاربەدەستانی حەدیسەش لە وەڵامدا کارەبای هیت و زۆربەی شارەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعشیان بڕی". هەر ئەمەش دواتر دەبێتە هۆی وەستانی بیری ئاوەکان و شارەکە تووشی بێئاوی هات.

شاری هیت خاکێکی بەپیتی هەیە، هەر بۆیەش مادە خۆراکییەکان هەم زۆرن و هەمیش هەرزانن، بەڵام بە گوێرەی قسەکانی فەیسەڵ، خەڵک لەگەڵ ئەوەشدا دەرەقەت نەدەهاتن، چونکە کەم کەس مووچەی هەبوو یانیش ڕێگەیەکی بۆ پارە پەیداکردنی بەردەوام شک دەبرد. یەکێک لەو گرووپانەی مووچەیان هەبووە، فەرمانبەرانی حکومەتی ناوەندی بوون کە بە بۆچوونی فەیسەڵ "حکومەت هەوڵ دەدات لەم ڕێگەیەوە وەکو نیمچە لایەنگری خۆی ڕایانبگرێت، داعشیش ڕێگری لەمە نەدەکرد، چونکە دەیتوانی باج و زەکاتی لەسەر دابنێت."

فەیسەڵ بە بێزارییەوە باس لەوە دەکات کە داعش دەستی لە هەموو لایەنەکانی ژیان لەناو هیت وەردەدا، وەک خۆی دەڵێت "ئەوان دەستیان خستووەتە ناو پەروەردە، مزگەوت، جلوبەرگی ژنان، باجی سەر دوکان و چەندین لایەنی دیکەی ژیان. دایک و باوکم باسی ئەوەیان بۆ کردم کە داعش 2000 کەسی داناوە بۆ ئەوەی چاودێری داهاتی دوکانەکان و تەنانەت مووچەی خەڵکیش بکەن و باجیان لێ وەربگرن."

سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردە و قوتابخانەکان، فەیسەڵ ئاماژە بەوە دەکات کە "داعش وانەکانی خوێندنیان گۆڕیوە و ئەو وانانەیان هێناوە کە لە ڕەقە و فەللوجە دەخوێنرێن، هەندێک لە وانەکان وەکو کیمیا گۆڕانکارییان تێداکراوە، بەڵام وانەکانی هونەر، مۆسیقا، جوگرافیا، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و ئاینی مەسیحی بە تەواوەتی لادراون. مامۆستاکانی زیندەوەرناسیش ڕێگەیان پێنادرێت باسی تیۆری پەرەسەندن بکەن. لە وانەکانی شیعر و ئەدەبدا، هەموو ئەو شیعر و پارچە ئەدەبییانە لادراون کە داعش بە ئەدەبی جیهانی ئیلحاد ناویان دەبات."

داعش ترسێکی زۆری لە مۆبایل و ئینتەرنێت هەیە، لەبەرئەوەی دەترسێت لەم ڕێگەیەوە شوێنی سەرکردە و بنکە چەکدارییەکانیان بۆ هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان ئاشکرا بکرێت. مۆبایل هەتا مانگی شوبات لە هیت کاری کردووە، بەڵام هاوکات لەگەڵ شەڕ و پێکدادانە قورسەکانی نزیک شارۆچکەی ئەلبەغدادی، داعش بڕیاری دا هەموو بورجەکانی مۆبایل لە هیت بتەقێنرێنەوە. ئینتەرنێتیش بۆ ماوەی 8 مانگ دەچێت لە پارێگای ئەنبار قەدەغە کراوە و خەڵک تەنیا دەتوانن پەیوەندیی ئینتەرنێتی سەتەلایتی بەکاربهێنن، کە داعش دەتوانێت چاودێری بکات.

لەم ماوەیەی دواییدا، داعش کۆمەڵێک نووسینگەی ئینتەرنێتی داناوە کە خەڵک دەتوانن سەردانیان بکەن، بەڵام هەموو پەیوەندییەکان لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

فەیسەڵ سەبارەت بە پڕوپاگەندەی ئاینیی داعش دەڵێت "بەشێکی زۆر لە وتارخوێنەکانی مزگەوتەکان لادراون و لە شوێنیان وتارخوێنی وڵاتانی دیکەی عەرەبی دانراون کە زۆربەیان خەڵکی سعودیە، تونس، لیبیا و ئەفغانستانن. داعش بەشێک لە وتارخوێنەکانی پێشووی شارەکەی لەسەر کار لاداوە، هەندێکیان بەهۆی بڕوایان بە تەسەوف لەسەر کار لادراون کە لای داعش جێی قەبووڵ نییە".

ئەو هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەسەر هەر شەقامێک چەند داعشێک بە جلی ڕەش و سەر و ڕووخساری داپۆشراوەوە وەستاون و هەر ژنێک دەموچاوی دانەپۆشرابێت، دەبێت پەچەیەکیان بە بڕی 15 دۆلار لێ بکڕێت.

کاتێک پرسیاری لێ دەکرێت ئاخۆ خەڵکی شارەکە دەچنە ناو ریزەکانی داعشەوە، فەیسەڵ لە وەڵامدا دەڵێت "دەچن، بەڵام زۆربەی جاران هۆکارێکی دارایی لە پشتە. ئەوان مانگانە 175 هەزار دینار لەگەڵ بڕێک سووتەمەنی و خۆراک وەردەگرن".

فەیسەڵ پێیوایە داعش هەتا ئێستاش بناغەیەکی دارایی بەهێزی هەیە، هەروەها دەست بەسەر خانوو و موڵک وماڵی هەموو ئەو کەسانەدا دەگرێت کە پێشتر لە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان یان دادگاکاندا کاریان کردووە.

سەبارەت بە پێکهاتەی کارگێڕیی داعش لە شاری هیت، فەیسەڵ ئاماژە بەوە دەکات کە هیت لە لایەن شارەوانی ئاینی، شارەوانی ئەمنی و شارەوانی کارگێڕی بەڕێوەدەبردرێت.

بە گوتەی فەیسەڵ، خەڵکی ناوچەکە سەرەتا بەهۆی ڕزگاربوونیان لە سوپای عێراق، بە هاتنی داعش ئاسوودە بوون، بەڵام دوای ئەوەی داعش یاساکانی توندتر کردن کە زۆربەی جاران دژی باوەڕە ئاینییەکان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانن، خەڵکیش وردە وردە هەستیان بە بێزاری دەکرد.

کاتێک سەبارەت بە بەراوردکردنی ئەلقاعیدە و داعش پرسیاری لێدەکرێت، فەیسەڵ دەڵێت "ئەلقاعیدە لە چاو ئەم دێو و وەحشانەی داعش فریشتە بوو. ئەلقاعیدە باشتر بوو لە داعش. ئینجا ئێمە ڕقمان لە حکومەتە، بەڵام داعش جێگرەوەی نییە، لە هەمانکاتدا ئێمە ڕقمان لە داعشە، بەڵام بیهێننە بەرچاوی خۆتان، میلیشیا شیعەکان بێنە ناو هیت، دۆخەکەی زۆر لەوەی ئێستا ترسناکتر دەبێت. کێشەکە ئەوەیە، هەموو بەدیلەکان، ئەلقاعیدە و داعش و میلیشیاکان، لەوەی پێش خۆیان خراپترن".

# پیاوێکی سوننە لەبەر ژنە شیعەکەی مووسڵ بەجێدێڵێ

**ئاسۆ محەممەد و مات وڵف**
**ڕووداو- هەولێر**




خێزانی (ئال سەراج) لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێن، بەڵام هێشتا لە پەیوەندی بەردەوامدان لەگەڵ کەسوکار و هاوڕێکانیان لە نێو شاری مووسڵ.

ئەو خێزانە کە لە ماڵەکەی خۆیانەوە قسە بۆ (ڕووداو) دەکەن، وێنەیەکی ترسناکی بارودۆخی ناو شاری مووسڵ دەکێشن. ئەوان گوتیان بەر لە داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، هەموو کەمینە ئاینی و نەتەوە جیاوازەکانی مووسڵ پێکەوە بە ئاشتی دەژیان.

پێکهاتەی ئەو خێزانە، هەمەڕەنگیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مەزهەبیی مووسڵ دەردەخات. (م.س) 55 ساڵ، سەرۆکی خێزانەکەیە، لە سەردەمی ڕژێمی سەدامدا لەنێو سوپای عێراق ئەفسەر بووە بە پلەی عەقید. خۆی سوننەیە، بەڵام (ر.س)ی هاوسەری شیعەیە.

(م.س) ئاماژەی بە پێکەوەژیانی ئاینی لە مووسڵ کرد و گوتی "بەر لە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە مووسڵ وەک بەهەشت بوو". بەڵام کچەکەی قسەی بە باوکی بڕی و گوتی "ئێستا کوشتن و تاوان بووەتە ڕۆتینی ڕۆژانە لە مووسڵ".

(م.س) دەڵێت خەڵکی مووسڵ داعش وەک "داگیرکار" تەماشا دەکەن . بەهۆی کارە دڕندانەکانیانەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە لە سەرەتاوە پێشوازییان لێدەکردن، ئێستا داعش وەکو دڕندەیەک دەبینن ". هەروەها گوتی "ڕەنگە ئێستا تەنیا 5%ی خەڵک پشتگیریی داعش بکەن".

(م.س) دەڵێت تەنیا ژمارەیەک سوننە لە مووسڵ ماون، ئەوانەی سوننە نین شارەکەیان جێهێشتووە.

بۆچی مووسڵ کەوتە دەستی داعش و خەڵکەکەی بەرگرییان نەکرد؟ (م.س) لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ "بەر لە کۆنترۆڵکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، حکومەتی ناوەندی و هێزەکانی پێشمەرگە ماڵ بە ماڵ گەڕان بۆ کۆکردنەوەی هەموو چەکەکان لە پێناوی ڕێگرتن لە بەرپابوونی ڕاپەڕین، بۆیە خەڵک هیچ شتێکیان بەدەستەوە نەبوو تا ڕووبەڕووی داعش ببنەوە".

(س.م) لە تەنیشت باوکییەوە دانیشتبوو، لە ڕێی کورتەنامەی مۆبایلەوە پەیوەندی بە هاوڕێیەکییەوە دەکرد لە نێو مووسڵ. (س) گوتی "ژیان لە سایەی داعشدا سەختە، هاوڕێکەم دەڵێت دوێنی دەستی چوار منداڵی تەمەن 12 و 11و 13 و 16 ساڵانیان بڕیوە".

پرسیارمان دەربارەی تاوانەکانیان کرد

– "یەکێک لە منداڵەکان باڵندەیەکی دزیوە، یەکێکیان کێبڵێکی کارەبایی. یەکێکیشیان گوللەبەندێکی بچووکی دزیبوو".

ئیبراهیم هەندێ چیرۆکی هاوشێوەی گێڕایەوە و لەناو مۆبایلەکەی گرتەیەکی ڤیدیۆیەکی نیشانداین کە منداڵێک تەمەنی نەگەیشتبووە 11 ساڵ و لەلایەن چەکدارێکی داعشەوە لە پێش چاوی باوکی لە پشتەوە فیشەکێک دەنرێت بەسەریەوە.

لە ڤیدیۆکەدا، باوکی کوڕەکە لە چەکدارەکە دەپاڕێتەوە کە کوڕەکەی نەکوژن، بەڵام سوودی نابێت. بەپێی قسەی ئیبراهیم، تاوانی ئەو کوڕە دزینی بڕێک خواردن بووە، کەمی و قاتوقڕیی خواردن لە شارەکە وایکردووە خەڵک پەنا بۆ کاری وابەرن. ئیبراهیم گوتی "ئەو منداڵە پەنای بۆ دزی بردووە، چونکە برسی بوو."

ژیان لە مووسڵ سەخت بووە، ئەمە (م.س)ی گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی ڕق و کینەی خەڵک لە دژی داعش کڵپە بستێنێ. بەبڕاوی ئەو ڕەنگە گرووپەکە تەنیا دوو هەزار چەکداری لەناو شاری مووسڵ هەبێت.

ئیبراهیم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرچەندە هێزێکی کەمی داعش لەناو شارەکە هەن، بەڵام ئەوەندە کاری تۆقێنەرانە دەکەن لەنێو ئەو شارە کە ترسێکی زۆریان خستووەتە دڵی خەڵکەوە، هەر بۆیە خەڵکی مووسڵ لەدژیان ڕاناپەڕن "ئێستا خەڵک وەک مەڕیان لێهاتووە" ئیبراهیم وایگوت.

(ر.س) شیعە مەزهەبە، مانەوە بۆ ئەو لە مووسڵ هیچ مانایەکی نەبوو، چونکە بەپێی یاساکانی داعش دەبووایە لە مێردە سوننەکەی جیاببێتەوە.

(ر) چالاکوانی ژنان بووە لە مووسڵ، ئەو دەڵێت داعش مامەڵەی لەگەڵ ژنان زۆر خراپە "قژیان دەبڕن. بەردبارانیان دەکەن. بە فیشەک دەیانکوژن. بەتاوانی زینا سەریان دەبڕن، ئەگەر کچێک خۆشەویستی هەبێت بەردباران دەکرێ. ئەگەر زیاتر لە یەک خۆشەویستی هەبێت ئەوا بە فیشەک دەکوژرێت".

هەروەها گوتی "ئەگەر پیاوێکی سوننە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی شیعە کردبێت، داعش زۆر لە پیاوەکە دەکەن بۆئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات".

(ر) زانیاری لە هاوڕێکانییەوە پێگەیشتووە کە زۆر لە خێزانەکان کچەکانیان لە قوتابخانە هێناوەتە دەرەوە، نەوەک ببنە ئامانجی دەستدرێژی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە. ئەوان دەچنە قوتابخانەکان و کچە جوانەکان هەڵدەبژێرن و بەزۆر ناچاریان دەکەن شوویان پێبکەن، بە تایبەت ئەوانەی کە موسڵمان نین.

"بۆ ئێزدییەکان، ئەگەر کچێک تەمەنی لە 8 ساڵ کەمتر بێت، هیچی لێناکرێت، بەڵام ئەگەر تەمەنی لە هەشت ساڵ زیاتر بێت، بە زۆر چەکدارانی داعش سێکسی لەگەڵ دەکەن،" (ر.س) وایگوت.

بەهۆی ئەو بارودۆخەوە، خێزانەکە گوتیان ئەوان و چەندین خێزانی دیکە ناچار بوون شارەکە جێبهێڵن، بەڵام داعش هەموو توانای خۆی خستووەتەگەڕ لەپێناوی ڕێگرتن لەوانەی هەوڵی دەرباز بوون دەدەن.

ئەگەر خێزانێک بیەوێ لە مووسڵ بچێتە دەرەوە ئەوا دەبێت خانووەکەی و ئۆتۆمبێلەکەی و شتەکانی وەک دڵنیایی بداتە داعش، ئەگەر نەگەڕێنەوە ئەوا داعش دەست بەسەر هەموو شتەکاندا دەگرێت.

بە گوتەی ئەو خێزانە کە لە کەسوکاریان بیستووە لە ناو مووسڵ، داعش دەستیکردووە بە ئامادەکاری بۆ بەکارهێنانی خەڵکانی ناو شارەکە وەک قەڵغانی بەرگری لەکاتی هێرشدا بۆ سەریان. ئیبراهیم گوتی "داعش هەموو سەرتاشخانەکانی داخستووە تا هەموو پیاوان ریش و قژیان درێژ بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر هێرش کرایە سەر شارەکە، هێرشبەران نەتوانن جیاوازی لە نێوان چەکدارانی داعش و هاووڵاتیانی مەدەنی بکەن".

هەرچەندە، ئەو خێزانە ئێستا ژیانیان سەلامەتە لە شاری دهۆک، (م.س) و (ر.س) گوتیان ئەوەی زۆر بێزاریان دەکات ئەوەیە کە زۆر کورد وادەزانن هەموو عەرەب لایەنگری داعشن و بە چاوی گومانەوە تەماشا دەکرێن.

ئەو خێزانە گوتیان ئەو شێوازی مامەڵەیەی لەگەڵیان دەکرێت لە کوردستان برینەکەیانی زیاتر قووڵکردوون. بەهیوای ئەو ڕۆژەن کە مووسڵ لە داعش پاکبکرێتەوەو دەیانەوێ کورد باوەڕیان پێبکەن کاتێک کە دەڵێن عەرەب دوژمنیان نییە.

# نەشتەرگەریی منداڵبوون لە کوردستان دوو هێندەی ڕێژەی ستانداردە

## ڕێژەی ستاندارد 10 %یە و لە نەخۆشخانە حکومییەکانی کوردستان دەگاتە 28 %



**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، هۆشداری دەدات لە زۆربوونی نەشتەرگەریی منداڵبوون (نەشتەرگەریی قەیسەری) و داوا دەکات تەنیا لەو حاڵەتانە بکرێت کە لەڕووی زانستییەوە پێویستن. بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)یش ئەو نەشتەرگەرییە لە کوردستان ڕێژەکەی زۆر بەرزە.

### نەشتەرگەریی قەیسەرەکان

نەشتەرگەریی قەیسەری لە کۆندا بۆ دەسەڵاتدار و خواپێداوەکان بووە و نێوەکەشی لەو مانایەوە نزیکە. یەکەمین چیرۆکی نەشتەرگەریی منداڵبوون دەگەڕێتەوە بۆ 320 ساڵ پێش زایین و بەمشێوەیە باسی دەکرێت "دایکی بیندوسارا، دووەمین ئیمپراتۆری هیندستان، بەشێوەیەکی نەخوازراو و بەڕێکەوت هەندێک ژەهر دەخواتەوە و گیان لەدەستدەدات، لەکاتێکدا ئەوەندەی نەمابوو بیندوسارا بێنێتە دونیا. یەکێک لە کەسە دانا و ڕاوێژکارەکان بەنێوی چاناکیا دەڵێت نابێ منداڵەکە بمرێت. سکی قوربانییەکە هەڵدەدڕێت و بیندوسارا بە زیندوویی دەردێنێ کە لە داهاتوودا دەبێتە ئیمپراتۆری هیند و 26 ساڵ فەرمانڕەوایی دەکات".

ئەگەر لە مێژوودا نەشتەرگەریی منداڵبوون بۆ شازنەکان و هێنانە دونیای پادشاکان بووبێت، ئەوا ئێستا بووەتە مۆدێلێکی باو کە لە زۆر حاڵەتدا پێویستیش نییە.

### کوردستان ڕێژەی ئاسایی تێپەڕاندووە

بەپێی توێژینەوە نوێیەکان کە لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بڵاوبووەتەوە، نابێت ڕێژەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری لە 10%ی کۆی حاڵەتەکانی منداڵبوون تێپەڕێت. بەڵام دکتۆر خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت "لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا 28.4%ی حاڵەتەکانی منداڵبوون بە نەشتەرگەریی قەیسەری دەکرێن". بەڵام ڕێژەکە لە نەخۆشخانە ئەهلییەکاندا زۆر لەوە بەرزترە.

### بۆچی نەشتەرگەری؟

پزیشکێک پێیوایە زیاتر لە هۆکارێک هەن کە پاڵ بە ژنانەوە دەنێن ڕووبکەنە نەشتەرگەری بۆ منداڵبوون. د.فەرەیدوون ئەسعەد پسپۆڕی لەدایکبوون، دەڵێت "ژنانی کوردستان ترسێکی زۆریان لە ئازاری منداڵبوونی سروشتی هەیە. هەروەک هەڵسوکەوتی نەشیاوی هەندێک کادری تەندروستی لەگەڵ ژنانی دووگیان لە هۆڵەکانی منداڵبوونی نەخۆشخانە حکومییەکانیش، دەشێت پاڵنەر بن بۆ ئەوەی ژنان ڕووبکەنە نەخۆشخانەی ئەهلی بۆ نەشتەرگەری".

ئەو پزیشکە ئاماژە بە هۆکاری دیکەش دەدات و دەڵێت "هەندێک ژن بە هەڵە وا تێگەیشتوون کە نەشتەرگەری قەیسەری جیاکەرەوەی چینەکانی سەرەوەیە و لەنێو کۆمەڵگە سەرنجڕاکێشترە، هەندێک خێزانیش حەزدەکەن لە ڕۆژێکی تایبەتدا منداڵیان ببێت و ئەوەش تەنیا بە نەشتەرگەری ڕێکدەخرێت".

وەک دەگوترێت هەموو شتێکی پێشبینینەکراو و چاوەڕواننەکراو جێی ترسە. د.فەرەیدوون دەڵێت دەبێت ترسی ژنان لە منداڵبوون لە یەکەکانی چاودێری دایکانی سکپڕەوە و لەماوەی سکپڕییەوە بڕەوێنرێتەوە "با لە ڕێگەی باسکردنی سوودەکانی منداڵبوونی سروشتی، پێشاندانی ڤیدیۆی منداڵبوونی سروشتی و قۆناغەکانی و تەنانەت سەردانکردنی خولیی ژنانی دووگیان بۆ هۆڵەکانی منداڵبوون ئاشنایان بکەن بە منداڵبوون".

بە بڕوای ئەو دکتۆرە، ژوورەکانی نەشتەرگەریی منداڵبوونیش پێویستیان بە گۆڕانکارییە "دەبێت لە هۆڵەکانی منداڵبوونیش چاکسازیی ئەوتۆ بکرێت کە ژن بە ئاسوودەیی تێیدا بمێنێتەوە و هەڵسوکەوتی کادیرە تەندروستییەکانیش لەگەڵ ژنانی دووگیان بە وردی چاودێری بکرێت و ڕەچاوی کەسێتی و هەستی ژنی دووگیان بکرێت".

### لە حکومی کار دەکەن و ئەهلیشیان هەیە

د.فەرەیدون ئەوە بە هەڵە دەزانێت پزیشکێک لە کارگێڕیی نەخۆشخانەیەکی حکومی کاربکات و هەمانکات نەخۆشخانەی ئەهلیشی هەبێت، چونکە دوور نییە بەهۆی بەرژەوەندیی داراییەوە بە ناڕاستەوخۆ هانی خەڵکی بدات بۆ ڕووکردنە نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان "لەم بارەدا لەنێوان ئەو دوو ئەرکەدا، پێکدادانی بەرژەوەندییەکان ڕوودەدەن و لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی دارایی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکاندا گەورەترە، لەو نێوەدا نەخۆشخانەی حکومی و منداڵبوونی سروشتی دەبنە قوربانی".

لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا چەندین فیلتەر هەن کە ڕێگری دەکەن لە نەشتەرگەریی منداڵبوون، بەڵام لە نەخۆشخانە ئەهلییەکاندا هیچ فلتەرێک نییە "هەرچەندە تەندروستیی هەر کەسێک بەرپرسیارێتی خۆیەتی، بەڵام هەڵەیە بێ ئەوەی بەجوانترین شێوە سوودەکانی منداڵبوونی سروشتی و زیانەکانی نەشتەرگەری بۆ ڕوون بکەیتەوە" د.فەرەیدوون ئەسعەد وایگوت.

### زیانەکانی نەشتەرگەریی قەیسەری:

ماڵپەڕی بەنێوبانگی مایۆکلینیک بەم شێوەیە باسی زیانەکانی نەشتەرگەریی قەیسەری دەکات:

#### 1 - زیانەکان بۆ منداڵەکە:

- گرفتی هەناسە: ئەو منداڵانەی بە نەشتەرگەری لەدایک دەبن، گرفتی هەناسەیان زیاترە لەوانەی بە سروشتی دەبن.
- برینداربوون: هەندێکجار شفرەی نەشتەرگەرییەکە بەر پێستی منداڵ دەکەوێت و بریندااری دەکات.

#### 2 - زیانەکان بۆ دایک:

- هەوکردنی ناوپۆشی منداڵدان: لەرز و تا و ئازاری منداڵدان دروستدەکات و دەردراوی بۆن ناخۆش لە کۆئەندامی زاوزێوە دەردەچێت.
- خوێنبەربوون: ئەو خوێنەی بەهۆی نەشتەرگەرییەوە لەدەستدەچێت زۆرترە لەوەی بە منداڵبوونی سروشتی دەڕوات.
- کاری نەرێنیی بەنج: لە چەند ڕۆژی پاش نەشتەرگەرییەکە دوور نییە تووشی سەرئێشەیەکی توند ببێت، بەتایبەت ئەگەر بە نیوبەنج نەشتەرگەرییەکەت بۆ کرابێت.
- کڵۆبوونی خوێن: بەتایبەت لە قاچدا، ئەگەر پارچەیەک لەو کڵۆیە ببێتەوە و بەهۆی سووڕی خوێنەوە بگاتە سییەکان، حاڵەتی مەترسیداری وەک مردنی لێدەکەوێتەوە.
- هەوکردنی برینی نەشتەرگەرییەکە.
- بریندارکردنی ئەندامەکانی نێو سک: وەک میزڵدان، لەم بارەدا پێویست دەکات نەشتەرگەریی دیکەت بۆ بکرێت
- مەترسی بۆ سکەکانی داهاتوو: لە سکی داهاتوو ئەگەری خوێنبەربوونی وێڵاش زۆرتر دەبێت، ئەگەر منداڵبوونی پێشوو بە نەشتەرگەری بووبێت.

### لە چ کاتێکدا ڕێگە بە نەشتەرگەری قەیسەری دەدرێت

1- ئەگەر پرۆسەی منداڵبوونی سروشتیی وەک پێویست بەرەوپێش نەچوو.
2- تێکچوونی تەندروستیی دایک، وەک زۆر خێرابوون یان هێواش لێدانی دڵ.
3- گرفت لە وێڵاش و ناوکەپەتک.
4- قەبارەی منداڵەکە زۆر گەورە بێت و بە زەحمەت لەدایک ببێت.
5- منداڵەکە لەنزیک وادەی لەدایکبوون سەری بۆ خوارەوە نەبوو.
6- دایکەکە نەخۆشییەکی ئەوتۆی هەبێت، بەرگەی فشاری منداڵبوون نەگرێت.
7- هەوکردنی جەستەی دایک کە مەترسی هەبێت بۆ منداڵەکە بگوازرێتەوە.
8- دایکەکە زیاتر لە منداڵێکی لە سکدا بوو.



**ئیکرام حوسێن**

## دیاری بکەن ئینجا دایبەزێنن

تەڵاقی بارام بەگ کەوتبێ خوا نەبێت کەس نازانێ نرخی دەرمان و خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان چەندە، ئیتر پێمناڵێن لیژنەی تەندروستیی پەرلەمان 20% لە چی و لە چەند دادەبەزێنن؟

مەرهەم هەیە لە چوار دەرمانخانەی جیاواز چوار نرخی جیاوازی هەیە، خۆیان لێرە نین خوایان لێرەیە، خۆ خەتای ئەوانیش نییە، مەرهەمەکەی کە بە چوار نرخە لەوانەیە باش بگەڕێی چواردە جۆری هەبێت. ئەوەی من دەیزانم، بۆ نموونە کۆمپانیا ئەسڵییەکەی، ئینجا هەر ئەو کۆمپانیایە بەڵام تەزویرەکەی، سووریەکەی، ئوردنیەکەی، ئیماراتیەکەی، ئینجا هەر ئەو کۆمپانیایە و ئەسڵییەکەی، بەڵام قاچاخەکەی.. ئینجا دکتۆرێکی ژنان پەیدا دەبێ و فلامێکسی ئوردنی بۆ نەخۆشێک دەنووسێ، پزیشکی دەرمانسازیش دەیەوێ خۆی شیرین بکات لای نەخۆشەکە، دەڵێ لەو دەرمانە و ئەسڵییەکەیم هەیە، ئەمریکییە، هەمان نرخیشە، تەبعەن نەخۆشەکەش دڵی خۆش دەبێ، بەڵام دەرمانەکە دەباتەوە بۆ دکتۆرەکەی، دکتۆرەکان ئێستا فێربوون دەڵێن دەرمانەکەمان بۆ بهێنەرەوە با سەیری بکەین، لەوانەیە هەندێک لە دڵسۆزییانەوە بێت، بەڵام کاتێک پیاوەکە و ژنەکەی دێنەوە دەرمانخانەکە و پیاوەکە دەڵێ کاکە گیان ئوردنیەکەم بدەرێ، پزیشکی دەرمانساز دەڵێ براکەم من ئەمریکیم داویتێ، ئەسڵی کوڕی ئەسڵ، ئینجا پیاوەی داماو بە شێوەزاری خانەقینی دەڵێ "دەی من چە بکەم چە، دکتۆرەکە تووڕە بوو ئەیژێ هەر ئەوە بێت".

لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لەو هەولێرە، پیرەژنێکیان کردبووە ژوورێکی چاودێریی وردەوە و پێیانگوتبوو مادام تۆ جگەرەکێشی دەبێت شەوی 500 دۆلار بدەی، ئەگەرنا خۆی شەوی بە 50 دۆلارە، خۆشبەختانە خوشکەزاکەی دکتۆر دەرچووبوو، پرسیاری کردبوو لە پەیوەندیی جگەرەکێشان بە 450 دۆلار زیادەوە، گوتبوویان قەیدی نییە لەبەر تۆ 50ی لەسەر حیساب دەکەین.

بۆ کەس دەزانێ نرخی پشکنینی پیسایی وشک و تەڕ، چەندە تا ئێستا لێی دابەزێنن؟

لە شوێنی وا هەیە پیسایی دەڵێی ئاڵتوونە، نرخی پشکنینەکەی هێندە گرانە.

منداڵی وا هەیە بە 25 وەرەقە لە سکی دایکی دەیهێننە دنیاوە، هەشە تۆزێک لاسارە و نزیکەی 700 یان 800 هەزار نەدەی لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی، نایەتە دەرەوە و نایەت. بەڵام منداڵی واش هەیە (کوڕ، کچ) ی چاکە و هەر خۆی بە قسەی خۆش دێتە دەرەوە.

ددانساز هەیە ددان بە 15 هەزار پڕدەکاتەوە و ئیتر خوێنی خۆت لەسەر خۆت، هەشیانە بە 50 هەزار، پزیشکیش هەیە لە نەخۆشخانەی ئیستیشاری بە 25 خولەک پێنج ددانت بۆ پڕدەکاتەوە وابزانم بە 50 هەزار، پزیشکیش هەیە دەڵێ بە لێزەر پڕی دەکەمەوە و سەفتەیەک پارە وەردەگرێ.

لە سلێمانی برادەرێک دایکی نەخۆش بوو، خزمەتگوزاریی تەندروستی گەڕۆکیان بۆ بانگ کردبوو، پزیشکێک ڕۆیشتبوو 100 هەزاری لێسەندبوو، ئینجا پێیگوتبوو سبەی هەینییە، دوو سبەی ببیەنە نەخۆشخانە!

هەفتەی پێشوو لەگەڵ یەکێک لە باشترین پزیشکە ڕاوێژکارەکانی بەریتانیا دانیشتبووم. ئەو گوتی بەڕای من ئەگەر سەرجەم نەخۆشخانە و دەرمانخانەکان لە کوردستان دابخەی، هێشتا خەڵک زیاتر قازانج دەکات وەک لە ئێستا.

لیژنەی تەندروستی پەرلەمان تکایە 20% لە چەند دادەبەزێنن؟ هەزەلین یان خۆتان هەزەلی دەکەن.

## بۆچی هەست بە ماندوێتی دەکەی؟

**ڕووداو- مێڵسکۆم**

تەنیا کەمخەوی نابێتە هۆی بێهێزی و ماندوێتی، بەڵکو کردنی شتگەلێک کە کردنیان پێویست نییە، یان هەندێ شت کە پێویستن و نایانکەیت، ماندووت دەکەن. ئەمانە هەندێک لەو هۆکارانەن:

### 1 - وەرزش ناکەی:

ئەگەر بە نیازبیت وەرزش نەکەیت و لە ماندوێتی ڕزگارت بێت، ئەوە هەڵەیت. توێژینەوەیەک سەلماندوویەتی ئەوانەی تەمبەڵن و بێئەوەی نەخۆش بن هەست بە ماندوێتی دەکەن، ئەگەر هەفتانە سێ ڕۆژ بۆ ماوەی 20 خولەک بۆ هەر ڕۆژێک وەرزش بکەن، ئەوە دوای شەش هەفتە کەمتر هەست بە ماندوێتی دەکەن.

### 2 - ئاو ناخۆیتەوە؟

کاتێک تەنیا 2%ی ئاوی پێویستی لەشت لەدەستبدەی، هەست بە ماندوێتی دەکەیت. کەمبوونەوەی ئاو لە جەستەدا وا دەکات بڕی خوێن کەم ببێتەوە و خەستتر ببێتەوە. بەوەش دڵ ناتوانێت وەک پێویست خوێنەکە پاڵ بنێت بۆ بەشە جیاوازەکانی جەستە، بەمەش خواردن و ئۆکسجینی پێویست ناگاتە شانە جیاوازەکانی جەستە.

### 3 - ئاسنت کەمە:

کەمیی ئاسن دەبێتە هۆی بێهێزی و هەستکردن بە ماندوێتی. چونکە کەمیی ئاسن دەبێتە هۆی کەمخوێنی، بەمەش خڕۆکەی سووری هەڵگری ئۆکسجین و خۆراک بۆ شانەکانی لەش کەم دەکەن. وا باشترە لەگەڵ زیادکردنی ئەو خۆراکانەی ئاسنیان تێدایە، ئەوانەش زیاد بکەی کە ڤیتامین c یان تێدایە، چونکە ڤیتامین c چانسی هەڵمژرانی ئاسن زیاد دەکات.

سەرچاوە خۆراکییەکانی ئاسن بریتین لە: گۆشتی سوور، پاقلەمەنییەکان و هێلکە. ڤیتامین c لە میوە و سەوزەی فرێشدا زۆرە.

### 4 - زۆر لەخۆت دەکەی:

ئەگەر ئامانجی ناواقیعی بۆخۆت دابنێی، ناچاردەبیت بۆ ماوەی درێژ و بە کۆششێکی زۆر کاربکەی. بەهۆی ئەوەشی کە ئامانجەکەت ناواقیعییە، هەست بە ڕەزامەندی ناکەیت و هەمیشە بیری لێدەکەیتەوە. ئەوەش فشارێکی زۆری جەستەیی و دەروونیت لەسەر دروستدەکات و وات لێدەکات هەمیشە هەست بە ماندوێتی بکەی. بۆ دەربازبوون لەوە، دەبێت چوارچێوە بۆ کارەکانت دابنێی.

### 5 - دڵەڕاوکێ و ڕەشبینی:

ئەگەر ترس و لەرز بتگرێت کاتێک بەڕێوەبەرەکەت بانگت دەکا بۆ کۆبوونەوەیەکی چاوەڕواننەکراو، یاخود هەمیشە خراپترین ئەگەر بۆ کارەکانت دابنێی، ئەوە تووشی دڵەڕاوکێ دەبیت. بەم هۆیەش هەست بە ماندوێتی دەکەی. بۆ دەربازبوون لەم دڵەڕاوکێیە، پێویستت بە چوونە دەرەوە و یۆگا و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی و سرووتی ئاینی هەیە.

### 6 - نانی بەیانی ناخۆیت:

ئەوکاتەی نووستووی، جەستەت وزەی ئەو خۆراکە بەکاردێنێت کە پێشتر خواردووتە. کاتێک بەیانی لە خەو هەڵدەستی، پێویستت بە وزەی نوێیە لەشێوەی نانی بەیانیدا. نانی بەیانی وەکو تاودەری بەشە جیاوازەکانی جەستە و بەخشەری وزە و خۆراکە.

### 7 - شیرینی دەستکرد دەخۆیت:



شیرینی دەستکرد بە خێرایی شەکری خوێن بەرز دەکاتەوە. دواتر بەخێرایی شەکری خوێن دادەبەزێتەوە. ئەم هەڵبەز و دابەزە وادەکات هەمیشە هەست بە بێهێزی بکەیت. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام و بەهێواشی شەکر بۆ جەستە بنێردرێت، پێویستت بە خۆراکە سروشتییەکانە، لە شێوەی پاقلەمەنییەکان و دانەوێڵە و گۆشتی کەم چەوری.

### 8 - ئۆفیس و ماڵێکی هەڵڕژاو و پۆخڵت هەیە:

شوێنێکی پۆخڵ و هەڵڕژاو و ڕێکنەخراو، توانای سەرنجدانت کەمدەکاتەوە و کار لە توانای مێشکت دەکات بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکانی. بۆیە کۆتایی هەر ڕۆژێک، ئۆفیس و شوێنی مانەوەت ڕێکبخە و ئامادەی بکە بۆ سبەی.

### 9 - لە پشووەکانیشدا بیرت لای کارە:

ڕۆژانی پشوو بۆ ئەوەیە جەستە و دەروونت لە گرژی ڕزگار بکەیت و خاویان بکەیتەوە، بۆیە هەتا دەتوانیت لە ڕۆژی پشووەکەتدا لە ڕۆتینەکانت دوور بکەوە، تەنانەت چێک مەیڵیش مەکە. ئەمە وادەکات بە وزە و توانا و بەرهەمدارییەکی باشترەوە بگەڕێیتەوە سەر کارەکەت.

### 10 - پێش نووستن کحول دەخۆیتەوە:

کحول سەرەتا چالاکیی مێشک کەمدەکاتەوە و وا دەکات زوو بخەویت، بەڵام دواتر کە شی دەبێتەوە، ماددەگەلێک دروستدەکات دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئەدرینالین و خەو دەزڕێنن. بۆیە ئەوانەی پێش نووستن کحول دەخۆنەوە، زۆرکات سکاڵا دەکەن لەدەست بەخەبەرهاتن لە نیوەشەودا. نەبوونی خەوێکی ڕێک و قووڵیش لە هۆکارە گرنگەکانی ماندووبوونە. بۆ ئەوەی باش بنوویت، 4 کاژێر بەر لە نووستن واز لە خواردنەوەی کحول بهێنە.

### 11 - پێش نووستن مۆبایل و تابلێت بەکاردەهێنی:

ئەو ڕووناکییەی لە شاشەی مۆبایل و تابلێتەکانەوە دەردەچێت، ئاستی هۆرمۆنی میلاتۆنین لە جەستەدا دادەبەزێنێ. میلاتۆنین بەرپرسە لە بەخشینی خەوێکی بەردەوام و قووڵ، بۆیە دابەزینیشی خەوێکی کورت و پچڕپچڕت پێدەدات و وادەکات سبەی ڕۆژ هەست بە تێرنەبوون لە خەو بکەیت و ماندوو و بێهێز بیت.

### 12 - کافایین زۆر دەخۆیت:


زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی قاوە و چا و هاوشێوەکانیان، کواڵیتی خەو دادەبەزێنێ و هەستی ماندوێتی و بێهێزی دروستدەکات.

### 13 - لە ڕۆژانی پشوودا درەنگ لە خەو هەڵدەستی:

ڕۆژانی پشوو ڕۆتینی لە خەو هەستانت تێکدەدە، هەتا کاژێری بایۆلۆژیی لەشت جێگیر بمێنێتەوە. ئەگەر هەینی و شەممە درەنگ لەخەو رابی، سەخت دەبێت یەکشەممە و دووشەممە بڕوا بە جەستەت بهێنی زوو لە خەو ڕابێ. بەمەش هەست بە تێرخەونەبوون و ماندووبوون دەکەی.

رووداو هەمەجۆر
ژمارە (355) دووشەممە 2015/4/20

## خەیات لە هەنگاریا پێشانگای هەیە




**رووداو – هەولێر**

شێوەکاری کورد ئیسماعیل خەیات بە نیازە دوو پێشانگای شێوەکاری لە دەرەوەی وڵات بکاتەوە.

خەیات بە (رووداو)ی گوت "ئێستا سەرقاڵی ئامادەکاریم بۆ کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری لە هەنگاریا لە 27ی مانگی داهاتوو. لەم پێشانگایە 35 – 40 تابلۆ نمایش دەکەم". هەروەها رۆژی 12ی حوزەیرانی داهاتوو پێشانگایەک لە شاری نۆرنبێرگی ئەڵمانیا دەکاتەوە.

# سروودەکەی بورهان بە سپۆنسەری دوکان



**رێکەوت سەلام**
**رووداو– سلێمانی**

هونەرمەند بورهان مەجید رایگەیاند کە بە سپۆنسەریی دوکانەکەی، سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بۆ دەوڵەتی کوردی.

بورهان مەجید بە (رووداو)ی گوت "خەریکی بەرهەمهێنانی گۆرانییەکم بەناوی (وا بەڕێوەیە دەوڵەتی کوردی)، هەرچەندە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا دەوڵەتەکەی دواخستووە، بەڵام من بڕیارم دا گۆرانییەکە تۆمار بکەم".

گۆرانییەکەی بورهان مەجید لە تێکستی رێبواری دەلاکە و خۆیشی ئاوازی بۆ داناوە. سەبارەت بە سپۆنسەری بەرهەمەکەشی گوتی "ئەم گۆرانییە بە سپۆنسەریی دوکانەکەی خۆم بەرهەم دێت. من بە پارەی گیرفانی خۆم بەرهەمەکانم تۆمار دەکەم، نەک وەکو هەندێک هونەرمەند کە بە پارەی دزی گۆرانی تۆمار دەکەن".

# هێڵی سوور بۆ "هێڵی سوور" دادەنێن



**رووداو– هەولێر**

گۆرانیبێژی گەنجی رۆژهەڵاتی کوردستان ناوید زەردی رایگەیاند کە کەناڵەکانی راگەیاندن رێگەیان بە بڵاوکردنەوەی یەکێ لە گۆرانییەکانی نەداوە.

ناوید کە لە تاراوگە نیشتەجێیە، بەرهەمی کەمن، بەڵام هەواداری زۆری بۆ خۆی پەیدا کردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی دوو گۆرانی بەشێوەی دوێت لەگەڵ کچێک تۆمار کرد.

ناوید زەردی بە (رووداو)ی گوت "خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی گۆرانیم بەناوی (هەم تۆ و هەم ئەویش) کە لە 8 تراک پێکهاتووە". بەڵام گوتی کەناڵەکانی راگەیاندن تێبینییان لەسەر بەرهەمێکی ئەو هەبووە و داوایان لێکردووە دەستکاریی بکات.

ناوید گوتی "گۆرانییەک بوو بۆ پێشمەرگە و گەریلا بەناوی (هێڵی سوور). ناردم بۆ کەناڵەکان، بەڵام گوتیان دەبێت دەستکاری بکەیت و هەندێک لە دیمەنەکانی دەربهێنی، منیش بەوە رازی نەبووم، بۆیە بڵاونەکرایەوە".



# رەنجەڕۆ دەبێتە پێشمەرگە

**رێکەوت سەلام**
**رووداو – هەولێر**

هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆ کە ساڵانێکی درێژە نیشتەجێی سربیایە، دوای بەدەستهێنانی دکتۆرا بە نیازە بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان و دەڵێت دەیەوێ ببێتە پێشمەرگە.

دکتۆراکەی رەنجەڕۆ لەبارەی راگەیاندن و پەیوەندییەکانە لە زانکۆی نیش لە سربیا و گوتی "دڵخۆشم بەوەی وەک یەکەم کورد بڕوانامەی دکتۆرام لە سربیا بەدەستهێناوە". رەنجەڕۆ لەلایەن کۆڕی زانستی سربیاوە لە ساڵی 2012 بڕوانامەی "زانا"ی پێبەخشرا و ئێستا ئەندامی کۆڕی ناوبراوە، بەڵام بڕیاری داوە بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان. رزگار رەنجەڕۆ گوتی "دەگەڕێمەوە کوردستان و سەرقاڵی کاری هونەری دەبم، ئەگەر رێگەشم بدەن دەبمە پێشمەرگە".

# نیو ملیۆن کەس سەیری هەیفا دەکەن



**رووداو– ئاژانسەکان**

هەیفا وەهبی، ئەستێرەی لوبنانی بە بڵاوکردنەوەی نوێترین کلیپی خۆی بەناوی Breathing You In، توانی ژمارەیەکی پێوانەیی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی تۆمار بکات و لە ماوەی تەنیا یەک رۆژدا نیو ملیۆن کەس سەیری کلیپەکە بکەن.

هەیفا لە رووی راگەیاندن و رێکلامەوە، کارێکی بێ وێنەی بۆ کلیپەکەی کرد، بەرهەمهێنانی کلیپەکەش لە ئەستۆی گەورە کۆمپانیای جیهانی World Music بوو، دەرکەوتنیشی لە کلیپەکەدا بەشێوەیەکی وروووژێنەر و پۆشینی جلوبەرگی نیمچەرووت هاوکار بوون بۆ ئەوەی کلیپەکەی ئەم هەموو بینەرەی هەبێت.

چاودێران پێیانوایە ئەم کلیپەی هەیفا ریکۆردی پڕ بینەرترین کلیپ دەشکێنێ. وێڕای رەخنەی زۆر لە جلوبەرگەکانی، بەڵام ئەو هەنگاوەی هەیفا وەهبی بۆ ئەوەیە ناوبانگی لە تەواوی جیهاندا بڵاوبێتەوە.



# نازانێت ئەلبوومەکەی بە کێ بفرۆشێ

**رووداو– هەولێر**

گۆرانیبێژ حەمید عوسمان ئەلبوومێکی گۆرانی ئامادەیە، بەڵام دەڵێت نازانێت لەم کاتەدا بەکێی بفرۆشێ.

حەمید عوسمان بە (رووداو)ی گوت "ئەلبوومێکم ئامادەیە کە لە 12 تراک پێکدێ، بەڵام تاوەکو ئێستا ناوم بۆ دانەناوە و ناشزانم بە کێی بفرۆشم".

جگە لەو ئەلبوومە، حەمید عوسمان سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بەناوی "سلێمانی" کە لە ئاوازی خۆیەتی و ئیسماعیل محەممەد تێکستی بۆ نووسیوە.

ئەو گۆرانیبێژە گەنجە بەهۆی نزیکیی دەنگی لە دەنگی هونەرمەندی کۆچکردوو حەمە جەزا، چەند گۆرانییەکی ئەوی دووبارە کردووەتەوە.

# کێژێ دایدەخات



**رووداو– سلێمانی**

خاوەنی سەنتەری کێژێ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی هونەرمەندان دەڵێت ئەگەر بازاڕیان هەروا کز بێت، ناچار دەبن سەنتەرەکەیان دابخەن.

کاوان رەسوڵ، خاوەنی سەنتەری کێژێ لە شاری سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "لە دەستپێکی ساڵی 2014 ەوە تاوەکو ئێستا بازاڕی هونەری لە کوردستان روو لە کزبوونە، چونکە هیچ هونەرمەندێک ئەلبوومی خۆی بڵاوناکاتەوە بەهۆی شەڕی داعش".

لە ساڵی 2015دا تەنیا دوو هونەرمەند ئەلبوومیان بڵاوکردووەتەوە، ئەوانیش ناسر رەزازی و کۆمسای بوون. زۆربەی هونەرمەندانیش بەرهەمەکانیان لەرێگەی سەنتەری کێژێ بڵاودەکەنەوە.

کاوان دەڵێت "هونەرمەندان بەهۆی شەڕی داعش هیچ ئەلبوومێک بڵاوناکەنەوە، هەموویان هەڵیانگرتووە بۆ دوای تەواوبوونی شەڕی داعش، ئەمەش بازاڕی ئێمەی لاواز کردووە، بۆیە ئەگەر وا بڕوات ناچار دەبین سەنتەرەکەمان دابخەین".

# عەلامە وەڵامی ئەحلام ناداتەوە



**رووداو – ئاژانسەکان**

هونەرمەند راغب عەلامە سوورە لەسەر ئەو بەڵێنەی پێشتر بە جەماوەرەکەی دابوو کە بەهیچ شێوەیەک وەڵامی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئەحلام نەداتەوە.

لە ماوەی رابردوودا، دەیان جار ئەحلام هێرشی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کردووەتە سەر راغب عەلامە، دوا هێرشیش لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو بوو کە گوتی "راغب عەلامە نە لە ئەرەب ئایدڵ سەرکەوتوو بوو، نە لە ئێکس فاکتەر-یش سەرکەوتوو دەبێت".

لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی وەرزی نوێی پرۆگرامی X Factor، رۆژنامەنووسان پرسیاری هێرشەکانی ئەحلامیان کرد، بەڵام راغب عەلامە گوتی "وەڵامی نادەمەوە".

راغب عەلامە ئێستا ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی X Factor ە، وەرزی رابردوو بەهۆی کێشەی لەگەڵ ئەحلام، پرۆگرامی Arab Idolی بەجێهێشت.

## بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**: ئەم هەفتەیە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ لەرووی باشبوونی باری دارایی، بۆ ئەوەی کارێکی نوێ بکەیت سوود لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانت وەربگرە. هەرچیت دەوێت داوای بکە، رەتکردنەوەی نییە، بەڵام بە روویەکی خۆش و زمانێکی شیرین.

**گا**: کاتی پەستی و خەمباری کۆتایی دێت، لە لێواری گۆڕانکاریدایت بەرەو باشبوون، لە کارەکەت بەردەوام بە و لە هەوڵەکانت ماندوو مەبە. گوشار مەخەرە سەر ئەڤیندارەکەت، نەوەک بیروبۆچوونی بەرمبەرت بگۆڕێت.

**جمک**: کارەکانت بە راوێژکردن لەگەڵ خەڵکی شارەزا جێبەجێ بکە بۆئەوەی دڵنیا بیت لە ئەنجامەکانی و بەوجۆرە لە راڕایی دەرباز دەبی. پێویستییەکانی ماڵ زۆر بوون و پێویستە مشووریان بخۆی.

**قرژاڵ**: هەرچەندە دەتەوێ لە هەموو شتەکان دڵنیا ببیتەوە، بەڵام پێشهاتی نوێ دڵەڕاوکێت بۆ زیاد دەکات، هەستەکانت هەرچۆنێک بن ئەنجامەکان لە کۆتاییدا باش دەبن. دەست لە خەرجیی ناپێویست بگرەوە.

**شێر**: کارێکت لە شوێنی خۆی رادەوەستێ و چەند هەوڵ دەدەی ناگاتە ئەنجام، بەڵام مەترسە لەکاتێکی دیکە بە هەوڵێکی کەمتر دەگەیتە ئەنجام. ئەڤیندارەکەت بە کەمتەرخەمت دەزانێت چونکە وا دەزانێت لێی تێناگەی.

**گوڵەگەنم**: ئەم ماوەیە چالاک دەبی و بە ماندووبوونت خۆشحاڵ دەبی. کەمێک لەو بابەتانە خۆت بە دوور بگرە کە بێزارت دەکەن و بەوەش ئارامی دەروونیی خۆت دەپارێزی.

**تەرازوو**: لێکدانەوەت بۆ داهاتووی دوور کاتی ئەوەی نەهێشتووەتەوە کە چارەسەری گرفتەکانی ئێستا بکەی. چەند رێگەیەکی تازە دەبینیتەوە بۆ دەستکەوتنی پارە، یان بۆت پێشنیاز دەکرێت، بە گرنگییەوە لەوە بڕوانە.

**دووپشک**: ئەوەی هەنگاوە گرنگەکانی ژیانت پێشدەخات بیرکردنەوە و بڕیاردانە بە هێمنی و دوور لە پەلەکردن. بڕوابەخۆبوون کەسایەتییەکی باشی بۆ دروستکردووی لەم کارانەشدا بەرەو سەرکەوتنت دەبات.

**کەوان**: کارەکان لە هەموو لایەکەوە زۆر بوون و پێویستیان بە رێکخستن و راپەڕاندن هەیە، ئەو شتانەی ماندووت دەکەن ئەرکە لاوەکییەکانن نەک سەرەکییەکان. لەڕووی ئەڤینداریییەوە دیدارێکی خۆش و گرنگ بەڕێوەیە.

**کارژۆڵە**: هەست بە نزیکبوونەوە لە بەختەوەری دەکەیت و لەم نزیکانەدا بە چاوەکانی خۆت دەیبینی، بەشێکی زۆری ئاسوودەیی بەهۆی سۆزداری و پەیوەندی و ناسینی کەسانی نوێیە. تەنها لەو رێگایانەدا هەنگاو بنێ کە لە ئەنجامەکانیان دڵنیای.

**سەتڵ**: پێویستە گرنگی زیاتر بەباری تەندروستیت بدەی. بیردەکەیتەوە کارەکان زۆرن و هەندێکیان قورسن، بەڵام لەگەڵ جێبەجێکردندا ئاسانکاری باشت بۆ دەکرێت. ماوەیەکی نوێی سۆزداری دێتە ژیانت.


**نەهەنگ**: خۆت لە راڕایی لە مەسەلەی ئەڤینداریدا یەکلایی بکەرەوە، لەم هەفتەیەوە بەشێکی خەم و بێزارییەکانت نامێنێ. هەتا زیاتر بێدەنگ بیت کێشە و گرفتەکان زیاتر دەبن، بەڵام کاتێک بەڕاشکاوی باسی دەکەیت چارەسەر دەدۆزیتەوە.

گۆنتەر گراس:

# پێویستم بە تیشکی خۆرە بۆ ئەوەی بنووسم

خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ کە بە "ویژدانی ئەخلاقیی ئەڵمانیا" دەناسرا، ڕۆژی دووشەممە 13ی نیسانی 2015 چرووتەکەی کوژایەوە و چیتر گوێمان لە (تەپڵی تەنەکە) نابێت و (ساڵانی سەگ)ی بۆ بەجێهێشتین.

گۆنتەر گراس، کە لە 1927 لە شاری دانتسیگی ئەڵمانیا لەدایکبووە و لە تەمەنی 87 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ گۆڤاری ئەدەبیی (the paris review) باس لە سەرەتاکانی دەستکردن بە نووسین، کاتی نووسین، جیاوازیی نێوان چیرۆک، ڕۆمان، شیعرنووسین و نیگارکێشی دەکات، باس لە دەستنووسەکانی سەرەتا و سەرەتای نووسینی (تەپڵی تەنەکە) دەکات.



لەدایکبوونی ڕۆمان بە شیعر دەستپێدەکات

**پرسیار: چۆن بوویت بە نووسەر؟**

**گراس:** وابزانم بەشێکی پەیوەندی بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەوە هەبوو کە تێیدا گەورەبووم. خانەوادەکەی ئێمە سەر بە چینی ناوەڕاست بوو. ئاپارتمانێکی بچووکی دوو ژووریمان هەبوو. من و خوشکەکەم ژووری تایبەتی خۆمانمان نەبوو، تەنانەت شوێنێکیشمان نەبوو بۆ خۆمان. کتێب و شتەکانی دیکەم، وەکو ڕەنگی ئاوی و هتد، لە ژووری دانیشتن، لەوبەری دوو پەنجەرەکە، لە گۆشەیەک دانرابوون. زۆربەی کات دەبووایە خەیاڵی ئەو شتانە بکەم کە پێویستم بوون. هەر زوو فێربووم لەناو هەرا و زەنادا بخوێنمەوە. هەر بۆیەش لە تەمەنێکی زۆر کەمدا، دەستم بە نیگارکێشی و نووسین کرد. یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامەکانی ئەمە ئەوە بووە کە ئێستا ژوور پێکەوە دەنێم، من لە چوار شوێنی جیاوازدا ژووری خوێندنەوەم هەیە، گەڕانەوە بۆ بارودۆخی تافی لاوێتیم دەمترسێنێ، کە تێیدا تەنها گۆشەیەک لە ژوورێکی بچووکم بەدەستەوە بوو.

**پرسیار: چی وای لێکردی لەم بارودۆخەدا روو لە خوێندنەوە و نووسین بکەی، نەک بۆ نموونە وەرزش یان هەر سەرگەرمییەکی دیکە کە بتخافڵێنێ؟**

**گراس:** بە منداڵی درۆزنێکی چاک بووم. خۆشبەختانە تەنها دایکیشم درۆکانمی پێخۆش بوو. بەڵێنی شتی سەیر و سەمەرەم پێدەدا. کاتێک تەمەنم 10 ساڵان بوو، دایکم پێیدەگوتم "پییەر جینت". ئەو دەیگوت "دەی ئێستا پییەر جینت چیرۆکی سەرنجڕاکێشم بۆ دەگێڕیتەوە، سەبارەت بەو سەفەرەی بەرەو ناپۆلی لەبەرمانە" و هتد. من هەر زوو دەستمکرد بە نووسینەوەی درۆکانم و هەتا ئێستا بەردەوامم. نووسینی ڕۆمانم لە تەمەنی 12 ساڵان دەستپێکرد.

ڕۆمانەکە باسی کاشوبییەکانی دەکرد کە چەندین ساڵ دواتر لە ڕۆمانی "تەپڵی تەنەکە"شدا دەرکەوتنەوە، کاتێک دەبینین نەنکی ئۆسکار، ئاننا، وەکو دایکی خۆم کاشوبیانە. بەڵام لە نووسینی یەکەم ڕۆمانمدا هەڵەیەکم کرد: هەموو ئەو کارەکتەرانەی ناساندبوومن، لە کۆتایی بەشی یەکەمدا مردن، بۆیەش ئیتر نەمدەتوانی درێژەی پێ بدەم. ئەمە یەکەم وانەی من بوو لە نووسیندا: ئاگات لە کارەکتەرەکانت بێت.

**پرسیار: کام درۆ زۆرترین خۆشیی پێ دەبەخشیت؟**

**گراس:** ئەو درۆیانەی کە ئازاری هیچ کەسێکیان نەدەدا، کە جیاواز بوون لەو درۆیانەی کەسەکە خۆی دەپارێزن یان ئازار بە کەسێکی دیکە دەگەیەنن. من ئەمەم پێناکرێت. بەڵام هەقیقەت زۆربەی جاران وەڕسکەرە و لەگەڵ درۆدا دەتوانین لەگەڵیدا هەڵبکەین. ئەمە هیچ زیانێکی بۆ هیچ کەسێک نییە. من گەیشتووم بەوەی هەموو درۆ بێتامەکانم هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەوە نەبووە کە لە دەرەوە لە ئارادایە. گەر چەندین ساڵ پێش ئێستا شتێکم نووسیبایە و گۆڕانکارییەکانی ئەو دواییەی ئەڵمانیای پێشبینی بکردایە، ئەوە خەڵکی دەیانگوت "ئەوە چ درۆزنێکە!"

**پرسیار: هەنگاوی دوای ڕۆمانە فاشیلەکەت چی بوو؟**

**گراس:** یەکەم کتێبم کتێبێکی شیعر و نیگار بوو. هەموو ڕەشنووسەکانی سەرەتام، بە ئەملا و ئەولا، تێکەڵەیەک لە شیعر و نیگار بوون، هەندێکجار لە وێنەیەکەوە وەرمدەگرتن و هەندێکجاریش لە وشەکانەوە بۆم دەهاتن. پاشان کاتێک تەمەنم بووە 25 ساڵ، توانیم مەکینەی تایپکردن بکڕم، پێم باشتربوو بە سیستەمی دوو قامکی تایپ بکەم. یەکەم کۆپی "تەپڵی تەنەکە" بە مەکینەی تایپکردن کراوە. ئێستا پیرتر بووم و ئەگەرچی زۆربەی برادەرەکانم بە کۆمپیوتەر نووسینەکانیان دەکەن، من خۆم گەڕاومەتەوە دواوە و ڕەشنووسی یەکەم بە دەست دەنووسم. کۆپی یەکەمی "مشک" کتێبێکی گەورەیە کە من لەسەر پەڕەی پرینتەر رامکێشا. کاتێک یەکێک لە کتێبەکانم لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەدایە، داوا لە دەزگای چاپەکە دەکەم کۆپییەکی یەکەمم لەگەڵ لاپەڕەی سپی بۆ بنێرنەوە بۆ ئەوەی بۆ دەستنووس بە کاری بهێنمەوە، کەواتە وەک دەبینن، کۆپیی یەکەم هەموو کات دەستنووسە کە نیگاریشی تێدایە، بەڵام کۆپیی دووەم و سێیەم بە تایپکراوی دەبن. من قەت نەبووە کتێبێک تەواو بکەم بەبێ ئەوەی سێ کۆپیم لێی نەنووسیبێتەوە، زۆربەی جاران دەگاتە چوار دانەش، کە ژمارەیەکی زۆر راستکردنەوەی تێدایە.

**پرسیار: هەموو کۆپییەکان لە سەرەتاوە دەستپێدەکەن و بەرەو کۆتایی دەڕۆن؟**

**گراس:** نەخێر. یەکەم ڕەشنووس زۆر بە خێرایی دەنووسم. ئەگەر بۆشایی تێدا بێت کێشە نییە. کۆپیی دووەم بە شێوەیەکی گشتی زۆر دوور و درێژ و بە وردەکاری و کامڵە. ئیتر بۆشایی تێدا نییە، بەڵام هەندێک وشک دەردەچێت. لە کۆپیی سێیەمدا هەوڵ دەدەم کۆپیی یەکەم و ئەوەی لە کۆپیی دووەمدا بنچینەییە بهێنمەوە و ئاوێتەیان بکەم. ئەمە کارێکی سەختە.

**پرسیار: کاتێک کار لەسەر بەرهەمێک دەکەی، بەرنامەی ڕۆژانەت چۆنە؟**

**گراس:** کاتێک کار لەسەر کۆپیی یەکەم دەکەم، ڕۆژانە 5 بۆ 7 لاپەڕە دەنووسم، بەڵام کاتێک لەسەر کۆپیی سێیەمم، ڕۆژانە هەر سێ لاپەڕەم پێدەکرێت. کاری ئەمەیان زۆر خاو دەڕوات.

**پرسیار: کەی ئەمە دەکەیت، بەیانیان، پاش نیوەڕۆیان یان شەوان؟**

**گراس:** بە شەو؟ هەرگیز بڕوام بە نووسینی شەوان نییە، چونکە زۆر بە ئاسانی دێت. کاتێک بەیانیان دەیخوێنمەوە دەبینم باش دەرنەچووە. پێویستم بە تیشکی خۆرە بۆ ئەوەی دەستپێبکەم. لە نێوان کاژێر 9 بۆ 10 بەدەم مۆسیقا و خوێندنەوەوە بەرچاییەکی درێژخایەن دەخۆم. پاش بەرچایی، ئەوجار کار دەکەم. پاشان لە پاش نیوەڕۆدا، بۆ خواردنەوەی قاوە پشوویەک وەردەگرم. ئینجا سەرلەنوێ دەستپێدەکەمەوە و کاژێر حەوتی ئێوارە کۆتایی پێدەهێنم.

**پرسیار: چۆن دەزانیت کتێبێک تەواو بووە؟**

**گراس:** کاتێک کار لەسەر بەرهەمێکی هێندەی داستانێک درێژ دەکەم، پرۆسەی نووسینەکەش دوورودرێژە. ماوەی 4 بۆ 5 ساڵی دەوێت هەتا بە هەموو ڕەشنووسەکاندا دەچمەوە. ئینجا کتێبەکە کاتێک تەواو بووە کە ئیتر چۆڕەم لێبڕابێت.

**پرسیار: بڕێخت ناچاربووە هەموو کات بەرهەمەکانی بنووسێتەوە، تەنانەت دوای چاپبوونیشیان، ئەو هیچکات کتێبەکانی خۆی وەکو تەواوبوو سەیر نەکردووە.**

**گراس:** بڕوا ناکەم من ئەمەم پێبکرێت. من دەتوانم کتێبی وەکو (ڕۆژانەکانی حەلەزوونێک) و (تەپڵی تەنەکە) لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانمدا بنووسم. ئەم کتێبانە لەدایکبوون لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا هەستم و بیرکردنەوەم بەو شێوەیە بووە. دڵنیام گەر بڕیار بێت دانیشم و بیاننووسمەوە، ئەوە لە ناویان دەبەم.

هەرگیز بڕوام بە نووسینی شەوان نییە

هەر زوو دەستمکرد بە نووسینەوەی درۆکانم و هەتا ئێستاش بەردەوامم


**پرسیار: چۆن بەرهەمە ناچیرۆکییەکانت لە بەرهەمە چیرۆکئامێزەکانت جیادەکەیتەوە؟**

**گراس:** بەراوردکردنەوەی بەرهەمی ناچیرۆکی لەگەڵ چیرۆکئامێزدا قسەی بێ مانایە. ڕەنگە ئەمە بۆ کتێبفرۆشێک سوودی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی کتێبەکانی پۆلێن بکات بەپێی ژانرەکان، بەڵام من حەز ناکەم کتێبەکانم بەو شێوەیە پۆلێن بکرێن. من هەمیشە لە خەیاڵی خۆمدا وێنای لیژنەی کتێبفرۆشەکان دەکەم کە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کام کتێب بە ناچیرۆک و کامیان چیرۆک ئامێز ناوزەد بکەن. من دەڵێم ئەوەی کتێبفرۆشەکان دەیکەن، خۆی چیرۆکە.

**پرسیار: بەڵام کاتێک بابەتێک یان وتارێک دەنووسی، ئایا میتۆدی نووسینت**

---

# ڕێوڕەسمێک بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی پرۆژەیەکی وەرگێڕان



مەریوان هەڵەبجەیی:

دەبێ لە هەموو بوارەکان کتێب وەربگێڕدرێن و چاپ بکرێن

ماوەی 10 ساڵە شەونخونی لەگەڵ 25 کتێبدا دەکات، بۆ ئەوەی وەریانبگێڕێتە سەر زمانی کوردی، هۆکاری ئەم ماندووبوونەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پێیوایە: "بۆشاییەکی گەورە هەیە لەڕووی دەقی شانۆیی بیانی بە زمانی کوردی، لەنێو دونیای کوردیشدا ئەو دەقانەی کە باشن بە پەنجەی دەستێک دەژمێردرێن".

مەریوان هەڵەبجەیی، تەمەنی 36 ساڵە و تاوەکو ئێستا 35 کتێبی لە فارسییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی کە ژانرەکانی چیرۆک، ڕۆمان و شانۆنامە لەخۆدەگرن و 36 کتێبی دیکەشی وەرگێڕاون کە چاوەڕێی چاپبوونن. مەریوان بە (ڕووداو)ی گوت: "پرۆژەکە بەناوی (پرۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەی بیانی)یە و 25 کتێبن کە 10 ساڵ پێش ئێستا دەستم بە وەرگێڕانیان کردووە و بڕیار وایە لە ڕۆژی 1ی گوڵانی 2015 لە ڕێوڕەسمێکدا پێنج کتێبیان بڵاوبکرێنەوە کە نووسەری پێنج کتێبەکە محەممەد یەعقوبیش ئامادەی ڕێوڕەسمەکە دەبێت".



هەڵەبجەیی هەروەها گوتی: "لە ڕێوڕەسمەکەدا کە لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت، دیمەنی یەکێک لە شانۆنامەکان پێشکەش دەکرێ بەناوی "درۆ" لەنێو دیمەنی سەمای کاغەزە دڕاوەکان کە سەفین ئەنوەر کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، دواتر من لەبارەی پێگەی محەممەد یەعقوبی لەشانۆی ئێراندا بابەتێک پێشکەش دەکەم، پاشانیش ڕێوڕەسمی واژۆکردنی کتێبەکان دەبێت".

ئەم پێنج کتێبە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، رووسی، تورکی، ئازەربێجانی و چەندین خەڵاتیان وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی باشترین دەرهێنان و باشترین دەق لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فەجر و لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی زانکۆکانی جیهان و چەندین خەڵاتی دیکە".

مەریوان لەبارەی چاپکردنی کتێبی شانۆییەوە، گوتی: "دوای داخستنی دەزگای ئاراس شوێنێک نییە شانۆنامە چاپ بکات، بڕیار وابوو ئەو پرۆژەیە لەلایەن خانەی وەرگێڕانەوە چاپ بکرێ، بەڵام چالاکیی ئەوانیش وەستاوە، بۆیە ئێستا کەسێک سپۆنسەری کارەکە دەکات".

مەریوان هەڵەبجەیی جگە لە وەرگێڕانی 36 کتێب لە فارسییەوە، 8 کتێبیشی لە زمانی کوردییەوە کردوونەتە فارسی و 8 کتێبی دیکەشی چاوەڕێی چاپکردنن، بەڵام بەهۆی سانسۆر لەسەر چاپکردنی کتێب لە ئێران، هێشتا چاپ نەکراون".

هەڵەبجەیی گوتی: "لە شانۆدا لە هەر ژانرێکی دیکە هەژارترین، هێشتا فەلسەفە باشتر وەردەگێڕدرێ لەچاو شانۆنامە، دوای ئاراس ئێستا کتێبی شانۆیی بەشێوەیەکی پەرتەوازە چاپ دەکرێن، نۆ پەیمانگای شانۆییمان هەن کە ساڵانە قوتابییان لێوە دەردەچن و پێویست بوو بەرهەمیان هەبێت، من خۆم زۆرجار دەقی شانۆییم پێداون، ئەمە لەکاتێکدا کە لە کۆنەوە، لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە شانۆ هاوشانی فەلسەفە درێژەی پێدراوە. زۆر کەس دەڵێن بازاڕ کتێبی شانۆیی ناخوێنێتەوە، بەڵام ئەم هەرێمە پێویستی بە بنیاتنانە، دەبێ لە هەموو بوارەکان کتێب وەربگێڕدرێن و چاپ بکرێن، ئێمە پێویستمان بە بنیاتنانە، ئەگەر وانەبێ بۆچی ئەو هەموو پەیمانگای شانۆیە هەن".



پەیکەرێک لە کارەکانی گۆنتەر گراس

## من و خوشکەکەم ژووری تایبەتی خۆمانمان نەبوو

جیاوازە لەو کاتەی چیرۆکێک دەگێڕیتەوە و شتەکان دادەهێنی؟

**گراس:** بەڵێ جیاوازە، لەبەرئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک واقیعدا ڕووبەڕووم کە ناتوانم بیانگۆڕم. زۆر ڕوونادات کە من ڕۆژانەیەکی خۆم ڕابگرم، بەڵام کاتێک خۆم بۆ نووسینی (ڕۆژانەی حەلەزوونێک) ئامادە دەکرد، ڕامگرتن. هەستم دەکرد ساڵی 1969 دەبێت ساڵێکی گرنگ بێت، هەستم دەکرد کۆمەڵێک گۆڕانکاری سیاسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە جیاوازە لە هاتنە سەر کورسی حکومەتێکی نوێ. کاتێک لە مانگی مارس هەتا سێپتەمبەری 1969 سەرقاڵی بەشداری بووم لە کەمپیندا، کاری ڕۆژانەی خۆمم ڕادەگرت. هەمان شت لە کالکەتاش ڕوویدا، ئەو ڕۆژانەی ئەوێم دواتر بووە (زمانت دەرکە).

**پرسیار: چۆن چالاکی سیاسی خۆت لەگەڵ نووسینەکانت پێکەوە دەبەستیتەوە؟**

**گراس:** نووسەرەکان تەنها سەروکاریان لەگەڵ ژیانی ناوەکی و مەعریفی خۆیاندا نییە، بەڵکو لەگەڵ پرۆسەی ژیانی ڕۆژانەشدا دەرگیرن. لای من نووسین، نیگارکێشان و چالاکی سیاسی سێ کاری جیان کە هەر کامیان هێزی خۆی هەیە. من زۆر جار ڕوودەدات کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیم زۆر هەماهەنگ و تێکەڵاوم. بمەوێت یان نەمەوێت، هەم نووسینەکانم و هەمیش نیگارەکانم لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵن. من خۆم دەستپێشخەر نیم لەوەی پلانێک دابنێم بۆ ئەوەی سیاسەت بهێنمە ناو نووسینەکانم. بەڵکو کاتێک بۆ سێیەم یان چوارەم جار، تۆز و گەرد لەسەر بابەتێک لادەدەم، شتانێک دەبینم کە مێژوو پشتگوێی خستوون. من هیچکات چیرۆکێک نانووسم کە بە تایبەتی لەسەر واقیعێکی سیاسی دیاریکراو بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەی سیاسەت بەلاوەبنێم لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی هێندە زۆر و کاریگەری بەسەر ژیانی ئێمەوە هەیە. من بە شێوازێک لە شێوازەکان خۆم دەخزێنمە ناو هەموو لایەنەکانی ژیان.

**پرسیار: تۆ بە شێوازێکی زۆر دانسقە وشەکان و نیگارەکان پێکەوە دەبەستیتەوە.**

**گراس:** نیگار و نووسین پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کاری منن، بەڵام تەنها ئەم دووە نین. من گەر وەختم هەبێت پەیکەرتاشیشم. بەڕای من، پەیوەندییەکی بەخشین-وەرگرتنی زۆر ڕوون لە نێوان هونەر و نووسیندا هەیە. هەندێکجار ئەم پەیوەندییە بەهێزە و هەندێکجاریش لاوازە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم پەیوەندییە زۆر بەهێز بووە. (زمانت دەرخە)، کە لە کالکەتا ڕوودەدات، نموونەیەکی ئەمەیە. بەبێ نیگارکێشان، هەرگیز نەمدەتوانی ئەو کتێبە بهێنمە بوون. ئەو دەستەنگییە بەرچاوەی لە کالکەتا هەیە، بە بەردەوامی بینەر دەخاتە دۆخێکەوە کە تێیدا زمان وشک دەبێت-واتە وشە شک نابەیت. کاتێک لەوێ بووم، نیگارکێشان یارمەتی دەدام بۆ ئەوەی وشە بدۆزمەوە.

**پرسیار: لەو کتێبەدا، تێکستی شیعرەکان تەنها بە پرینتکراوی نین، بەڵکو بە دەستنووسیش لەسەر نیگارەکان نووسراون. ئایا وشەکان دەبێ وەکو توخمی هێڵکاری و بەشێک لە نیگارەکان ببینرێت؟**

**گراس:** هەندێک لە توخمەکانی شیعرەکان لە ڕێگەی نیگارەکانەوە داڕێژراون و خراونەتەڕوو. کاتێک دواجار وشەکانم بۆ دەهات، وشەکانم لەسەر ئەو نیگارە دەنووسی کە پێشتر کێشابوومەوە، واتە تێکست و نیگارەکان دەکەوتنە سەر یەکتر. گەر بتوانیت وشەکان لە نیگارەکان جیابکەیتەوە، ئەوە باشتر! چونکە وشەکان هەن بۆ ئەوەی بخوێنرێنەوە. بەڵام ئەوەی سەر نیگارەکان، زۆربەی جاران ڕەشنووسی یەکەمن، واتە هی پێش ئەو کاتەن کە دادەنیشم و دەست بە تایپکردنیان دەکەم. نووسینی ئەم کتێبە زۆر بەزەحمەتی بوو، ناشزانم بۆ وابوو. لەوانەیە بابەتی کتێبەکە هۆکار بووبێت. من دووجار چوومەتە کالکەتا. جاری یەکەم 11 ساڵ پێش دەستپێکردنی (زمانت دەرخە) بوو. یەکەمجارم بوو بچمە هیندستان. تەنها چەند ڕۆژێکی کەمم لەو شارەدا بەسەر برد. تووشی ڕاچڵەکین ببووم. هەر لە سەرەتاوە، بەردەوام ئارەزووم دەکرد جارێکی دیکە بگەڕێمەوە ئەوێ، بۆ ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژتر تێیدا بمێنمەوە، زیاتر ببینم و شتەکان یاداشت بکەم. چەند سەفەرێکی دیکەم بۆ ئاسیا و ئەفریقا کرد، بەڵام هەر کاتێک ناوچە هەژارنشینەکانی دەرەوەی شارم لە هۆنگ کۆنگ، مانیلا یانیش جاکارتا ببینایە، یەکسەر بیری بارودۆخی کالکەتا دەکەوتەوە سەرم. هیچ شوێنێکی دیکەم پێ شک نایەت کە تێیدا کێشەکانی جیهانی یەکەم هێندە بە ئاشکرا و بەڕوونی لەگەڵ کێشەکانی جیهانی سێیەمدا تێکەڵ بووبن.

وابوو چوومەوە بۆ کالکەتا و زمانم لەبەست چوو. نەمدەتوانی یەک وشە چییە بینووسم. لەو کاتە نیگارکێشان گرنگ بوو، چونکە شێوازێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی بتوانم واقیعی کالکەتا وەربگرم. نیگارکێشان یارمەتی دام بتوانم جارێکی دیکە پەخشان بنووسم- ئەوەش یەکەم بەشی کتێبەکەیە کە جۆرێکە لە وتار. پاشان هەوڵمدا کار لەسەر بەشی سێیەم بکەم، کە شیعرێکی درێژ بوو لە 12 بەشدا. ئەمەیان شیعری شارە کە لەبارەی کالکەتاوەیە. کاتێک بەیەکەوە، سەیری پەخشانەکە، نیگارەکان و شیعرەکە دەکەیت، دەبینیت هەرسێکیان بە شێوازێکی پەیوەندیدار بە یەکەوەن بەڵام لە هەمانکاتدا بە جودا باسی کالکەتا دەکەن. لە نێوانیاندا جۆرێک لە دیالۆگ لەئارادایە، بەڵام بونیادی هەر کامیان زۆر جیاوازە.

**پرسیار: هیچکام لە بونیادەکان لەوانەی دیکەیان گرنگترە؟**

**گراس:** ئەمەیان تەنها وەڵامی خۆمە، بەڕای من شیعر گرنگترینیانە. لەدایکبوونی ڕۆمان بە شیعر دەستپێدەکات. نەک ئەوەی هەتا ئەوپەڕی لە هەموویان گرنگتر بێت، بەڵام من خۆم بەبێ شیعر کارەکەم پێناکرێت و وەکو خاڵی دەستپێک پێویستم پێیە.

**پرسیار: هیچ شتێکی فیزیکی، یانی هەستەکی لە نیگارکێشیدا هەیە کە لە پرۆسەی نووسیندا نەبێت؟**

**گراس:** بەڵێ. نووسین پرۆسەیەکی پڕزەحمەتی و ئەبستراکتە. ڕاستە کردەیەکی خۆشە، بەڵام خۆشییەکەی تەواو لە هی نیگارکێشان جیاوازە. کاتێک نیگارێک دەکێشم، هۆشیارییەکی تەواو هەیە بەوەی خەریکی خولقاندنی شتێک لەسەر لاپەڕەیەکی سپیم. نیگارکێشان کردەیەکی هەستەکییە، ناتوانیت بڵێی ئەمە بۆ نووسینیش وایە. زۆربەی جاران بۆ دەرکردنی دەردی نووسین، ڕوو لە نیگارکێشان دەکەم.

**پرسیار: یانی نووسین هێندە ناخۆش و بەئازارە؟**

**گراس:** تۆزێک لە پەیکەرتاشی دەچێت. لە پەیکەرتاشیدا دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە کار لەسەر پەیکەرەکە بکەیت. گەر شتێک لێرە بگۆڕیت، دەبێت شتێک لەوێش بگۆڕیت. لە ناکاو ڕووتەختێک دەگۆڕیت، ئینجا پەیکەرەکە دەبێت بە شتێک! جۆرێک لە مۆسیقای تێدایە. هەمان شت دەکرێت لە نووسینیشدا ڕووبدات. دەتوانم بۆ چەندین ڕۆژ کار لەسەر ڕەشنووسی یەکەم، یان دووەم یانیش سێیەم بکەم، یانیش لەسەر ڕستەیەکی دوور و درێژ، یانیش تەنها خاڵبەندییەک. وەکو دەزانن من حەزم لە خاڵبەندییە. کاری لەسەر دەکەم و هیچ کێشەم نییە. پاشان هەندێک گۆڕانکاری دەکەم، کە خۆیشم پێموانییە زۆر گرنگ بن، بەڵام دوایی باش دەردەچێت. بە تێگەیشتنی من ئەمە خۆشبەختییە، یانیش شتێکی وەکوو خۆشبەختی. بۆ دوو یان سێ چرکە بەردەوام دەبێت. دوایی دەچمە سەر خاڵی دواتر، ئیتر هەستەکە نەماوە.

**پرسیار: ئەگەر بکرێت ئێستا تەنها باسی شیعر بکەین. ئایا ئەو شیعرانەی وەکو بەشێک لە ڕۆمان دەیاننووسیت بە جۆرێک لە جۆرەکان لە شیعرێکی سەربەخۆ جیاوازن؟**

**گراس:** سەردەمانێک زۆر دواکەوتووانە بیرم لە شیعر دەکردەوە، وامدەزانی کاتێک ژمارەیەکی باش شیعری چاکت هەبوو، ئیتر دەبێت دەرچێت و بەدوای دەزگای چاپدا بگەڕێی، هەندێک نیگاربکێشیت و کتێبەکە چاپ بکەیت. پاشان دەبێت بە خاوەنی کتێبێکی جوانی شیعری کە بە جیا تەنها بۆ عاشقانی شیعرە. بەڵام لەگەڵ دەسپێکردنی (ڕۆژانەکانی حەلەزوونێک) وردە وردە شیعر و پەخشانم لە ناو کتێبەکانی خۆمدا ئاوێتەکرد. ئەمجۆرە لە شیعر، ئاوازێکی جیاوازی هەیە. من هیچ هۆکارێک نابینم بۆ جیاکردنەوەی شیعر و پەخشان، بەتایبەتیش لە کاتێکدا دەبینین لە نەریتی ئەدەبیی ئەڵمانیادا تێکەڵەیەکی زۆر جوان لەم دوو ژانرەمان هەیە. بەم دواییە زۆر حەز دەکەم لە نێوان بەشەکاندا شیعر دابنێم، بۆ ئەوەی بونیادی پەخشانەکە دیاری بکات. جیا لەمە، شانسی ئەوەش هەیە خوێنەرانی پەخشان کە وادەزانن شیعرنووسین زۆر قورسترە بۆ من، دەبینن، دەشێت شیعر زۆر لە پەخشان ئاسانتر وسادەتر بنووسرێت.

**وەرگێڕانی: ڕێبوار قارەمانی**



# دۆڕان



**سمکۆ محەممەد**

## (لەگوڵدانا تەنها لەشی ژن دەبینرێت)
## (ئەدۆنیس)

لەکونی دەرگاکان و
لەدرزی پەنجەرەکانەوە دەمڕوانی
ژنان لەنێوان بەرماڵی فەرمان و
مەکری کراسە پەڵە پەڵەکەیاندا
گەمەیان لەگەڵ ئیبلیس دەکرد و
بەگوێزانێک برۆی پەیکەرەکانیان دەتاشی و
لەتەبڵەکی جگارەی پیاوەکانیاندا ئارەزووی خۆیان دەبینی
بەدەستێک دەیاننوسی نور و
بەدەستەکەی دی چەقۆیان لەمانگ دەگرت
دەیانوت سەفای شەو نەبێ ڕۆژ ئەڵماسێکی بێ حیکمەتە
شریخەیەک کە قورقوشمی پێ دەتوێنرایەوە دەیوت
ون بن لەژێر شۆرەکاتە بێ شومارەکان
لەژێر پەرچەمە بەپیت لکێنراوەکان
لەنێو تاق و کەلێن و قڵشتەکان
ئێوە کە ئیشتیاقی مەلەکووت نین
ئەوشەمعدانە کریستالیانە بۆ ناشکێنن
ئێوە کە لە خواوەندەکانەوە دوورن
لەتۆرانی تاووس بۆ دەترسن
ئێوە کە لە هەناسەی دایکتان و ترسنۆکی باوکتان نەگەیشتوون
لەنێو ئەو دێرە ساردوسڕانەدا چی دەکەن
ئێوە کە لە دەمژمێرێکدا بەسەر دەیان قوڵنگ و تەوری ڕەنگاورەنگدا
باز دەدەن
مێینەییتان لەژێر باڵی کام باڵندەدا
لەبەیانی کام وەرزدا مۆمیا کراوە
ون بن... تا وەڕس نەبووم
لەگەمژەیی خۆم و سالاریی پیاوان
گەر نورێکن ئیلاهیانە لە تیشکی ئاقیق دروست بوون
چاوبەستم کەن
گەر بڵێسەی چەخماخە شڕەکەی باپیرمن
دەمنادەمێک هەڵدێن
نەخشی توێڵم بسووتێنن
گەر لە کەشکەلانی فەلەکدا سەمادەکەن
دەمژمێرەکەم بشکێنن و وێنەکەم هەڵگرن بۆ هودنە
ئەو هودنەیەی زەندەقی چووە لەدۆڕان
من کە دۆڕاوم ....
حەزناکەم لەسەر کراسەکانتان بنووسم
خانمەکان کە شەو هاتن بە زاری خۆتان پەیڤێک بۆ (با) بدرکێنن
ئێوە کە مەخلوقێکن روحتان زوقمە و دڵتان بەستەڵەک
بۆ ئەڵێن زەمانێک بەرلەئێستا فریشتە بووین
پاشۆلێک مەرجانی سپی و
نەخشەیەک بووین لەئومێد
بۆ ئەڵێن زینەتی میوەجاتی بەهەشت و مامزگەلێکی بەناز بووین
چاوەکانمان شووشەبەندێک بوون لەئاو
دەخیلە هیچ مەڵێن
شتێک بدرکێنن ساتە قۆشمەییەکانی روخسارتان گەشاوەترکا
با ڕۆحی منیشی پێ مەحف بێت
قۆڵ هەڵمان.. قۆڵی سپی
هەرچی سەروەتی ڕۆحم هەیە لێم بستێنن
هەرچی دەبەن لەسەت پارچە کەمتر نەبێ
لەسەت دەنک
لەسەت ڕەنگ
لەسەت نمرە
لەسەت پەڕە
لەسەت ترپە
لەسەت گۆشە کەمتر نەبێ
تالآنم کەن و بیر لەتاقانەییم مەکەنەوە
کە خەریکە (ئاو) دەیبا
نامەوێ لەنووری ئێوەدا بتوێمەوە
حەزدەکەم لەسەر کراسەکانتان بنووسم
خانمەکان کە شەو هاتن توجوانیتان شتێک بۆ ئاو بدرکێنن
بۆ کلوە بەفرەکانی حیکایەت و
جامە شیرەکانی ئەفسانە
کە من نازانم کامیان بوو حەسرەتەکانمیان سووتاند
مەیلی سۆزانیەکان بوو لە ئینجانەکان تۆرا
یا مەیلی کیلۆپاترا و شەهریار بوو
لەپاکەت و شووشەی سەر شۆستەکاندا گۆڕا
بیاتریس
مۆم بەدەستەکەی میهر لێم ببوورە
ناتوانم وەکو ئامادەم سێوێکت لەتەکدا لەت کەم
ناتوانم شەوێک ژوورەکەت ئاوا کەم و ستیانەکەت لەتکەم
بچۆ چەرچەفەکەت بە بەرماڵەکانەوە بئاڵێنە
هاشەی دەنگی شەیتانەکان لەگۆنات بسڕەوە
لێوانێک لەتەم پڕکە
منیش دەنووم بۆهەمیشە



گۆران محەممەد

# پۆستی کاسۆلیکی

باس لە پۆستی سەرۆکی هەرێم و مانەوەی سەرۆکی ئێستا لە پۆستەکەی دەکرێت. ئەم چەند ڕۆژانە، دەستەواژەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بازاڕی گەرمە. ڕاستت دەوێ؟ کورد خۆی میللەتێکی بێبەدیل و بێنەزیرە، ئەوە بۆیە نەک هەر پۆستی سەرۆکی هەرێم، بەڵکو نزیکەی هەموو پۆستەکانی هەر وان، جا حکومەتیی بێت یان حیزبی.

ئەی توخوا نەک یەکێتییەکی تەواو، نیو یەکێتی شک دەبەن زاتی ئەوە بکات و بڵێ بەڕێز تاڵەبانی بەدیلی هەس؟ ناوەڵا وەرن با گرەو بکەین تا هێژا نەوشیروان مستەفا هەناسەی تێدا مابێت، کەسی دیکە دەبێتە ڕێکخەری تۆزێکی، نەک گشتیی؟ ئێ بە خوا قەسەم تا بەڕێز عەلی باپیریش مەیلی لێبێت، کەس زاتی ئەمیربوون ناکات.

ئەمە حیزب، ئا وا وەرن بۆ دەوڵەت با لە بنەوە بۆی هەڵکشێین. ئێوە هەرگیز بیرتان بۆ بەدیلی بەڕێز فەلاح مستەفا دەچێ؟ من تا ئێستا چەند جارێک ناونیشانی چەند شوێنێکیان بۆ هەڵداوم و گوتوویانە لەملا، یان لەودیو دائیرەکەی فەلاح مستەفا، ئاخر ناوی خۆی، لە هی فەرمانگەکەی ئاشناترە. فەرمانگە، بێ ئەو، هەر تامی نییە. نەک هەر وەزارەتی ناوخۆ، پێناچێ شەست مەتریش بێ بەڕێز کەریم شەنگالی تامی هەبێ، ئاخر ئەویش هیچی نەماوە نازناوی وەزیری هەمیشەیی ناوخۆ وەربگرێت. وەلەو زوو تووڕە دەبێت، بەڵام بە برایەتیمان قەسەم تا یەک جەلیکان نەوت لە کوردستاندا مابێ، هەر هێژا ئاشتی هەورامی وەزیری دەبێ، کاکە پیاو ئەگەر دەستی دایە ئیشێک، تەواوی بکا چاکە، ئاخر بەدیلی ئاشتی، شەڕ و ئاشووبە، هەر ئاشتی باشە قوربان. جا چی بێ لە ئێوە نهێنی، شەرع شەرمی تێدایە نییە و لە ترسان باسی هەندێ پۆستی دیکە ناکەم چونکە مەعێن شەق و شتی بەدواوە دەبێ و ڕاست باز بۆ سەرۆکی حکومەت دەدەم چونکە ئەو سەلامەتە، هەر لە خۆی دێ سەرۆکایەتی ئەم حکومەتە، ئاخر بۆیە شیرینە ئەم کوردستانە، سەرۆکی حکومەتەکەی تا ئەبەد نێچیرڤانە، هەڵبژاردن و مەڵبژاردن، یاری منداڵانە.

لە وڵاتی ئێمە بەدیلی ئەی ڕەقیب ئاسانە، هی مامۆستا عەلی باپیر زەحمەتە، لە کنەمە بەدیلی هەڵبژاردن سازانە، ئاخر دیموکراسیی کوردی بە قازانە، دەستوور کێیە؟ بەدیلی وا بەهەلهەلە و فیکەکێشانی پەرلەمانە، بەدیلی پەکەکە بۆ دەوڵەتی کوردی، کانتۆنە، کەچی ئۆجەلان خۆی ئەفلاتۆنە. بێ بەڵا بن بەدیلی نیشتیمانیش ئاسانە، ئەی ئەوە نییە نزیکەی هەموو کاربەدەستێکی باڵا، پاسپۆرتی وڵاتێکی دیکەی ها لە باخەڵدا! ئاخر قەینا پۆستەکانی کوردستان بێ بەدیلن، کوردستان خۆی بەدیلدارە، باس لە بەدیل بۆ ئەم و ئەو مەکەن، ئێمە میللەتێکی بەدیلسزین، ئەوە پۆست وەرگرتن نییە، هاوسەرگیریی کاسۆلیکییە، مردن نەبێ، هێز نییە لەیەکیان جیابکاتەوە.



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# HDP پرۆژەیەک بۆ لەناوبردنی AKP!

لە 3ی تشرینی دووەمی 2002ەوە کە پارتی دادوگەشەپێدان (AKP) بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان چووە ناو هەڵبژاردنی گشتییەوە، ئەو پارتە 9 هەڵبژاردنی لە ڕکابەر و نەیارەکانی بردووەتەوە. لە هەڵبژاردنی گشتییەوە بگرە تا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، ڕیفراندۆم لەسەر دەستوور و دواهەمینیشیان کە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بوو لە مانگی ئابی پارساڵ.

ئەم هەڵبژاردنە بە یەکێک لە چارەنووسسازترین هەڵبژاردنەکانی مێژووی نوێی تورکیا لەقەڵەم دەدرێت. چونکە دوای پتر لە دەیەیەک، کورد لە کوردستانی باکوور، یەکەمجارە وەکو حیزب بەشداری هەڵبژاردنی گشتی دەبن و ئەگەر بتوانن بەربەستی 10% بۆ گەیشتنە پەرلەمان دەرباز بکەن، ئەوا یەکەمجار دەبێ کە بتوانن وەکو حیزبێکی سەرکەوتوو بچنە ناو پەرلەمانەوە. لەبەرامبەردا پارتی داد و گەشەپێدان بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا ژمارەیەکی زۆر کورسی لەدەستدەدات و توانای بۆ گۆڕینی دەستووری وڵات و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بۆ نیمچە سەرۆکایەتی یان سەرۆکایەتیی تەواو، لەدەست دەڕوات.

چارەنووس و داهاتووی سیاسیی تورکیا لە گرەوی ئەو هەڵبژاردنەدایە کە لە مانگی حوزەیران بەڕێوە دەچێت. چونکە لەمڕۆوە باس لە چەند سیناریۆیەکی جیاواز دەکرێت کە بەرچاوترینیان ئەوان: پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) بتوانێ ڕێژەی 10% بهێنێ و بەو شێوەیە ژمارەی کورسییەکانی لە 29 کورسییەوە بەرز بکاتەوە بۆ دوو بەرابەر، واتا نزیکەی 60 کورسی لە کۆی 550 کورسیی پەرلەمانی تورکیا. بەوەش ئەگەر حیزبە ڕکابەرەکانی دیکەی AKP بتوانن کەمێک دەنگی زیاتر بهێنن، ئەوا نەک ئاکپارتی توانای گۆڕینی دەستووری نامێنێ، بگرە بۆ پێکهێنانی حکومەتیش ناچاری پێکهێنانی ئیئتیلاف دەبێت.

لە ڕوانگای دەسەڵاتیشەوە سیناریۆیەکی دیکە هەیە و پێیوایە کە نەک HDP ناتوانێ بچێتە پەرلەمانەوە، بگرە ئەو کورسیانەی کە هەشیەتی لەدەستی دەدات و بەوەش AKP خۆی نزیکی 400 کورسیی پەرلەمان دەکاتەوە، یان لانیکەم زۆرینەی ڕەهای پەرلەمان و سەرووی 300 کورسی دێنێت (کە ئێستا AKP لە پەرلەمان 312 کورسیی هەیە) و ئەو کاتەش ئەگەر نەیانتوانی بە دوو لەسەر سێی پەرلەمان دەستوور بگۆڕن، وەک چۆن لە 2010 بۆ گۆڕینی دەستوور پەنایان بردە بەر ریفراندۆم، ئەوا هەمان سیناریۆ دووبارە بکەنەوە.

ئامانجی HDP کە ئێستا پتر وەکو پارتێکی سەرانسەریی تورکیا و دامالدراو لە دروشم و بانگەشەی نەتەوەیی دەبینرێت، بەرزەفتکردنی ئاکپارتی، ڕێگرتن لە گۆڕینی دەستوور و سیستەمی حوکمڕانیی تورکیایە لەلایەن ئاکپارتییەوە. بۆیە چاوی لەوەیە کە ئەوەی لە ماوەی 13 ساڵی ڕابردوو بە حیزبە ڕەگەزپەرست و کەمالیستەکانی تورکیا دەرهەق بە ئاکپارتی نەکراوە، لەسەر دەستی ئەوان بکرێت. سەرانی ئەو حیزبە دەڵێن کۆتایی ئاکپارتی لەسەردەستی هادەپ دەبێت. بۆیەش لەلایەن میدیای کەمالیستەکانەوە حیساباتی ماتماتیکی لەسەر دەکرێت و پشتیوانیش دەکرێن لەو ئامانجەیاندا.

سەرکەوتنی هادەپ ئەگەر تەنها بۆ ئیسپاتی ئەوە بێت کە دەتوانن پشتی ئاکپارتی بۆ ڕکابەرەکانی لەئەرز بدەن، ئەوا مانایەکی ئەوتۆی تێدا نییە، چونکە ڕکابەرەکانی ئاکپارتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد هیچیان پێ نییە. ئەی خەباتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی تورکیا و ئەو هەموو قوربانیدانە لە پێناوی چیدا بوو؟ بەڵام ئەگەر هادەپ نەتوانێ سەربکەوێ، دەبێ بچێتەوە ناو قاوغەکەی خۆی و لە تۆڵەی ئەوە، خۆسەریی دیموکراتیی خۆی لە شارەکانی کوردستانی باکوور ڕابگەیەنێ، چونکە بواری سیاسەتکردنیان لە ئانکەرە نامێنێ، بەڵام ئایا ئەو ڕۆژەی ئەوە دەکەن هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ دەست لە پشتی هادەپ دەدەن، هەمان هەڵوێستیان دەبێ؟

هادەپ لەجیاتی ئەوەی چاوی لەوە بێت بە دەنگی کەمالیست و شۆڤێنییەکان سەربکەوێ، دەبووایە پرۆژەیەکی بۆ کوردەکانی دەرەوەی خۆی هەبووایە، پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی وەها کە هەمووان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەوکاتە ئەمڕۆ کەس حیساب و کتابی وەهای نەدەکرد و هادەپ و ئەوانەی پێش هادەپیش بە مسۆگەری 10% یان دەهێنا و با بەرزەفتکردنی ئاکپارتیش بۆ کەمالیستەکان مابایەوە.



ناسر باباخانی

# لە پەراوێزی دامەزراندنی پارتی فێمینیستی کوردستان

ڕۆژی 8ی مارسی 2015 حیزبێکی تایبەت بە ماف و داخوازییەکانی ژن لە کوردستان بەناوی "پارتی فێمینیستی کوردستان" دامەزرا. ئەم حیزبە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک بۆ ڕای گشتی و هەروەها بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی، باسی ئەو شتانەی کرد کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی حیزبێکی سەربەخۆ بۆ داخوازیەکانی ژنان، بە کورتی باسێک لە کۆمەڵگەی "پیاوسالار" و ئەو بەربەستانە دەکات کە ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر ڕێی ژن و مافەکانی دایناوە.

سەرەتا ئەگەر بەپێی بیردۆزییەکی "ئالێن تۆرێن" بێت کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سێ بنەمای شوناس و دژایەتی و گشتگیربوون دامەزراون، ڕەنگە نەتوانین قایل بین بەوەی کە شتێک بەناوی بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کورستان هەیە، دیارە نکۆڵی لە هەندێ هەوڵی پەڕاگەندە و ناڕێکخراوەیی ناکەم، بەڵام لانیکەم بەپێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە وەها بزووتنەوەیەک بەدی ناکرێ. دیارە لەم کورتە وتارەدا بواری باس و لێدوان نییە لەسەرئەوەی کە بەربەستەکانی سەر ڕێ کامانەن، بەڵام بەگشتی هەر لە بنەڕەتەوە لە ئێرانیشدا بزووتنەوەیەکی وەها نییە!

ئەگەرچی سازبوونی ئەم حیزبە بەرهەمی بۆشاییەکی بەرچاوە لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵام ژنی کورد لەبری پێداگری لەسەر چەندێتی، دەبێ ئاوڕ بداتەوە سەر چۆنێتی.

دامەزراندنی حیزب ڕێک بەمانای باسێکی چەندێتی دێ و بەپێی ئەزموون و بارودۆخی هەنووکەیی ناوخۆی ڕۆژهەڵات و خودی حیزبەکان، ڕەنگە هەر لەسەر کاغەز بمێنێتەوە، چونکە "کردەوە" وەک چۆنێتی گرینگە، شتێک کە دەمێک ساڵە ماڵئاوایی لە خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کردووە. بۆ وێنە کاتێ باس لە سەرسامیی دنیا دەکەن لەهەمبەر خۆڕاگریی ژنانی کۆبانی، ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە لە کۆبانی ژن و پیاو، شانبەشانی یەکتر پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی دەکەن و چون بە کردەوە بوونیان هەیە، توانیویانە لەسەرجەم بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، چەکداری و...هتد دەوری خۆیان وەک نیوەی کۆمەڵگا بگێڕن. کەوابوو لەم پاشاگەردانی حیزبییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جەخت دەکەمەوە کە دەبێ پێداگری لەسەر چۆنێتی بێ نەک چەندێتی، بۆ وێنە بەرەیەکی یەکگرتوو لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ زۆر شوێندانەرتر بێ لەسەر هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ.

واتە دەبێ ژنی کورد هەوڵی ئەوە بدا هاوتەریبی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات لەسەر هەندێ مافی سەرەکی و بنەڕەتی پێداگر بێ و دواجار لەپاش بڕینی ئەم قۆناغانە، وزە و هێزی خۆی لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا کەڵەکە بکا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی دیکەی.

واتە هەنگاو بە هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ دەبێ ببێتە ستراتیژی چالاکڤانانی ژن. پێموایە ئەم دۆستانە ئەگەر ڕەوتی بزووتنەوەی فێمێنیزم لە ڕۆژئاوا سەیر بکەن، باشتر لە مەبەستەکەی من، واتە ستراتیژی هەنگاو بە هەنگاو تێدەگەن.

بۆ مسۆگەربوونی ئەم ئامانجەش پەیوەستبوونی بە حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی پێویستە کە لەودا هێز و توانای خۆی وەگەڕ بخات.

چون پەلکێشی ژنانی حیزبەکانی دیکە بۆ لای ئەم حیزبە و بیرۆکەی بوون بە ئاڵتەرناتیڤی حیزبەکانی دیکە لانیکەم بەپێی بارودۆخی ئێستا زیاتر لە دروشم دەچێ تا واقعییەتێکی سیاسی (هەرچەند ڕەنگە مەبەستیشیان ئەوە نەبێ، بەڵام دواجار ئەم ئاکامەشی لێدەکەوێتەوە).

خۆ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە تەواوی قۆناغەکانی خەباتی سەرجەم حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژن پاشکۆی پیاو و لە ژێر گوتاری پیاوسالاریدا بووە و تەنانەت تا هەنووکەش یەک ژن نەبۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی هیچ حیزبێک! ئەگەر خۆ لەم هۆکارە دیار و ئاشکرا فەرهەنگی، ئاینی و کۆمەڵایەتییانە ببوێرین و لە هەمان کاتدا پیاوی کورد کە بەربەستی سەرەکی بووە لەهەمبەر ژنی کورد، ئەوا ژنی کوردیش وەک تاک نەیتوانیوە دەوری خۆی بگێڕێ، واتە ژنی کورد لەگەڵ قەیرانی تاک بەرەوڕووە و خۆیشی بەربەست بووە. بۆ قوتاربوون لەم دۆخە، ژنی کورد وەک تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە دەبێ لەسەر بنەمای میکانیزمەکانی خۆدەرخستن بە شێوەیەکی کردەیی و هەنگاو بە هەنگاو نەک تەنیا لە بواری سیاسیدا، بەڵکو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی وەک فەرهەنگ، ئەدەب و هونەردا خۆی دەرخا و بوونی خۆی بە کردەوە بسەلمێنێ، ئەمە دەتوانێ دواجار بارستایی و قورسایی ژنی کورد لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان لەناو خودی حیزبەکاندا چەندین قات بەرز بکاتەوە و بگاتە ئەو شوێنەی کە مافی خۆیەتی.



مەحموود یاسین کوردی

# دەستوور بۆ کێ و بۆ دژایەتی کێ دەنووسین؟

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 19ی ئابی ئەمساڵ، موحەلیل و موفەکیرو موئەریخ و موفەسیری قانون و مونەزیری سیاسی زۆر دەبن، بەندە لە وتارێکدا لە ژمارە 334 (2014/11/20) ی هەفتەنامەی ڕووداو هەم باسی ئێستام کردبوو، هەم باسی چۆنیەتی دروستبوونی سازان و سازشی لایەنەکان بۆ دەستوورێکی تەوافوقی و ڕێزلێگیراو و دیموکراتی و پۆستی سەرۆکایەتی، بۆیە "زۆر گوتن قورعان خۆشە!".

پارتی وەکو هێزی یەکەم لە ڕووی ژمارەی کورسی و دەسەڵاتەوە کێشەکەی ئەوەیە دەیەوێ دەستوور بە لۆژیکی زۆرینە و کەمینە پەسەند بکات، هێزەکانی دیکەش (جگە لە نەوشیروان مستەفا) هەر هەموویان پرسی دەستووریان بە کەسێکەوە بەستووەتەوە و ئەم پرسە چارەنووسازە نیشتمانییەیان بە شەخسەنە کردووە.

لە کۆبوونەوەی سێ سەرکردەکەی ئۆپۆزسیۆنی پێشوو لەگەڵ بارزانی، نەوشیروان مستەفا بە ڕوونی بە بارزانی ڕاگەیاندبوو: "با دەستوورێکی تەوافوقی و دیموکراتیمان هەبێت باشترە لەوەی دەستوورێکمان هەبێت شەڕی ناوخۆ و دیکتاتۆریەت دروستبکات، دەشکرێ دەستوورمان نەبێت وەکو بەریتانیا و سعودیە"، ئەم قسەیەم لە دوو دانیشتنی تایبەتدا لە خودی نەوشیروان مستەفا بیست، تەنانەت بە بارزانیی گوتبوو: "هەتا تۆ سەرۆک بیت ترسمان نییە و کوردستان لە دەستێکی ئەمیندایە".

دیارە ئەم قسەیە لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی ئەو دانیشتنە بە شێوەیەکی زۆر جیاواز پەخش و بڵاوکرایەوە. ئەو برادەرەی کە تازە تێکەڵی کاری سیاسی گەورە ببوو، دانیشتنی لەو شێوەیەی پێشتر نەبینیبوو، بۆ شکاندنی کاک نەوشیروان لە نێو ڕێکخستنی حیزبەکەی قسەکەی ئاوەژوو کردبوو، لە کاتێکدا نەوشیروان مستەفا لە قسەکردن و نووسین پیاوێکی قسە لەڕووە و حەزی لە موجامەلە و پێچ و پەنا نییە و زۆر جاران ڕووشکێنیشە.

ویستم لەو (ڕووداو) بەبیر خوێنەرانی بهێنمەوە کە پارتییەکان نابێت وا تێبگەن دەستوور لەبەر خاتری کەسێک دەنووسرێتەوە و لە دژی هیچ کەسیش نانووسرێتەوە، ئەگەر دەستوورێک بەلای کەمەوە نزیکەی 90% تا 95%ی خەڵک پێی ڕازی نەبن، مومکین نییە جێبەجێ بکرێت و ڕێزی لێبگیرێت، دەستوور ئەگەر شکۆی پارێزراو نەبێت دەبێتە مەرەکەبی سەر کاغەز، دەستوورمان بۆ چییە ئەگەر حورمەتی نەبێت و خودی هێز و لایەنە سیاسییەکان جێبەجێی نەکەن؟

قسەکە لێرەدا ئەوەیە هیچ سیاسییەکی هۆشمەند و هۆشیار ترسی لە بارزانی نییە لەوەی دەسەڵاتەکانی خراپ بەکاربهێنێ، ئەو دەسەڵاتە زۆرەی لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دراوە بە بارزانی، هیچی وەکو پێویست بەکارنەهێناوە، لە 10 ساڵی ڕابردوودا دوو جار ڤیتۆی بەکارهێناوە و یاسای ڕەتکردووەتەوە، کەواتە قسەی کاک نەوشیروان 100% ڕاست و ڕاستگۆیانەیە کە ترس لە بارزانی نییە، بەڵکو ترس بۆ ئایندە و نەوەکانی داهاتووە.

هەموومان شاهێدی ئەو شەوەین کاتێک داعش گەیشتە مەخموور، خەڵک ڕایاندەکرد و بارودۆخی ناو هەولێر شڵەژا، کەچی بارزانی باری نائاسایی جاڕ نەدا کە بەپێی بڕگەی هەشتەم لە ماددەی 10ی هەمان یاسا دەیتوانی بوونی داعش لە دووریی چەند کیلۆمەترێک لە باڵەخانەی پارلەمان بقۆزێتەوە بۆئەوەی زۆرینەی پەرلەمان مسۆگەر بکات و خۆی ببێتە حاکمی موتڵەق، هەر وەکو چۆن لە دوای کوشتنی سادات ساڵی 1981 موبارەک لە میسر کردی.

بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، چونکە هەم بارزانی مەبەستی ئەحکامی عورفی نەبوو هەم پەرلەمانیش لە دەستی سەرۆکێکی ئەمیندایە.

ترسی هەر سیاسی و ڕۆشنبیر و هاونیشتمانییەکی هۆشیار لە بارزانی نییە، بەڵکو لەو کەسەیە لە دوای ئەو دێت، مەرج نییە ئەوەی لە دوای بارزانی دێت دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆی بەکارنەهێنێ، بە پێچەوانەوە دەشێت بە خراپترین جۆر سوود لەو دەسەڵاتەی وەربگرێت.

پێویستە خەڵکی پارتی باش لەو پەیامە بگەن کە داواکردنی سیستەمی پەرلەمانی بۆ شکاندنی بارزانی و پەراوێزخستنی پارتی نییە، بۆ کەمبایەخکردنی مێژووی بارزانی نییە، سیستەمی پەرلەمانی بۆ زەلیلکردنی سەرۆک نییە لە بەردەم پەرلەمانتاران و بانگهێشتی ڕۆژانە بۆ موزایەدەی سیاسی.

بارزانی ئەگەر سەرۆکیش نەبێت پێگە و ڕۆڵی دەمێنێ، خۆ کوردستان ئەمریکا نییە سەرۆک بڕواتەوە زانکۆ وانە بڵێتەوە، بارزانی دەچێتە سەری ڕەش و دەبێتەوە بە فەرماندەی یەکەی 80 ، ئەوکات هەموو ڕۆژێ سەرۆکی نوێ لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە دەچنە لای و باسی شەڕی داعش دەکەن.

ئەمە واقیعێکی تاڵ و ناخۆشە کە لە کوردستان سیستەم نییە، ئەگەر هەبووایە دەبوو بڕیارەکانی بارزانی لە قەزای کۆیەی سەر بە پایتەختی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن.

بەهێزیی کەسایەتییە سیاسییە خاوەن ئەزموونەکان نەبەستراوەتەوە بە دەسەڵات و یاسا و دەستوور، خۆ تاڵەبانی لە بەغدا بەپێی دەستوور 10 دەسەڵاتی تەشریفاتیی زۆر کەمی هەبوو، کەچی هێندەی عەلی خەمنەیی ڕۆڵ و پێگەی هەبوو لە عێراقدا.

پێویستە ئەنتی پارتیەکانی پشت سنووری دێگەڵە باش هەزمی ئەو حاڵەتە بکەن کە دژایەتی بەردەوامی ئەوان بۆ پارتی و بنەماڵەی بارزانی خزمەت بە پێکەوەژیانی سیاسی و ئایندەی ئەم وڵاتە ناکات و دەستوورێکی دیموکراتی لێ نایەتە کایەوە، چونکە جگە لە ڕێگای پێکەوە ژیان هیچ ڕێگاچارەیەکیان نییە، هەموو میکانیزمەکانی دیکە بە شەڕی ناوخۆشەوە تاقیکراوەتەوە، هەم ئەوان مان هەم پارتیش.

بارزانی ئەگەر بە 10 ساڵ نەبێتە دیکتاتۆر بە 4 ساڵی دیکەش هەرگیز نابێتە دیکتاتۆر، بۆیە پرسی دەستوور نابێت (بۆ دوای تەمەنی بارزانی و نەوشیروان مستەفا) دوابخرێت، ئەگەر هێزەکان لە حزووری ئەو دوو سەرکردەیە نەگەنە ڕێککەوتن، بڕوا ناکەم وا بە ئاسانی سازان دروست ببێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



سوهێر قەیسی

# گیڤارا و گوگوش لە دژی تایفەگەری

**هیچ ئایینێکی خراپ نییە بەڵکو خەڵکی خراپ هەن .**
**هیچ خوایەکی زۆردار نییە بەڵکو خەڵکی زۆردار هەن ..**

لە زنجیرەی پرۆگرامکردنی عەقڵی عێراقیدا، وەک پێمگوتبوون، باسی کاریگەریی هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان دەکەم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەتایبەتیش عێراق. باسی کاریگەرییان دەکەم لەسەر پرۆگرامکردنی عەقڵەکانمان لەسەر رێبازێک کە ئەوەی بتەوێ لێی بەدەستبێنی، ئەوەش ئەستۆپاکیمان پێنادات، چونکە ئێمەش لێی بەرپرسین . ئێمەش بەرپرسین کاتێک لێدەگەڕێین خەڵکانێک عەقڵی ئێمە بە ئارەزووی خۆیان ئاراستە بکەن. لەبەشی دووەمدا باسی تایفەگەری دەکەم ، کە بۆ سوود و بە فیرعەونبوونی ئەو هێزانە بەکارهات .

ئایا چیرۆکی چێ گیڤارای پاڵەوانی ئەمریکای لاتینی خەڵکی ئەرژەنتین دەزانن؟ لەوانەیە من هاوبیر نەبم لەگەڵ بیباوەڕییەکەی ، بەڵام پێنووس و دەفتەرەکەم فرێدەدەم بۆ ئەوەی بەرێزەوە بەرامبەر کەسێکی ئەرژەنتینی کرنووش ببەم کە لەپێناو هەژاراندا شەڕی لەگەڵ یەک کیشوەری جیهاندا کرد. زۆر بەخۆشەویستییەوە بەرامبەر رۆحی ئەو پزیشکە دەوەستم کە بە ماتۆرسیکلە ساکارەکەی خۆی بەسەر جوتیاراندا دەگەڕا ، بۆ ئەوەی رەوشی جوتیارە هەژارەکان بزانێت و دوای ئەوەش هەموو گەنجێتی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و مامەڵەکردن لەگەڵ دوو زلهێزەکەی جیهان ، ئەمریکا و رووسیا بەسەربرد .

ئایا ئەو هیچ پرسیارێکی لەبارەی ئایینزای ئەو هەژارانە کرد ، پێش ئەوەی لەپێناویاندا راپەڕێت؟

ئایا مەرجی ئەوەی دانا شۆڕشەکەی لەپێناو کۆمۆنیستە هاوشێوەکانی بێت؟

نەخێر ، ژیانی خۆی کردە قوربانی مرۆڤایەتی ، گیانی خۆی کردە قوربانی هەژارەکانی ئەمریکای لاتین ، ئەوە پیاوێکی بەهێزە ، لەوە دڵنیایە کە پەیامەکەی جوانە ، کورسی و دەسەڵاتی خۆی وەک ریشی کەڵەباب بەسەر خەڵکدا شۆڕنەکردەوە ، بەڵکو پۆستێکی وەرگرت کە بەهۆیەوە یاسا بۆ یارمەتیدانی جوتیارە هەژارەکان دابنێت .

بەڵام لە بەغدای شارستانیەت دەبینی سیاسەتکار پشت بە ئایینزاکەی دەبەستێ ئینجا شیعە بێت یان سوننە ، زۆربەی کات ناتوانێ خۆی وەک رێبەرێکی نیشتمانی پێشکەش بکات و نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان ناکات ، سەر بە ئێرانە یانیش سەر بە وڵاتانی کەنداوە . یاریکردن لەسەر ئاوازی تایفەگەری بۆ ئەو بەسوودە ، بەڵام ئەوە لاوازییە و لاوازییەکی رەهایە .

هەر سیاسەتکارێک خۆی وەک نوێنەری ئایینزایەک پێشکەش بکات ، شایەنی رێبەرایەتیکردن نییە. هەر فەرماندەیەک خۆی وەک نوێنەری ئایین پێشکەش بکات نەک نوێنەری نیشتمان، تکایە با بڕوات.

ماندووبووین ، ئێستا دوو نەوەی هەشتاکان و نەوەتەکانمان هەن کە بەتەواوی بێکارن، لەسەر ئینتەرنێت دانیشتووە و تایفەگەری هەڵدەکێشێ ، یاریەکەی بەسەردا زاڵبووە و، وازی لە سەرکەوتن و ئاڵا و پرەنسیپەکان هێناوەو، پشتی بەو بیرە پیسە ماڵوێرانکارە بەستووە.

ئەو زانیاریەش دەکەمە دیاری بۆ عێراقییە گەنجەکان . ئێران دۆستێکی گیانی بەگیانی سعودیە بوو لە رۆژگاری شادا پێش ساڵی 1979 ، بەڵێ ئەوکات گوگوش، گۆرانیبێژی ئێرانی کە خۆشەویستی عێراق و کەنداو بوو، نە تایفی بوو نە بایەخی بە هیچ ئایینزایەک دەدا ، تاوەکو ئیمام خومەینی هات و ئیسلامی سیاسی بەکارهێناو لەسەر ئاوازی ئایینزایی خوێند ، ئینجا ئەوە روویدا کە روویدا . دوای ئەوە پەیوەندییەکان تێکچوون، گەڕاینەوە بۆ ململانێی بێزەنتیی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و ئەمەوی .

تۆ چ پەیوەندییەکت بەو ململانێیەوە هەیە؟ ئەوان نایانەوێ تۆ وەک کەسێکی ئازاد و زانا بژیت، نایانەوێ پێکەوە بژین، نایانەوێ شیعە لەگەڵ کورد و ئێزدی و مەسیحی و سابیئە بژیت .

خۆزگە فیدراڵی بەپێی ماناکانی جێبەجێ دەکرا، وەک ئەوەی لە ئیمارات و ئەمریکا هەیە . نەخێر ، مەبەست جێبەجێکردنی هەندێ ئەجێندە و سەپاندن و بەتاڵانبردنی خێروبێری وڵاتەکەیە .

بۆیە چارشێوی تایفی لابەرە، باوەڕیش بەوانە مەکە کە بەناوی ئایینزاوە قسە دەکەن ، هەستەوە ژیان جوانە، ئایندەی خۆت جوان بکە و لەگەڵ مندا بڵێ من عێراقم.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# نیشتمان بەرامبەر تەقینەوە

زۆر کەس تەقینەوەکەی هەفتەی رابردووی عەنکاوەیان قۆستەوە بۆئەوەی لۆمەی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان بکەن. هەندێک قسەخۆشیش لە سلێمانییەوە دەیانگوت "ئەگەر پێتانناپارێزرێت با ئێمە بێین!" ئەمە چیرۆکی ئەو کەرانەی بیرهێنامەوە کە زیانی خاوەنەکانیان پێ باشترە لە پشوودانی خۆیان. بەڵام ئەو پرسیارەشی هێنایە پێشەوە: دوای رووداوەکەی عەنکاوە، شوێنێک لە کوردستان ماوە مەترسیی تەقینەوەی لەسەر نەبێت؟

ئەوە دیارە کە ئەنجامدەری تەقینەوەکەی عەنکاوە کۆمەڵێک فاکتی بەباشی زانیوە. یەکەم: هیچ تەقینەوەیەک، ئەگەر زۆر بەهێزیش بێت، ناتوانێت زیان بە کونسوڵخانەی ئەمریکا بگەیەنێت، چونکە مەودای نێوان سەرشەقام و ئەو شوێنەی کونسوڵ و کارمەندانی کونسوڵخانەی لێن زۆرە و دیواری گەورەش لەنێوانیاندایە. دووەم: بارەگای پۆلیسی عەنکاوە بەردەوام پاسەوانی هەیە و هەر هێرشێک بۆ ئەو ناوچەیە بکرێت، زیانەکانی سنووردارەدەبن. سێیەم: ئەو کافێیەی کرایە ئامانج وەک بە ناوەکەیەوە دیارە سیمبۆلێکی سەرکەوتووی وەبەرهێنانی بیانییە لە کوردستان.

کەواتە بۆچی ئەو شوێنە بۆ تەقینەوە هەڵبژێردرا؟ بە تێگەیشتنی من لەبەر ئەم هۆیانە: یەکەم: ئەمریکا رێبەرایەتیی هاوپەیمانێتییەک دەکات لە شەڕی دژی داعش. لەو هاوپەیمانێتییەدا پێشمەرگە لەسەر ئەرز نوێنەرایەتیی ئەو هاوپەیمانێتییە جیهانییە دەکات. هەولێریش پایتەختی پلاندانان و دەرپەڕاندنی داعش لە کۆبانی و لە زۆر شوێنی کوردستان بووە. کاتێک لەبەردەم کۆنسوڵخانەی ئەمریکا لە ناوچەیەکی پارێزراو لەلایەن پێشمەرگەوە تەقینەوە رووبدات، پەیامێکی تێدایە کە پێویست بە روونکردنەوەی ناکات. دووەم: ئەنجامدەری تەقینەوەکە پێیان گرنگ نەبووە ژمارەی قوربانییان چەند دەبن، بەڵکو پێیان گرنگ بووە لۆکەیشنی تەقینەوەکە وابێت کە سەرنجی میدیای جیهانی بۆخۆی رابکێشێت. کە واشبوو و چەند چرکەیەک دوای تەقینەوەکە هەموو میدیای جیهان هاتنە سەر خەت. سێیەم: لەدوای رووخانی رژێمی سەددامەوە سیاسەتی راکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ کوردستان وایکرد ئەو هەولێرەی جاران تەنیا گڵکەندی هەبوو بۆئەوەی رووی تێبکەی، ببێتە شارێک هێندە بژارەی چوونە دەرەوەت زۆر بێت کە نەزانیت روو لە کامیان بکەیت. کافێ نێللی یەکێک بوو لەو شوێنانەی بەڵگەی بەرهەمداربوونی وەبەرهێنانی بیانی بوو لە کوردستان. ئەنجامدەری تەقینەوەکان ویستیان بڵێن "ئەوەی بەدەستتانهێناوە، مەرج نییە تا کۆتایی بمێنێتەوە بۆتان".

کاتێک لە ئیسرائیل بووم، ئێوارەیەک لە شەقامێکی ئۆرشەلیم پیاسەم دەکرد. هاورێ ئیسرائیلییەکانم کافێیەکی قەرەباڵخیان پێشاندام و گوتیان: "مانگێک بەر لە ئێستا ئێرە تەقێندرایەوە، بەڵام خاوەنەکەی چاکیکردەوە و لە جاران قەرەباڵخترە". پرسیارم کرد: "ئەو خەڵکە چۆن دەوێرن دیسان لە هەمان کافێ دانیشنەوە و وا قاقا لێبدەن؟" هەموویان پێکەنین و گوتیان: "لێرە خەڵک چیدیکە بیر لەوە ناکەنەوە کە کەی بەر تەقینەوە دەکەون". لە ئیسرائیل هێندە تەقینەوە زۆر روودەدەن کە زۆر کەس لە ماڵی خۆیان ماتۆڕیان کڕیوە و جانتایەکی پڕ لە کەرەستەی پزیشکییان پێیە بۆئەوەی ئەگەر لە ناوچەکەیاندا تەقینەوە روویدا، بەر لە ئامبولانسەکان بگەنە سەر قوربانییان و رزگارییان بکەن. ئەوێ وڵاتێکە بەردەوام خەڵک چاوەڕوانی تەقینەوە دەکات، بەڵام ژیان و خۆشیی خۆشی رانەگرتووە و لە هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست شادتر دەژیت.

بۆ کوردستانیش دەکرێ هەمان بیرکردنەوە راست بێت. ئەوانەی لۆمەی دەزگا ئەمنییەکان دەکەن، نابێ وەک رەجەبی ژێر دارهەنجیرەکە دانیشن و قسەی زل بکەن. دەبێ بزانین بەو دوژمنە ترسناکەی کوردستان هەیەتی و ئێستا شەڕی لەگەڵ دەکات، بەو هەموو ئاوارەیەی هاتوونەتە کوردستان، بەو ئەجێندا پڕ پیلانانەش کە دەوڵەتانی دراوسێ بۆ وڵاتە بچکۆلەکەمان دایانڕشتووە دەبێ چاوەڕوانی رووداوی ناخۆشتر لەوەی عەنکاوەش بین. بەڵام ئایا باشترە کۆڵبدەین یان وەکو ئیسرائیلییەکان سیاسەتی نیشتمان بەرامبەر تەقینەوە پەیڕەو بکەین؟



شاهۆ غەفوور ئەحمەد

# کارکردن بۆ دەستوور یان کارکردن بە دەستوور؟

ئەزموونی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە وڵاتان ئەوە دەردەخات کە ئامانج لە هاتنەکایەی دەستوور لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، وەک بەڵگەنامەیەکی نووسراو، بریتی بووە لە ئاشنابوونی تاکەکان و حوکمڕانەکان بە ماف و ئەرکەکانیان و دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی دامەزراوە فەرمییەکان و رێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای رێزگرتن و چاودێریی هەریەکەیان بەسەر ئەوی تریانەوە لەچوارچێوەی چەند دەقێکی روون و ئاشکرادا کە تێگەیشتن لێیان ئاسان بێت و بەهایەکی باڵایان هەبێت. بۆیە بوونی قەوارەیەکی سیاسی حوکمڕان لە هەر وڵاتێکدا پەیوەست نییە بە هەبوونی دەستوورەوە، بەڵکو دەستوور هێزی زیاتری پێدەبەخشێ.

دەکرێت لە وڵاتێکدا دەستوور نەبێت، بەڵام بەپێی چەند یاسایەکی ئاسایی هاووڵاتی و حوکمڕانەکان ئەرکی خۆیان بەجێبگەیێنن و پراکتیزەی ماف و ئازادیەکانیشیان بکەن، بەپێچەوانەشەوە دەکرێت لە وڵاتێکدا دەستوور هەبێت، بەڵام کەسانێک ماف و دەسەڵات قۆرخ بکەن و تەنها ئەو برگانە جێبەجێ بکەن کە دەسەڵاتیان بەهێزتر دەکات، بەڵام ئەو برگانەی کە ماف بە بەرامبەرەکانیان دەدات و سنوور بۆ قۆرخکاری و تاکڕەوییەکانیان دادەنێت پشتگوێیان بخەن و کاریان پێنەکەن (لە نموونەی وڵاتە عەرەبی و دیکتاتۆرەکانی تر).

کەواتە ئەوەی گرنگە لە بوونی بەڵگەنامەی دەستوور وەک تێکستێکی نووسراو، ئەوەیە کە بەندەکانی، بەو شێوەیەی کە بڵاوکراوەتەوە، بەسەر هەموو کەس و دامەزراوەکاندا جێبەجێ بکرێن، بە جۆرێک کە سەقامگیری و ئارامی و خۆشگوزەرانی بهێنێتە کایەوە، لەسایەیدا هەموو کەس و دامەزراوەیەک ماف و ئەرکی خۆی بزانێت نەک کەسانێک تەنها مومارەسەی دەسەڵات و مافەکانی خۆیان بکەن و بە پێودانگی حەزی خۆیان سنوور بۆ بەرامبەرەکانیان دابنێن. ئەمانە ئەو راستیەمان پێدەڵێن کە گرنگیی دەستوور لە رێکخستنی پراکتیکی ئەرک و ماف و دەسەڵاتەکاندا دەردەکەوێت.

لە ئێستادا هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان "سیاسی و ناسیاسی، شارەزا و ناشارەزا" قسەوباس لەسەر دەستوور دەکەن، هەرچەندە دەبوو کوردستان زۆر زووتر لە ئێستا دەستووری تایبەت بەخۆی هەبێت چونکە گرنگیی زۆری هەیە لە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت، ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بەدامەزراوەکردنی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دانانی دەستوور دوا ئامانج بێت و پێمانوابێت کە بە بوونی دەستوور هەرچی کێشە و نا دادپەروەری و ململانێ نادروستەکانە کۆتاییان دێت و مەترسیەکان بە تەواوی دەڕەوێنەوە، بەڵکو لێرەوە گرەوەکان دەستپێدەکەن.

لە کوردستان کۆمەڵێک یاسا هەن کە تاڕادەیەک بۆشاییە گەورەکەی دەستووریان پڕکردۆتەوە، هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێم یاسای تایبەتیان بۆ دانراوە، ماف و ئازادییەکانیش بەجۆرێک رێکخراون. لەڕاستیدا خودی دەستووریش هەر ئەم رۆڵەی دەبێت بە شێوەیەکی فراوانتر و جێگیرتر. بۆیە نابێت هێنانەکایەی دەستوور بکرێت بە ئامانجی سەرەکی، بەڵکو پێویستە دەستوور بکرێتە ئامرازێک بۆ هێنانەدی خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و دانانی بەردێکی پتەوی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ئەوەی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان گرنگە، ئەوەیە کە دەستوورێکی هاوچەرخ و مەدەنی دابنرێت، شکۆی هاووڵاتی تیایدا پارێزراوبێت، سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دادگا بەدی بێنێت، رێگە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بگرێت، سنووری دەسەڵاتەکان و چوارچێوەی ماف و ئەرکەکان تیایدا روون و ئاشکرابن، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لە داهاتوودا کاری پێبکرێت، چونکە هۆکاری هەرەزۆری قەیران و کێشەکانی کوردستان جێبەجێنەکردنی یاسایە نەک نەبوونی یاسا. بۆیە ئەگەر کارکردن بۆ دەستوور گرنگ بێت، ئەوە زۆر گرنگتر لەمە کارکردنە بە دەستوور لە داهاتوودا.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# لەبارەی جینۆسایدی ئەرمەن

نزیکبوونەوەی یادی جینۆسایدی ئەرمەن کۆمەڵێک بۆنە و یادهێنانەوەی هێناوەتە ئارا. ئەو پرۆسەیەی کە چەند ساڵێکی خایاند، رۆژی 24ی نیسانی 1915 یەکێک بوو لە رۆژە سەرەکییەکانی پرۆسەکە. لەو رۆژەدا دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نزیکەی 200 سەرکردەی ئەرمەنەکانیان لە ئیستەنبوڵ دەستگیرکرد و بۆ ناوەڕاستی ئاناتۆلیایان راگواستن و دواتر زۆربەیان لەوێ کوشتن. ئەو رووداوە ئاماژەبوو بۆ گۆڕانکارییەک لە بێ متمانەیی و جیاکاری و سەرکوتکردن و جار جاریش کوشتن و کۆمەڵکوژکردنی ئەرمەنەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. لە کاتی ناسەقامگیری و شەڕدا، ئەو کەمینانەی کە گومانی هەماهەنگییان لەگەڵ دوژمن لێ دەکرێت، وەکو ئەرمەنەکان، رووبەڕووی ناسۆری لەو شێوەیە دەبنەوە.

بەڵام رووداوەکانی 24ی نیسان ئاماژە بوو بۆ هەوڵێکی تازەی سیستماتیکی لەناوبردنی تەواوی ئەرمەنەکان لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەوە. سەرکردە ئەرمەنەکانی ئیستەنبوڵ چەکیان نەبوو، بەشداری راپەڕینی دژی دەوڵەتی عوسمانیشیان نەکردبوو. بەڵام هێشتا هەر راگوازران و کوژران. لەهەمان کاتدا، لەوپەڕی ئیمپراتۆریەتەکەوە و لەناوچەی وان راپەڕینی ئەرمەنەکان هەڵگیرسا و بە وتەی ئەرمەنەکان خۆیان راپەڕینەکەیان کاردانەوە بوو بەرامبەر نایەکسانی و سەرکوتکردن لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە. دواتر ئەو راپەڕینە بووە هۆی ئەوەی کە شارەکە لەلایەن عوسمانیەکانەوە ئابڵوقە بدرێت و هەموو کریستیانەکانی رۆژهەڵاتی ئاناتۆلیا بکرێنە ئامانج. سەدان هەزار پیاو و ژن و منداڵی ئەرمەنی بەزۆر دەرکران، بێ هیچ پارێزگارییەک و رووبەڕووی هێرشی هۆزە کوردەکان بوونەوە. ئەرمەنەکان سەدان میل رێگەیان بەرەو ناوچەی دێرئەلزور، شارێکی تەپوتۆزاوی لە رۆژهەڵاتی سووریا گرتەبەر. ئەو شارەی کە بە ئەستەم دەیتوانی خۆراکی پێویست بۆ دانیشتووانەکەی خۆی پەیدا بکات. تەنیا نزیکەی 15 هەزار کەس لەو رێڕەوە و دواتر قاتوقڕی و کەم خۆراکی، بە زیندوویی دەرباز بوون.

دوا ئاماری کوشتارەکە لەلایەن سەرچاوە تورکیەکانەوە جێی مشتومڕە. هەندێکیان بە نزیکەی 500 هەزار کوژراوی ئەرمەنی ئەژماری دەکەن (ئەو ژمارەیە نزیکەی ژمارەی ئەو موسڵمانانەیە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا مردن). بەڵام سەرچاوە ئەوروپیەکان ژمارەکە بە لای کەمەوە بە یەک ملیۆن لەقەڵەم دەدەن، لە نێوان ساڵەکانی 1915-1916دا.

پێش 1915 نزیکەی دوو ملیۆن ئەرمەن لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا دەژیان، ساڵی 1917 تەنیا 400 هەزاریان مانەوە. ئەوانەش زۆربەیان لە ئیستەنبوڵ و بەشە ئەوروپاییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون. ئەو ژمارەیەش لە ساڵانی دواتردا رووی لە کەمبوونەوە کرد.

ئەمڕۆ، تورکیا بەتەواوەتی نکۆڵی لە وشەی "جینۆساید" دەکات بۆ ناوهێنانی ئەو رووداوە. ئانکەرە دەڵێت، ئەرمەنەکان و زۆر موسڵمانیش لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا مردن. ئەوان دەڵێن عوسمانییەکان هیچ پلانێکی رێکخراویان بۆ لەناوبردنی ئەرمەن نەبووە. کاتێک لەم هەفتەیەدا پاپا فرانسیس وشەی جینۆسایدی بۆ ئاماژەکردن بە رووداوەکە بەکارهێنا، سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەحمەد داودئۆغلو خێرا کاردانەوەی نواند و رایگەیاند کە پاپا پەیوەندی بە "بەرەی شەڕەنگێزانەوە" کردووە لە دژی تورکیا و ئەوە هەوڵێکە بۆ رووخاندنی حکومەتی تورکیا.

من وەکو گۆشەنووسێک مێژوونووس نیم و لەو پۆستەدا نیم کە مەسەلەیەکی مێژوویی ئاوا یەکلایی بکەمەوە. ئەم گۆشەیە تەنها بۆچوونی خۆمە. بەڵام من کە چەندجار چوومەتە رۆژهەڵاتی تورکیا، هەرگیز ناتوانم حەزی پرسیارکردنی خۆم کپ بکەم لەم رووەوە.

"ئەگەر ئەمە جینۆساید نەبوو، ئەی ئەو هەموو کریستیانەی کە رۆژێک لە رۆژان لە پارێزگایەکی وەکو پارێزگای وان دەژیان، ئێستا لە کوێن؟"

ئێستا ئێمە، ئەوەی کە ئەمریکا و کەنەدا بەرامبەر بە خەڵکی رەسەنی ئەو دوو وڵاتە کردیان بە جینۆساید ناودەبەین. بەڵام هێشتا، زۆر ئاسانترە خەڵکانی رەسەنی سەر بە هۆزەکانی ئیراکۆیس و چیرۆکی، ناڤاهۆ و هۆزەکانی تر بدۆزیتەوە لە ئەمریکا و کەنەدا، وەکو لەوەی ئەرمەنی و ئاشووری و ناستۆری لە ئاناتۆلیا بدۆزیتەوە.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەدەی پانزدە و شازدە لە لووتکەدا بوو، دەیتوانی چەندین گرووپی جیاواز لەخۆبگرێت و لێبوردەییان بەرامبەر نیشان بدات، تەنانەت ئەو جووانەی کە لەدەستی سەرکوتکردنی ئیسپانیا رایاندەکرد، دەیگرتنە خۆ. بەڵام هەمان ئیمپراتۆریەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئیمپراتۆریەتێکی لاواز و بێ هیوا بوو. هەموو کەس و شوێنێکی لێ ببووە دوژمن، لەوانەش سەدان هەزار گوندنشینی مەدەنی بێ زیانی کریستیان کە سەدەهای ساڵ لە گوندەکانی خۆیاندا دەژیان. ئەوان جگە لەوەی کە ژیانی ئاسایی خۆیان بژین، هیچی تریان نەدەویست و خۆیان لەو سیاسەتە مەترسیدارەی هەندێک لەو کەسانەی سەر بە گرووپەکەیان دوور دەخستەوە، بۆ ئەوەی خۆیان لە مەترسی لابدەن.

شارەزای بواری جینۆساید، هێلەن فەین، چوار هۆکاری هاندانی جینۆساید دەستنیشان دەکات. هەموو ئەو هۆکارانەش لە کاتی لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەئارادابوون. ئیمپراتۆریەتەکە لەو کاتەدا، تازە سەرکردەکانی خۆیان شارەزای بیری ناسیۆنالیزم و یەکڕەگەزیی ئەوروپی دەکرد. چوار هۆکارە هاندەرەکە ئەمانەن: لەناوبردنی هەڕەشەی جددی یان هەڕەشەی گریمانەکراو. بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین لە دڵی دوژمندا یان ئەوانەی کە ئەگەری دوژمنبوونیان هەیە. بەدەستهێنانی سەرمایەی ئابووری، یان سەپاندنی بڕوا و ئایدیۆلۆژیا.

بەداخەوە تا ئەمڕۆش هەمان ئەو هۆکارانە هێشتا لە ئارادان. هەروەکو چۆن ئێزیدییەکان بینییان، چۆن کریستیانە عێراقی و سوورییەکان لە چنگی دەوڵەتی ئیسلامی هەڵدێن ، مانگێک بەسەر یادی هەڵەبجە و ئەنفالی کوردیشدا تێپەڕیوە.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# بنیاتنانی ئاسۆ

کوردستان یەکێک لە قورسترین قۆناغەکانی دەژی. یەکەم جارە "کوردستان" وەک کیانێکی سیاسی رووبەڕووی چاڵنج دەبێتەوە. پێشتر کورد وەک گەل رووبەڕووی غەزوو دەبووەوە. ئەمڕۆ ئەزموونی سیاسی و دەسەڵاتداری کوردی لەژێر مەترسیدایە.

سەرکەوتن بەسەر ئەم تەحەددایەدا دەبێتە هەوێنی هەڵهاتنی خۆری نەتەوەی کورد. دۆڕانیش، خۆری کوردستان بۆ سەد ساڵی دیکە خامۆش دەکات. لەم دووڕیانە سەختەدا ئەرکی کورد بنیاتنانی ئاسۆیەکە کە خۆری لێوە هەڵبێت.

نابێت چیدی چاوەڕێی ئاسۆی خەڵکانی دیکە بین، هەتا خۆری ئێمەی لێوە هەڵبێت. دەبێت خۆمان ئاسۆ و ئاسمانی خۆمان بخوڵقێنین. لەم گۆشە "ئاسۆییە"وە، هەوڵ دەدەم، باسی بنیاتنانی ئاسۆیەک بۆ نەتەوەبوون و دروستکردنی نیشتیمان و دەوڵەت بکەم.

لە یەکەم نووسینیشمدا لەم گۆشەیە دەمەوێت سەرنجتان رابکێشم بۆ کەموکوڕییەک کە هەموو تیایدا بەشدارین، لەگەڵ چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردنی.

لە چەند هاودیتنێکمدا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی جیهانی، بینیم کەسیان ئاگایان لەو پێشمەرگانە نییە کە داعش سەرییبڕین. بەڵام هەموویان ئاشنابوون بە سووتاندنی فڕۆکەوانە ئوردنییەکە. ئەمە یەک لێکدانەوەی هەیە: "ئێمە نەمانتوانیەوە خۆمان بە جیهان بناسێنین".

با چاوێک بخشێنین بە مێژووی دوو پێکهاتەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. یەکەمیان جووەکانی ئیسرائیل، دووەمیان ئەرمەنەکان. تایبەتمەندیی هاوبەشی ئەم دوو گەلە ئەوەیە کە توانایەکی زۆر بەهێزیان هەیە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر رای گشتی جیهانی.

لەم رۆژانەدا کە یادی 100 ساڵەی کۆکوژیی ئەرمەنەکان نزیکبووەتەوە، هەموو چالاکییەکانی ئەرمەنەکانی تاراوگە دەبینین. لە ئەنجامی لۆبیکاری ئەرمەنەکان، قەداسەتی پاپا وشەی "جینۆساید"ی بەکارهێنا بۆ کۆکوژییەکە، یەکێتی ئەورووپا پرۆژە بڕیارێکی پەسەندکرد بۆ بە "جینۆساید" ناساندنی. هەمووش چاوەڕێین بزانین ئۆباما 24 ی نیسان چی دەڵێت و چ وشەیەک بەکاردەهێنێت.

هەمووش بینیمان کە بنیامین ناتانیاهوو سەرەتای مانگی رابردوو، لە کاتی پێشکەشکردنی وتاردا لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا، چۆن گەرموگوڕتر لە هەر سەرۆکێکی ئەو وڵاتە، پێشوازی لێکرا. جگە لەو پشتگیری و هاوکارییە بێمەرجەی جیهان هەیەتی بۆ ئیسرائیل.

لێرەدا چەند پێشنیازێک دەخەمەروو سەبارەت بە بنیاتنانی نێتوۆرکێکی جیهانی بۆ پشتگیری لە کوردستان.

یەکەمیان کاراکردنی کوردەکانی دەرەوەیە بۆ ناساندنی کورد و دروستکردنی دۆست بۆ کوردستان. پێویستە حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتییەک لە ئیسرائیل بکاتەوە و کار لەسەر کوردەکانی ئەو وڵاتە بکات. لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتە کاریگەرەکانی دیکەش دەبێت پردی پەیوەندی دروست بکەین. خوێندنگەی کوردی بکەینەوە لەو وڵاتانە. گەنجەکانیان رابکێشین بۆ کوردستان و گەنجەکانمان بنێرین بۆ ئەو وڵاتانە.

دووەم هەنگاو دامەزراندنی راگەیاندنێکی کوردییە، کە بە زمانە بیانییەکان موخاتەبەی جیهان بکات. لە بری ئەو ملیۆنەها دۆلارە کە لە نێوخۆدا خەرج دەکرێت بۆ راگەیاندنە ئیفلیجەکان بۆ شەڕە جنێو و حیزب حیزبێنە، پرۆژەیەکی نیشتیمانی بنیادبنێن بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان لەڕێگەی میدیاوە.

سێیەم پێشنیاز پەیوەندی بەو خوێندکارانەوە هەیە کە دەنێردرێن بۆ دەرەوە بەمەبەستی خوێندن. دەبێت سوودوەرگرتن لەم گەنجانە وەک باڵیۆزێکی خۆبەخش بکرێت بە بەشێک لە ئامانجەکانی بەرنامەی تواناسازی. پێویستە پێداچوونەوە بۆ شێوازی هەڵبژاردنی خوێندکاراندا بکرێت، بەشێوەیەک کە کەسانێک لە ئاستی بەرپرسیارێتی نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەیەک بنێردرێن بۆ وڵاتان.

دوایین پێشنیاز، ئاوێتەکردنی ئابووری کوردستانە لەگەڵ جیهان. گەورەترین پاڵپشت بۆ کاریگەری جووەکان لەسەر رای گشتیی ئەمریکا توانای ئابوورییانە لەو وڵاتە. سەرمایەگوزاری راستەقینە بۆ ئایندەی کوردستان بردنە دەرەوەی بەشێک لە سەرمایەی کوردییە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو بۆ ئەمریکا. سەرمایەگوزارییەک کە لەلایەکەوە پارە بهێنێتەوە بۆ کوردستان، لەلایەکی دیکەشەوە بمانکات بە خاوەن قسە لە هاوکێشە ئابوورییەکانی جیهاندا.

هەموو ئەم پێشنیازانە پرۆژەی درێژخایەنن و پێویستیان بەوە هەیە کە ئەمڕۆ بە ئاسۆیەکی فراوانەوە هەنگاویان بۆ بنێین و چاو ببڕینە داهاتوو بۆ چنینەوەی بەرهەمەکەی.

ئاسۆ

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



دڵنیا قەرەداخی:

## خەڵکی میسر سەرسامن بە پێشمەرگە

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net